## میلان کۆندێرا

# کلیلداران



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

## میلان کۆندێرا


# کلیلداران

شانۆگەری


## وەرگێڕانی: ئازا حەسیب قەرەداغی





ناوی کتێب: کلیلداران
شانۆگەرییەکە لە نووسینی: میلان کۆندێرا
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: سەلیم ئەلجەزایری
وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئازا حەسیب قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٩٤
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەممەد زادە
پیت لێدان: دلاوەر صادق ئەمین
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٤٣٤)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

# کلیلداران

## کلیلی وروووژاندنی پرسیارە کۆتایی نەهاتووەکان

### ئازا حەسیب قەرەداغی

ڕۆژێک کە بەسەردان و کار لەلای هاوڕێی خۆشەویستم "موفید ئەلجەزایری" بووم، ئەم کتێبەی نیشاندام کە "سەلیم ئەلجەزایری" برای وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی... پێشیگوتم کە ئەمە تەنها دانەیەکە بەدەستی گەییوە، ئەگەر خوێندمەوە و بەلامەوە سەرنج ڕاکێش بوو، ئەوە کارێکی باش دەکەم بیر لە تەرجەمە کردنی بکەمەوە بۆ زمانی کوردی.

"میلان کۆندێرا" بۆ من ناوێکی نەناسراو نەبوو، بەڵام هەرچی زیاترە وەک ڕۆماننووسێ، وەلێ ناوی بە بەرگی شانۆگەرییەکی یەک پەردەییەوە ببینمەوە، جێی سەرنجم بوو... بەهەر حاڵ کە ماڵئاواییم لە ئەلجەزایری کرد، لە شەقلاوەوە تا گەیشتمەوە هەولێر، سەرەتا بۆ خوێندنەوەیەکی ئاسایی دەستم دایە کتێبەکە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕیتمی ئەوەڵێنی ئەم شانۆگەرییە خۆی لە خۆیدا زۆر بەپەلەیە و، هەر زوو دەیقەومێنێ، بۆیە منیش زوو تێوەگلام و، خوێندنەوەکەم بووە جددییات و، دەستم ئالۆسکا بەسەری گلۆڵەکەوە.

کە لە خوێندنەوەی ئەم شانۆنامەیە بوومەوە، ئەوسا زانیم کە "میلان کۆندێرا" منی ڕووبەڕووی ژمارەیەک پرسیار کردۆتەوە و، ئەگەرەکانی وەڵام دانەوەشیان فەزایەکی کراوەیە.

***

ئاخۆ کلیل یەک مانای هەیە؟! بڵێی کلیل ئەو پارچە کانزایە بێ کە هەموومان دانەیەکمان هەیە و، یان بەقەدمانەوە هەڵمانواسیوە... یان خستوومانەتە گیرفانمانەوە و، زووزووش دەستی بۆ دەکوتین تا دڵنیا بین کە پێمان ماوە و بزرمان نەکردووە؟!

کلیل ئەو پارچە کانزایەیە کە لە کێلوونی دەرگا داخراوەکانی ڕا دەکەین



و دەیانکەینەوە... یان بەپێچەوانەوە دەرگا کراوەکانی پێ دادەخەین...؟! ئەگەر کلیل هەر ئەو کانزایە بێ، ئەدی ئەو گوزارشتە چییە کە دەڵێ: کلیلی دەروونی مرۆڤەکان... کلیلی چارەسەرە سیاسییەکان... کلیلی دەرگا داخراوەکانی ئەم سەردەمە و نهێنییەکانی ڕابردوو؟ ئەگەر کلیل خۆی بۆ خۆی مانادار بێ، ئەدی بۆچی بەبێ دەرگای کراواو داخراو ناچێتە ڕستەی بەسوودەوە؟!

مەگەر لێرە بەدواوە نابێ پرسیار دەربارەی دەرگاکانیش بکەین... واتە دەرگا تەنها هەڵگری ئەو مانایانەیە کە ژیانی ڕۆژانە بەئێمەی بەخشیوە؟! ئەو ڕووبەرە تەختەیەیە... یان ئاسنەیە کە ژوورەکان لە یەکتر و، ماڵەکان لەیەکتر جیا دەکاتەوە و، تەحەکووم بەپەیوەندی ئێمەوە دەکات لەگەڵ دراوسێکانمان... یان بەسەریاندا دەکرێتەوە... یان بەسەریاندا دادەخرێ؟! هەڵبەت بەکردنەوەی، یان بەداخرانی دەرگاکان تەئویلی خەڵک لە بارەی ئێمەوە دروست دەبێ... ئەگەر کراوە بێ پێمان دەڵێن ماڵێکی خزم و دراوسێ دۆستن و، لە کوردەواریشدا وا گوزارشتی لێ کراوە کە «لە ماڵی خۆی ناترسێ» کە داخراویش بێ پێمان دەگووترێ: حەزیان بەهاموشۆ نییە و لە ماڵی خۆیان دەترسێن.

دەرگاکان هەر ئەو کەرەستانەن کە لە ماڵەکانماندا هەن... یان کەرەستەیەکیشن لە دەروونی ئێمەدا بەسەر ئەوانی تردا دەکرێنەوە، یان دادەخرێن؟ کەرەستەیەکن لە مێژووماندا، بەسەر ڕەهەندە زەمەنییەکانی «ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو»ماندا دەکرێنەوە یان دادەخرێن؟... ئێمە خۆمان چەندێ ئیرادەمان لە پرۆسەی کردنەوە و داخستنی دەرگاکاندا هەیە؟ مەگەر ئەو کاتانەی لە زینداندایین حەز ناکەین هەموو دەرگاکان بکرێنەوە؟ مەگەر ئەو کاتانەش کە ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ژەهراوی و پیس دەبن، حەزناکەین هەموو دەرگاکان لەسەر خۆمان دابخەین...؟ ئەدی ئەوە ئێمە نین کە سەرخەوێ دەشکێنین تا ماندوویێتیمان بحەسێتەوە، کەچی لە حەوانەوەی خۆمان دڵنیا نابین تاکوو هەموو دەرگاکان دانەخەین...؟ ئەوە ئێمەی مرۆڤ نین لە یەک کاتدا لە «کرانەوە» و «داخراوەیی» دەترسێین؟!

ئەی کە قسە هاتە سەر ترس، ژمارەیەک پرسیار لە بارەی ترسیشەوە ناورووژێ... مەگەر لە مێژەوە ڕەوابوون و ڕەوانەبوونی ترس بابەتێک نەبووە بۆ لێکۆڵینەوە؟! مەگەر لە سەرەتای خەلقەوە ترس کەرەستەیەکی دەروونی نەبووە بۆ تۆقاندنی مرۆڤ و مل پێ کەچ کردنی؟! مەگەر ترس نییە بۆتە چاوگی زمانەوانی و کردەوەیی «ترساندن» ؟ ئەی ئەوە ترساندن نییە ڕەهەندێکی ئایینی وەرگرتووە و ڕۆچۆتە ناخی هەموومانەوە؟ ئەی لە دوای دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکانەوە ترساندن نەبۆتە میکانزمێک بۆ هێشتنەوەی ئەو دابەشبوونە؟ داخوا ترساندن سەرەتای پیلانی تۆقاندن و ئیرهاب نییە کە ئەمڕۆ ئامڕازی سڕینەوەی جیاوازییەکان و چەشنەکانی ترە؟ ئەی ئەوە ترساندن نییە کە پەیوەندییەک لە نێوان من و تۆدا دروست دەکات کەسمان ئەویترمان خۆش نەوێ، بەڵکو یەکێکمان ئەویترمان دەترسێنێ و زاڵ دەبێ بەسەریدا... ئەویتریشمان بەردەوام ڕقی لەوی ترە و هەموو جارێ کە دەیبینێ یەک تەمەننا دەکات ئەویش ئەوەیە کە بیکوژێ؟!

ئەدی خۆشەویستی و ڕق دوو بابەتی سەرسوڕهێنەر نین لە دیرۆکی مرۆڤایەتیدا؟ مەگەر ئەو دووانە قابیل و هابیلی یەکترنین؟ یەکێکیان بەهەشت و ئەویتر دۆزەخ نییە؟ یەکێکیان فریشتە و ئەویتر ئیبلیس نییە؟ یەکێکیان ژیان و ئەویتر مەرگ... یەکێکیان مرۆڤ... ئەویتریش هەر مرۆڤ نییە؟

ئەدی مرۆڤ خۆی پرۆژەی هەزاران هەزار پرسیار نییە؟!

***

«یان ڕۆنزر»ی ڕەخنەگر، لە بابەتێکدا بەناونیشانی «کلیلداران – ژمارەیەک بەهای ئەدەبی و فەلسەفیی» نووسیویەتی: بەپێی ڕاستییە بەرچاوەکان «کلیلداران» شانۆگەرییەکی یەک پەردەییە. لە دیدی بینەریشەوە، شانۆگەری یەک پەردەیی واتە بینینی شانۆگەرییەک بەبێ پشوو. وەلێ لە ڕوانگەی دراماوە، ئەم جۆرە شانۆگەرییە، واتە بەدوای یەکتردا هاتنی ڕووداوێکی ڕوون و پێکەوە گرێدراوی وا کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی نەپسێت. هێشتنەوە و پاراستنی یەکەکانی کات و شوێن و ڕووداو



لە چوارچێوە واقیعییەکەی شانۆگەرییەکەدا ئەو نەپساوەیییە بەرهەم دەهێنێت. لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەندەی پەیوەندی بەم شانۆگەرییەوە هەبێت، ئەم سەرنجە ڕاگوزەرە شتێکی ئەوتۆ ناگەیەنێت... تۆ بلێیی، جگە لەم چەشنە، شانۆگەری یەک پەردەیی دیکە نەبێت کە تایبەتمەندیی خۆی هەبێت؟

بەبۆچوونی لێکۆڵەرەوەی درامایی سویسرایی «پیتەر سازۆندی» شانۆگەری یەک پەردەیی: هەمیشە یەک حاڵەتی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت. ئەو حاڵەتەی دەکەوێتە پێش ڕوودانی کارەساتەکەوە و، هەر دوابەدوای هەڵدانەوەی پەردە یەکسەر بەرپا دەبێ. ڕوودانی ئەو کارەساتە هاتووەش حەتمی و بێ چەندوچوونە، بۆیە نە دەتوانرێت ڕاگیرێت، نە دەتوانرێت خۆ لێ بپارێزرێت. بەم هۆیەشەوە لێرەدا ململانێ ناگاتە ئاستی ململانێیەکی تراجیدی لەگەڵ قەدەردا. «بەواتایەکی دیکە، ململانێ لەم چەشنە شانۆگەرییانەدا ململانێیە لەدژی ئەو فشارە دەرەکییە حەتمییانەی پەیوەندیدارن بەو جۆرە ڕەوتی ڕووداوانەوە، بەم پێیەش مرۆڤ ناتوانێت ئازادی خودی خۆی ڕووبەڕوو بکاتەوە لەگەڵ ئەو جۆرە قەدەرەدا.

لەسەر ئەو بناغانە، لە شانۆگەری یەک پەردەییدا «حاڵەت»ێکی کردەیی تەئکیدکراو بەرپا دەبێ، ئێمە لەلای خۆمانەوە لە پەرچەکرداری کارەکتەرەکان بەرامبەر ئەو حاڵەتە ورد دەبینەوە. کە دەڵێین پەرچەکردار چونکە ئەو «حاڵەت»ە یەکجارەکی بەسەر کارەکتەرەکاندا زاڵ دەبێت و دەیانچەوسێنێتەوە و دەیانخاتە ژێر ڕەحمەتی خۆیەوە. بەو جۆرەش کردارەکانی ئەو کارەکتەرە دیاری دەکات و، هیچیان بۆ ناهێڵێتەوە جگە لەوەی پەرچەکردار بنوێنن.

با نموونەیەک لەم بارەیەوە بهێنینەوە: تاشە بەردێکی گەورە لە چیایەکەوە بەردەبێتەوە بەسەر ژمارەیەک گەشتیاردا... لەو ساتەدا کە هەر یەکێک لەم گەشتیارانە تاشە بەردە گلۆربۆوەکە دەبینن کاردانەوەی جیاجیایان دەبێت. لەوانەیە یەکێکیان لەترساندا لە جێی خۆی سڕ ببێت... لەوانەیە یەکێکی دیکە بەبێ بیرکردنەوە ڕا بکات بەرەو ئەو جێیە کە

بەردەکانی لێ دەکەونە خوارەوە... لەوانەیە هەشبن درەنگ بەم دارِمانە بزانن، هەڵبەت هەشن بروسکەئاسا دێنە دەست و خێرا لەو جێیە دوور دەکەونەوە کە بەردەکانی بۆ گلۆر دەبێتەوە و خۆیان ڕزگار دەکەن. پەرچەکرداری هەریەکێک لەم گەشتیارانە جیاوازە و پەیوەندی بەپێکهاتەی سایکۆلۆجی کەسەکەوە هەیە، بەڵام هیچ کامیان ئازادانە بڕیاری خۆی نەداوە... واتە هیچ کەسێکیان دەرفەتی هەڵبژاردنی ئازادانەی نەبووە، بەڵکو بەو جۆرە ڕەفتاری نواندووە کە پێکهاتەی خۆی دیاری دەکات.

لەسەرەتای شانۆگەری «کلیلداران»دا زەنگی تەلەفۆن لێدەدات. بەلێدانی ئەم زەنگە ئیتر ڕەوشی هەموو کارەکتەرەکانی ناو شانۆگەرییەکە دەگۆڕێت، گۆڕانێک کە بەئیرادەی خۆیان نییە «تەنانەت هەندێ لە کارەکتەرەکان تا شانۆگەرییەکەش تەواو دەبێ لەو ڕووداوە کتوپڕە بێ ئاگان کە ڕووی داوە». یان دەکرێ بڵێین گۆڕانێکە بەڕەغمی ئیرادەی ئەمان «کەسیان حەزیان بەوە نەبووە کە ڕەوتی ڕووداوەکان بەو ئاڕاستەیەدا بڕوات کە زەنگی تەلەفۆنەکە دیاری کرد».

حیبکەی شانۆگەرییەکەش- هەرچەندە هەندێ لە ڕەخنەگران کە شانۆگەرییەکەیان شی کردۆتەوە بایەخی تەواویان پێ نەداوە- پێکهاتەیەکی ناوخۆیی هەیە کە بە ئەنقەست وا دارِێژراوە دەرفەت نادا بەهیچ کارەکتەرێکیان کارێک بکات جیاواز لەوەی بۆی دارِێژراوە، یان بڕیارێک بدات بەئاڕاستەیەکی جیا لە ئاڕاستەی دارِێژراو.

بەم پێیە، حیبکەی درامییانەی ناو ئەم جۆرە شانۆگەرییە یەک پەردەییانە دەبێت حیبکەیەکی تێهەڵکێش بێت، وای لێ بکات «شانۆگەرییەکی بونیاد تۆکمە»ی وا بێت کە خەیار، یان توانستی هەڵبژاردنی ئازادانە بۆ هیچ کارەکتەرێکی نەهێڵێتەوە.

لەسەرەتای شانۆگەرییەکەدا «لە پەنجەرە کراوەکەوە دەنگی مۆسیقایەک دێت کە بە زوڕنا و تەپڵ لێدەدرێت».

دەنگی ئەم زوڕنا و تەپڵانە هەر لە سەرەتای شانۆگەرییەکەوە، کاتێکمان بۆ دیاری دەکات کە دەورانی داگیرکاریی نازیزمە.



یێرجی کە جارناجارێک قسەکانی ناو ژووری دووەم دەبڕێت، دەڵێت:

– جیهان ئاسوودەییمان لێ تێک دەدات!

– ئەوەی جێی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە جیهان وەک چرا وایە دەتوانین بیکوژێنینەوە!

– ئەوەندە بەسە کە پەنجەرەکە و چاومان دابخەین.

– خەوتن خۆشترین خۆشییەکانە. من بایەخ بەکەس نادەم، جا هەر کەسێک بێت... بەڵام خەوتن... پادشایە! جێی نیگەرانیشە کە مرۆ دەخەوێت هەست بەمە ناکات. بەو پێیە بێ ڕۆژانی یەکشەممە بەلای منەوە بەبارتەقای هەموو شتێکە... مرۆ لەم ڕۆژەدا زۆر بەهێمنی خۆی دەدات بەدەستەوە و دەخەوێت... هەرچەند بەخەبەریش دێتەوە هەر واهەست دەکات کە دەنوێتەوە.

پاشان یێرجی پەنجەرەکە پێوەدەدات و تەماشای ژنەکەی دەکات کە خەریکی جل گۆڕینە و، دەڵێت: ئەگەر خەوتن پادشا بێت، ئەوا ئەم جەستەیە سیزاری ڕۆمایە، بینینی سیزاری ڕۆماش کە دەلەرێتەوە....

لەم ساتەوەختەدا ئێلینا لە جل گۆڕین بۆتەوە و، زەنگی تەلەفۆنەکە لێدەدات. بەلێدانی ئەم زەنگە ئیتر دەورانی ناساندنی کەسایەتی یێرجی تەواو دەبێت «هەروەها ناساندنی کەسایەتی ئێلینا و کارەکتەرەکانی دیکەش کە لە ژووری دووەمدان...» لێرە بە دوواوە قۆناغی ڕووداوە خۆییەکان دەست پێدەکات.

هەر لە وشەکانی یەکەمییەوە کاردانەوەکانی یێرجی دیاری دەدەن بەرامبەر حاڵەتێکی کردەیی واقیعی: کە ڕۆژی یەکشەممەیە و... ئەم حەزی لێیە بخەوێ، بەڵام دەنگەدەنگی زوڕنا و تەپڵ لێ ناگەڕێن بنوێت. بۆیە ئەوەتا حەزی زۆری بۆ ژنە گەنجەکەی ڕادەگەیەنێت... جەستەی ژنەکەی زۆر زیاتر لەخەو ئەم ڕازی دەکات.

نووسەر دەیتوانی بەکورتی و زۆر ساکارانەتر گوزارشت لە پەرچەکردارەکانی یێرجی بکات بەرامبەر دەنگی تەپڵ و زوڕنا و ژنەکەی کە جلکەکانی دەگۆڕێت. بەڵام «کۆندێرا» ئەو گوزارشتەی لە شێوازە

مەجازییەکەیدا هەڵبژاردووە. ئەمەش لەبەرئەوە نا کە «پیشە ڕەسەنەکەی» شاعیری سترانەییە، بەڵکو لەبەرئەوەی دەیەوێ لە ڕێی ئەوەی ییێرجییەوە دەیڵێت بگاتە مانایەکی دیکە کە دیسانەوە پەیوەندی بە مانای یەکەمەوە هەیە. کە ییێرجی پەنجەرەکە بەڕووی هەرا و زەنای جیهاندا دادەخات و، باسی «دوژمنکارێتی» دونیا و، خەوتن کە شای ئەمە و، جەستەی ژنەکەی کە سیزاری ئەمە، دەکات... ئەوە کۆندێرا بەم هۆیەوە دەیەوێ هەڵوێستی خۆی لەبارەی جیهان و دەسەڵاتی هاتووەوە ڕابگەیەنێت. بەجۆرێک گوزارشتی لێ بکات کە لەگەڵ هەر وشەیەکیدا پەرچەکردارێک بەرامبەر حاڵەتێکی دیاریکراو و ڕاستەوخۆ خۆی بنوێنێت. بەمەش ئیتر تەواو ئەستەم بێت کە سیفەتی ڕەسەنایەتی تەواو، لەم بەش یان لەو بەشدا، بدەیتە مانای دووەم کە هەڵهێنجراوی مانای یەکەمە. لەوانەشە ئەم جۆرە گوزارشتە کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت.

زۆر گرنگە کە مانای دووەمی هەڵهێنجراو بناسین... تا تیشکی بخەینە سەر و جەختی لەسەر بکەین و، پەناش نەبەین بۆ ڕەمز بۆ لێکدانەوە و قسە لەبارەوە کردنی... لێرەدا کۆندێرا نایەوێت جەخت لەوە بکات کە ییێرجی کەسێکی ڕۆشنبیرە و بۆیە دەرگای لەسەر خۆی داخستووە تا لە جیهان هەڵبێت. «لە ڕووداوەکانی دیکەشدا، ییێرجی سیمبوولی کەسایەتیەک نییە ڕۆشنبیر بێت و، لە نێوان دوو دیواردا شەپەشەپ بکات و، توانای نەبێ بڕیار بدات».

ییێرجی کە پێشتر گستاپۆ «دەزگای موخابەراتی نازیزم - وەرگێڕ» گرتوویانە، بەجۆرێک ژیانی ڕێکخستۆتەوە و، تواناکانی خستۆتە کار کە بژی و بمێنێت! ئەو نایەوێت قومار بەژیانییەوە بکات. ئەمەش کارایی ڕۆشنبیر نییە، بەڵکو کارایی هەموو مرۆڤێکە کە زۆر ئاسایی دەیەوێت بمێنێت و بژی... هەموو مرۆڤێکی سادە کە هیچ سیفەتێکی پاڵەوانانی تێدا نییە.

دەکرا گوزارشتی کۆندێرا نیشانە بووایە بۆ مانای دووەم، ئەگەر بۆ نموونە ییێرجی نوێنەرایەتی لایەنێک، یان توێژێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی



بکردبایە، بەڵام ییێرجی نوێنەری خۆیەتی بەتەنها. هەڵوێستە دیاریکراوەکانیشی بەرامبەر ڕووداوەکانی ژیان، هەڵوێستی خۆیین، دەشێت هەر مرۆڤێک سەر بە هەر توێژاڵێکی کۆمەڵایەتی بێت ئەو هەڵوێستانەی هەبێت.

بەم جۆرە، ئەم تەسک کردنەوەیەی کەسایەتی ییێرجی مەسەلەیەکە بایەخی زۆری هەیە، چونکە تێگەیشتنی دروستانەمان بۆ کەسایەتی سەنترالیزم لە شانۆگەرییەکەدا ئاسان دەکات.

***

«میلان کۆندێرا» لە چاوپێکەوتنێکدا، لە وەڵامی پرسیارێکی «ماک ئیڤان»دا دەڵێ: «هەموو ئەو شتانەی لە ئاستی بەرزدا ڕوودەدەن، لە ژیانی تایبەتیشدا ڕوودەدەن. جۆرج ئۆرێل جیهانێکی وێنە کێشاوە کە تێیدا دەسەڵاتی سیاسی سەرلەنوێ مێژوو دەنووسێتەوە: بڕیار دەدات چ شتێک ڕاستە، چ شتێک پێویستە بنووسرێتەوە، پێویستە چی ئەفرۆز بکرێ. گەرچی من وەکوو ڕۆماننووسێک مەیل و بۆچوونی خۆم هەیە، بەڵام وای بۆ دەچم کە هەر یەکێک لە ئێمە، لە ئاگاییەوە بێ یان نائاگایانە، سەرلەنوێ مێژووی شەخسیی خۆمان دەنووسینەوە. بەردەوام و سەرلەنوێ ژیاننامەی خۆمان دەنووسینەوە، بەردەوام بۆچوونی خۆمان، ئەو بۆچوونەی مەبەستمانە چۆنە بەو شێوەیە ڕووداوەکان دەخەینە ڕوو. بەئارەزووی خۆمان گوڵەوەچنی دەکەین و دەیڕازێنینەوە. دەست دەدەینە ئەو شتانەی کە متمانەمان پێ ئەبەخشن و خۆشحاڵمان ئەکەن، ئەو شتانەی کە پێمان خۆش نییە پشتگوێیان دەخەین. هەر بۆیە مێژوونووسینەوەکەی ئۆرێل چالاکییەکی نائینسانی نییە، بەڵکو زۆر ئینسانییە، خەڵکی هەمیشە دونیای سیاسی و دونیای تایبەتیی خۆیان بە دوو دونیای جیاواز لە یەکتر دەزانن، وەک ئەوەی هەر دونیایە و لۆژیکی تایبەت و، یاسای تایبەتی خۆی هەبێ، بەڵام هەمان ئەو مەترسییانەی کە لەسەر شانۆی سیاسەتدا ڕوو دەدەن، بەتەرزێکی سەیر و جاڕسکەر، لە مەترسییە بچووکەکانی ژیانی تایبەتی ئێمە دەچن. **«کتێبی - لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوادا- چەند گفتوگۆیەکی فەلسەفی و ئەدەبییە، ئازاد بەرزنجی وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی»**

هەڵبەت ئەم دیدگایەی کۆندێرا خۆی چی بۆ ئێستا و دوێنێ و ئایندەی مرۆڤەکان... چی بۆ تێهەڵکێش بوون و تێکەڵاو بوونی کایە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤەکان سەرچاوەی ئەوەن کە «مەمدوح عەلوان» کلیلەکان بکاتە «کلیلەکانی ڕابردوو» و لەسەر بەرگی دوواوەی ئەم شانۆنامە یەک پەردەییەدا بنووسێ: «چی لەو ڕابردووە دەکەیت کە لە پشت خۆتەوە جێت هێشتووە؟ لەو بڕوایەدایت کە تۆ جێت هێشتووە، بەڵام ئەو تۆی جێنەهێشتووە. پێت دەگاتەوە و لەپڕێکدا خۆیت نیشان دەداتەوە کە ئەوەتا لە ناختدا زیندووە. ئیتر لە یادەوەرییەکەوە دەبێتە بار و بەرپرسیارێتی.

مەرج نییە ڕابردوو بێزراو بێ. تەنانەت ئەگەر مایەی شانازی و سەرفرازیش بێت هەر ڕابردووە. چونکە ڕابردووشە بۆیە میوانێکی ڕەزاقورسە لەسەر ئێستا. دەیەوێ هەر ئەوە بی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بووبوویت: تێکۆشەر بوویت، یان عاشق، یان جەنگاوەر، یان خیانەتکار؟ ڕابردوو دێت ژیانت ژەهراوی دەکات. دێت تا پێت بڵێ: تۆ ئازاد نیت تا بتوانی باری من لەسەر ئەستۆت سووک بکەیت. من لەناو تۆدام و، تۆش هێشتا بەرپرسی لێم: لە بەرامبەر ئەوانەی لەو ڕابردووەدا لەگەڵت ژیاون. لەگەڵ ئەوانەدا کە خۆشی و ناسۆریان لەگەڵتدا چەشتووە. خەونیان لەگەڵتدا بینیوە و ئومێدیان خواستووە. تۆ بەرپرسی لێم لە بەرامبەر خۆت.

ڕابردووت لەناو ئاوێنەیەکدا کلۆست دەکات و، تیشک دەخاتە سەر ژیانی ئێستات و، وات لێ دەکات هەست بکەیت تۆ بۆ ئەوە دروست نەبوویت ئەوە بیت کە ئێستا هەیت. بەڵکو بۆ ئەوە دروست بوویت تا ئەوە بیت کە لە زەمەنێکی تردا بوویت: زەمەنی خەون و هیوا و سەرچڵی و خەبات.

چی دەکەیت کە تۆ بەرامبەر ئەو ئاوێنەیە بیت؟ ئاخۆ هەموو ئێستای خۆت بەگشت گۆڕانکارییەکانییەوە لەبەری خۆت دادەکەنیت و دەست دەدەیتە سەرچڵییەکی شێتانە؟ یان ئەو ئاوێنەیە دەشکێنیت تا چاوی ڕابردووت لە خۆت دوورخەیتەوە و، پاشان هەوڵ بدەیت سەرلەنوێ بگەڕێیتەوە بۆئەوەی لەگەڵ ژیانی ئێستاتدا بگونجێیتەوە؟ تاقیبکەرەوە!»



خوێندنەوە و نمایش کردنی ئەم شانۆنامە یەک پەردەییەی «میلان کۆندێرا» گەڕانەوەی هەموومانە بۆ ئەو مرۆڤە سادەیەی کە لە بنەڕەتدا هەین و، دەشێت ڕۆژانە چەندین هەڵوێستی لەوەی پێرجیش چارەنووسسازترمان هەبێ و، هیچ سیفەتێکی پاڵەوانانەشمان نییە... خوێندنەوە و نمایش کردنی «کلیلداران» ئەو خۆ تاقیکردنەوەیەیە کە مەمدوح عەلوان لە هەموومانی داوا دەکات... کەواتە با خۆمان تاقی بکەینەوە و، بزانین لە کوێی ئەو هەموو پرسیارانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، چەندیمان پێ وەڵام دەدرێنەوە... ئاخۆ دەتوانین بڕیار بدەین هەر یەکێکمان ڕیتمی تایبەتی خۆمان هەیە و مێژووی خۆمان دەنووسینەوە، یان وەک کاتژمێر خۆمان دەدەینە دەست ئەوانەی دەیانەوێ میلەکانی هەموومان وەک یەک بسازێنن و هەموومان پێکەوە لەناو بازنە داخراوەکانی کاتژمێردا بسوڕێننەوە و بەپێی یاساکانی دیسپلین پێکەوە زەنگ لێ بدەین؟! ئاخۆ دەستەوئەژنۆ کەفزەنان بەرامبەر ڕابردوومان دەچینە سەر چۆک، یان ئەو ئاوێنەیە دەشکێنین و هەوڵ دەدەین خۆمان لەگەڵ ئێستاماندا ئاشنا بکەین و بگونجێنین...؟ ئاخۆ کلیلەکان لە دەستی خۆماندا دەهێڵینەوە، یان دەیدەینە دەست کەسانێ کە دەشێت لە ڕابردوومانەوە هاتبنەوە و بیانەوێت ئێستای خۆمان نەبین و هەر ئەوە بین کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بووین...

## کەسایەتییەکانی ناو شانۆگەرییەکە

١- یێرجی نچاس: تەمەنی نزیکەی ٢٧ ساڵە
٢-ئێلینا نچاسۆفا- ژنی یێرجی: نزیکەی ٢٠ساڵ
٣- کرۆتا- ئەفسەرێکی خانەنشین کراو: نزیکەی ٥٠ساڵ
٤- کرۆتۆفا- ژنی کرۆتا و دایکی ئێلینا: زیاتر لە ٤٠ ساڵ
٥- ڤێرا کونچێنا هاورێیی یێرجی کە لە زانکۆ پێکەوە خوێندوویانە: نزیکەی ٣٠ ساڵ
٦- سدلاجک دەرگەوانی ئاپارتمانەکە: نزیکەی ٥٠ ساڵ
٧- سدلاجکۆفا ژنی دەرگەوانەکە: نزیکەی ٥٠ ساڵ
٨- ئەفسەرێکی گستاپۆ «دەزگای موخابەراتی هیتلەر»: لە تەمەنی مامناوەندیدا
٩- تۆنیک: لە تەمەنی مامناوەندیدا
١٠- پیاوی یەکەم
١١- پیاوی دووەم



## 1

دوو ژوور لەسەر شانۆ دیارە. لەوی یەکەمیاندا دوو هاوسەری لاو دەژین کە یێرجی نچاس و ئێلینا نچاسۆفان. لەوی دووەمدا خەزوور و خەسووی یێرجی دەژین. دەرگایەکی هاوبەش لە نێوان هەردوو ژوورەکەدا هەیە. لەهەر ژوورێکیشەوە دەرگایەکی دیکە هەیە کەوتۆتە پشتەوە و وەک بلێیی دەچێتە سەر ڕاڕەو و چێشتخانە و حەمام و شوێنی دیکەی ماڵەکە.

لە ژووری یەکەمدا سیسەمێکی دوونەفەری و، مۆبێلیایەک و مێزێکی نووسین هەیە، تەلەفۆنێک و گرامافۆنێک و کتێب و پەڕەی زۆر لەسەر مێزەکەن.

بەدیواری هەردوو ژوورەکەوە ژمارەیەکی زۆر کاتژمێری کەونینە هەڵواسراون.

کە پەردەی شانۆ لا دەدرێ، کات بەیانییە، کاتژمێر تۆزێک بەر لە حەوت و نیو نیشان دەدات.

لە ژووری دووەم «کرۆتا» دەبینین باوێشک دەدات هێشتا چاوی خەوالووە و خۆی ڕێکنەخستووە و جل و بەرگەکەی شەپرێوە... کراسێک لەبەر دەکات و جووتێ نەعل دەکات بەسەر پێوە. ژنەکەی خەریکی ڕێکخستنەوەی جێی نووستنەکەیانە. یێرجی هێشتا لە ژووری یەکەمە. لەسەر جێگەکە ڕاکشاوە. هەر لەو دەمەشدا «ئێلینا»ی ژنی هەستاوە. لە پەنجەرە کراوەکەوە دەنگی مۆسیقایەک دێ، کە لە تەپڵ و زوڕناوە هەڵدەستێ.

یێرجی: جیهان ئاسوودەییمان لێ تێک دەدات «دەچێتە لای پەنجەرەکەوە»
کرۆتا: «لەژوورەکەی خۆیەوە، ئەویش دەچێتە بەر پەنجەرەکە» خوێڕینە!
یێرجی: «پەنجەرەکە دادەخات» ئەئاوا!
«دەنگەکە تەواو کز دەبێ و مۆسیقایەکە لە دوور دەبیسترێ»
کرۆتا: لە هەموو شوێنێکەوە خەڵک دەهێنن. هەر ئەوەیان بەلاوە گرنگە ئیستیعرازەکە بکرێ.

پێرجی: «گەڕاوەتەوە ناو جێگەکە» ئەوەی جێی خۆشحاڵییە کە جیهان وەک چرا وایە دەتوانین بیکوژێنینەوە «سەرلەنوێ بەپەرۆشییەوە ڕادەکشێتەوە» هەر ئەوەندە بەسە کە پەنجەرەکە و چاومان دابخەین.

کرۆتا: هیچ گرنگ نییە. ڕۆژێ لە ڕۆژان حوکم دەگرینە دەست.

«لە سروشێکی تایبەت و، زۆر جددییانە، دەکەوێتە قورمیش کردنی کاتژمێرە هەڵواسراوەکانی ژووری دووەم».

پێرجی: خەوتن خۆشترین خۆشییەکانە. من بایەخ بەکەس نادەم... بەڵام خەوتن پادشایە. جێی نیگەرانیشە کە مرۆ دەخەوێت خۆی هەست بەمە ناکات. بەو پێیە بێ ڕۆژانی یەکشەممە بەلای منەوە بەبارتەقای هەموو شتێکە... مرۆ لەم ڕۆژەدا زۆر هێمنانە خۆی دەدا بەدەستەوە و دەخەوێت... هەرچەند بەخەبەریش دێتەوە، هەر وا هەست دەکات کە دەنوێتەوە.

ئێلینا: «بەبێ دەنگە دەنگ!» ڕۆژی یەک شەممووان، ڕۆژی خۆشییە!

پێرجی: خۆشی و بەختەوەری واتە بێ دەنگی!

ئێلینا: سەیرم مەکە خۆم دەگۆڕم «میلی گرامافۆنەکەی بەدەستەوەیە دەیخاتە سەر قەوانەکە و جوولەیەکی مەکراوی دەکات ئاماژەیە بۆ داوای لێ بوردن»

کرۆتا: «ئاگای لێیە ژنەکەی لەم دیوی دەرگای نێوان دوو ژوورەکەوە گوێی هەڵخستووە بۆ ئەودیوی دەرگاکە» ها چییە؟!

کرۆتوفا: ئەمرۆ ئێلینا کۆرسێکی بالێیەی هەیە. گوێم هەڵخستووە بزانم بەخەبەر هاتووە.

«ئالەم کاتەدا ئێلینا دەرزییەکە دەخاتە سەر قەوانەکە دەنگی مۆسیقاکە زۆر بەرز دەردەچێت. ئاشکرایە کە سەرەتای مۆسیقایەکی زۆر ناخۆشە لەجۆری (سوینک)».

کرۆتا: «لە پەرچەکردارێکی گاڵتە ئامێزدا بەرامبەر بەو دەنگە دەنگە» زیاتر لە پێویست بەخەبەر هاتووە.

کرۆتۆفا: «بەحەساسییەتێکەوە کە موعاناتێکی شاراوەی لە خۆگرتووە و تا ڕادەیەکی زۆر بەهەموو هەڵس و کەوتێکییەوە دیارە» ئەی تولفەکە!



هێشتا کیژۆڵەیە!! دواتر ئەو چی هەیە کە لەم زەمانەدا و لەگوندێکی وەک گوندی فستینادا دەژی؟! تۆش قەت لێی نابووری کە ئەو لەتۆ نییە؟

«دەنگی گۆرانییەکە لە گرامافۆنەکەوە بەرزتر دەبێتەوە»

دەنگی پیاوێک: ئەی شۆخ، ئەی شۆخ
لە جلوبەرگ و ئاوریشم خۆت ڕزگارکە
ئەی شۆخ ئەگەر دەزانی
جەستەی جوان بەبێ ئاوریشم جوانترە
جەستەت بەبێ تاڵە دەزووەکان جوان دەوەستێ
باوەش بەهەوا و فەزا و کەشدا دەکات

دەنگی ژنێک: وەک ئەوەی عاشقەکەم حەزی پێ دەکات
جلەکانم نەک جەستەم
بۆ خەڵکی دیکە دروست کراون
ماڵئاوا جلوبەرگ، ئێوە بۆ خەڵک بن
لەزەتەکانم یان جەستەم ڕووت بوونەتەوە
ئەی عاشقەکەم بمبە بۆ خۆت بەبێ پەردەپۆش یان درۆ

ئێلینا: «لەم کاتەدا جلەکانی لەبەر دەکات و، لەگەڵ ڕیتمی ئەو گۆرانییەدا هەڵدەبەزێ و دادەبەزێ و، لەگەڵ تەواو بوونی پەرەگرافی یەکەمیدا و هەماهەنگ لەگەڵ مۆسیقای گۆرانیەکەدا دەڵێ:» هێی ئێستا ئەو بەڕووتی دەبینی، کەچی من وا خەریکە لە خۆپۆشین دەبمەوە.

پێرجی: «لەسەر جێگەکە ڕاکشاوە و بەئارەزوو و، خرۆشییەکی زۆرەوە تێی دەڕوانێ. ئێلینا جوان و سەرنج ڕاکێش و مەکربازە بەڵام مەکرەکەی منداڵانە و ساکارانەیە» پشیلەکەم، مەلعون تۆ زۆر قەشەنگیت! «گۆرانییەکە بەردەوامە».

دەنگی پیاوێک: ئەگەر بەڕاستتە تۆ عاشقیت
یان بەدوای بەختیاری و چێژی عاشقانەدا دەگەڕێی
ئەوا وابە کە دەتبینم

ڕووت و تەنها
بێ درۆ بێ پەردەپۆش بێ بەرگ
دەنگی ئافرەت: وەکوو چۆن عاشقەکەم دەخوازێ
جلکەکانم بۆ خەڵکی دیکەن نەک جەستەم
شارەزای چێژی بەختەوەریم
لای پیاوان و ئافرەتان وەک یەک وایە
تۆ خۆشەویستمی، منیش بۆ حەزی خۆشەویستم
بۆ تۆ لە نوژداری زیاترم
ئەی عاشقەکەم فەرموو ئەوە منم
بێ درۆ، بێ بەرگ

«ئێلینا تەواو خۆی لە بەر کردووە و گرامافۆنەکە ڕادەگرێ و بەفیکە فیکی خۆی هەمان ئاوازی گۆرانییەکە لێ دەدات. دەچێتە بەردەم ئاوێنەکە بۆ خۆڕازاندنەوە، بەردەوامیش بەفیکە ئاوازی گۆرانییەکە دەڵێتەوە».

یێرجی: «سەری بەلای ئێلینادا دەسووڕێنێت» ئەگەر خەوتن پادشا بێ ئەوا جەستەی تۆ سیزەری ڕۆمایە... بینینی سیزەری ڕۆماش کە دەلەرێتەوە... «تەلەفۆن لێ دەدات»

ئێلینا: ئەوە منیان دەوێ! «ئاوڕ لە تەلەفۆنەکە دەداتەوە» تۆزێ سەبرکەن خانمان! «زەنگی تەلەفۆنەکە هەر لێ دەدات» چاوەڕێ بن خۆم دەڕازێنمەوە «زەنگەکە هەر لێ دەدات، ئێلینا دەچێ بۆ لای تەلەفۆنەکە و، بەرزی دەکاتەوە و بێ ئەوەی بزانی کێ قسەی لەگەڵدا دەکات یەکسەر دەڵێ:» سڵاو فەرموو چیت دەوێ؟ «کەمێک سەرسام دەبێ» بەڵێ. وا بۆتی بانگ دەکەم «تەلەفۆنەکە درێژ دەکات بۆ یێرجی و ئەویش لەناو جێگەکەوە ڕادەپەڕێ» پیاوە!

یێرجی: «تەلەفۆنەکە دەنێ بەگوێیەوە» نچاس قسە دەکات... «بەسەر سوڕمانێکی تەنگە تاوییەوە» کێ؟ هەر ئێستا؟ «وەک بڵێی داکۆکی لە خۆی دەکات» ئەوە چ قسەیەکە؟ من هەر ئەوەندە پرسیارم کرد کە ئاخۆ هەر ئێستا؟ بەڵێ کۆگای شیرینەمەنیەکە دەزانم...



باشە... بەڵێ «تەلەفۆنەکە دادەخاتەوە، پەشۆکاوە»

ئێلینا: «بەدرێژایی ئەو ماوەیە چاودێری وەزعەکەی دەکرد. بۆ زانین دەپرسێ» چییە؟

«یێرجی بۆ ماوەیەکی زۆر کورت دەچێتە خەیاڵەوە، پاشان لەپڕ بڕیاردەدات و لەو دەرگایەوە دەچێتە دەرەوە کە بەڕاڕەوەکەدا دەچێتەوە سەر تەوالێتەکە... دەرگاکە لەپشت خۆیەوە بەکراوەیی جێ دەهێڵێ. ئێلینا کە ئیتر خەریکی خۆڕازاندنەوە نییە، تەماشای دواوەی خۆی دەکات و هاوار دەکات» ئەوە چی ڕووی دا؟

یێرجی: «لەتەوالێتەکەوە» نهێنی!

ئێلینا: «لەدەم دەرگا کراوەکەوە، بەئاراستەی تەوالێتەکەدا هاوار دەکات» چۆن؟ نهێنی چی؟ «یێرجی وەڵام ناداتەوە» کێ بوو؟ «یێرجی وەڵام ناداتەوە» دە قسە بکە! پێم ناڵێی ئەوە کێ بوو؟

یێرجی: «لەتەوالێتەکەوە» یەک تۆز بوەستە...! «ماوەیەکی کورت بێ دەنگی، یێرجی دەگەڕێتەوە، پرچی ئاڵۆزکاوە، پانتۆڵ و کراسەکەی بەڕێوە لەبەر دەکات»

ئێلینا: دەتەوێ بۆ کوێ بچیت؟ بەم جلکانەوە بۆ کوێ دەچی؟

یێرجی: مەسەلەکە تایبەتە بەکۆمپانیاکەوە.

ئێلینا: مەسەلەی کۆمپانیای چی؟

یێرجی: بۆی ڕوون نەکردمەوە... دەبێ یەکسەر بڕۆم.

ئێلینا: کێ بوو؟ بەڕێوەبەرەکەتان بوو؟

یێرجی: پێڵاوەکانت نەدیوم؟

ئێلینا: بەڕێوەبەر بوو؟

یێرجی: بەڵێ... نەخێر... بەڕێوەبەر نا... نا؟

یێرجی: بەباشی گوێم لەناوەکەی نەبوو لەوانەیە بەهیچ جۆرێ فەرمانبەری کۆمپانیاکەش نەبێ و ئەرکی ئەوە بوو کە فەرمانێک بە من ڕابگەیەنێت.

ئێلینا: کەواتە تۆ هەروا دەبی، هەمیشە وەک منداڵێکی بچووک دەمێنیتەوە! تۆ هەرگیز دیقەتت نەداوە. کە من بەهیچ جۆرێ لەگەڵ

کەسێکدا قسە ناکەم نەزانم کێیە! کە نەشزانم کێیە لێی دەپرسم تۆ کێی؟ ناوت چییە؟ وانییە؟ مەگەر نەخاسمە تۆ. بتەوێ خۆت لەمەسەلەیەکدا تێوە بگلێنی. ئەزانی باوکم لەبارەی تۆوە چی دەگووت. دەیگووت تۆ هۆشدار نیت.

یێرجی: «بەدەوری خۆیدا بەدوای پێلاوەکانیدا دەڕوانێ» لەو بڕوایەدام بەڕادەیەکی زۆر هۆشدارم.

ئێلینا: ئەوکاتەی بوویتە زاوامان باوکم داوای لێ کردی چەند ئەوەندە هۆشدار بی. ئەوە تەنها مەرجێکی ئەو بوو!

یێرجی: «لەبەردەم کەرەوێتەکەدا چۆتە سەر ئەژنۆ و بەشوێن پێلاوەکەیدا دەگەڕێ، لەپڕ و بەتووڕەییەوە دەڵێ:» تۆ دەزانی قسەکردن لەم بابەتە نیگەرانم دەکات

ئێلینا: جا بۆ قسە لەم بابەتە نەکەم؟ ها... من باسی هەر شتێک دەکەم خۆم حەز بکەم قسەی لە بارەوە بکەم «سەرنج دەدات وا یێرجی چوار پەلانە بەسەر ئەرزەکەدا دەڕوات».

ئای پێکەنینم پێت دێت... لە تووتەڵە سەگێکی بچووک دەچیت. «ئەمیش وەک ئەو دەکات و دەچێتە پاڵیەوە و زۆر ناسکانە لێی دەپاڕێتەوە» تووتەڵەکەم... مەچۆرە دەرەوە. باران بەشەستە دەبارێ... نا... ئێستا نابارێ... بەڵام بەشەستە باریوە و دنیا هەمووی قوڕولیتەیە «یێرجی پێلاوەکەی دۆزیوەتەوە و لەپێی کردووە. ئێلینا بە ئەسەفێکەوە» باشتر وایە لەگەڵ مندا بیێی بۆ کۆڕسی بالێیەکە. تۆ هیچ جارێ لەگەڵ مندا نەچوویتەتە دەرەوە... حەز دەکەم جارێ لەجاران بتبینم ئاوا بۆ من بەپەلە خۆت بگۆڕی «سەرنج دەدا وا یێرجی خەریکە بڕواتە دەرەوە» کەواتە هیچ خۆت نیگەران نەکەیت ئەگەر لەدەرەوە کەسێکی ترت لەگەڵمدا بینی

یێرجی: هەر ئێستا دەگەڕێمەوە، پشیلەکەم... سڵاو «ڕوو لە دەرگاکە دەکات»

ئێلینا: هەر لەبەر ئەوەی پێش تۆ پەیوەندیم بە هیچ پیاوێکی دیکەوە نەبووە، مانای وانییە تۆ ئەوەندە متمانەت پێم هەبێ؟ «یێرجی



دەڕواتە دەرەوە و دەرگاکە لەدوای خۆی دادەخات».

## 2

«ئێلینا دوای ئەو قسەیەی... دەگەڕێتەوە بۆ بەردەم ئاوێنەکە تا مکیاجەکەی تەواو بکات. بەدەم ئەو کارەوە کە زۆر بەتووڕەییەوە دەیکات، هەوڵ دەدات شکستیەکەی بخواتەوە. کرۆتۆفا کە گوێی لە داخستنی دەرگاکە بووە، دەچێتە ژووری یەکەم تا چاوێک بە وەزعەکەدا بخشێنێ»

کرۆتۆفا: «چاوێ دەگێڕێ و دڵنیا دەبێ یێرجی لەوێ نییە» بۆ کوێ چوو؟

ئێلینا:نازانم!

کرۆتۆفا: چۆن نازانی؟

ئێلینا: پیاوێک تەلەفۆنی بۆ کرد.

کرۆتۆفا: کێ بوو؟

ئێلینا: «بە مەکرێکی زۆرەوە» پیاوێک.

کرۆتۆفا: چۆلەکە جوانەکەم ئاشکراتر قسە بکە. مافی ژنە بزانێ مێردەکەی ئێستا لەکوێیە.

ئێلینا: «شیرازەی نامێنێ» چییە، گوایە من پاسەوانی ئەوم؟ چی ئەکات بابیکات.

کرۆتۆفا: ئەوە چییە هاوارم بەسەردا ئەکەیت؟

ئێلینا: «هاوار دەکات» هاوار ناکەم!

کرۆتۆفا: بەڕاستی تۆ بەنازی!

ئێلینا: ئەوە کێیە نازم دەداتێ؟

کرۆتا: «لە قورمیش کردنی هەموو سەعاتەکانی ژووری دووەم بۆتەوە، دێتە ژووری یەکەم تا سروشەکەی خۆی تەواو بکات» ئەوە چی ڕووی داوە؟

کرۆتۆفا: یێرجی چۆتە دەرەوە. ئێلیناش نازانێ بۆ کوێ چووە.

ئێلینا: «دەیەوێ بڕواتە دەرەوە» دەباشە ئیتر... وا منیش ڕۆیشتم.

کرۆتۆفا: تۆزێ چاوەڕێ بە نانی بەیانی حازر دەبێ.

ئێلینا: کاتی ئەوەم نییە نان بخۆم
کرۆتۆفا: ئەمەیان نا! کاتێ مرۆڤ ئەم هەموو وزەیە و بەو شێوەیە خەرج دەکات نان خواردنی بەیانیان دەبێتە ژەهرێکی کوشندە. زۆر بەرگە ناگرێ چۆلەکە بچووکەکەم.
ئێلینا: تۆ دەبینی من بەپەلەم.
کرۆتۆفا: بەتەنیا نان بخۆ، هەرچەندە نانخواردنی بەیانیانی یەک شەممە پێویستە بە کۆمەڵ بێ «بەپەلە دەچێتە دەرەوە».
کرۆتا: «خەریکی کاتژمێرەکانی ژووری یەکەمە» ئاخ ئەگەر بۆیەک جار بمتوانیبا وایان لێ بکەم هەموویان پێکەوە زەنگ لێ بدەن!!!.
ئێلینا: «جارێکی دیکە دەچێتەوە بەردەم ئاوێنەکە» ئالێرەدا هەندێ تۆپەڵی قەڵەو بوونم لێ دەرکەوتووە!
کرۆتا: «لەکاتژمێرێکیان نزیک دەبێتەوە، پاڵ بەمیلەکەیەوە دەنێ بۆپێشەوە» لەو بڕوایە دایت، میل، توانای ئەوەی هەبێ بەئارەزووی خۆی لە ناو ئەو بازنەیەدا هەڵسووڕێ.
ئێلینا: ئەگەر کاتژمێر بوومایە، بە ئەنقەست هەڵەم دەکرد
کرۆتا: جا ئەوە بەتۆوە ئاشکرایە.
ئێلینا: ئەم جلکانەم زۆر ناجۆرن
کرۆتا: چەند جوان دەبوو لە سەعات دوازدەدا هەر سی و یەک کاتژمێرەکە، وەک ئەوەی فەرمانیان پێ کرابێ پێکەوە زەنگیان لێ بدایە؟
ئێلینا: لەم جلکانەدا قەڵەو دەنوێنم.
کرۆتا: «کوپێک چاو پارچە کێکێکی پێیە دێتە ژوورەوە» پیاوان حەزیان بەئافرەتی لاواز نییە و... جا بخۆ!
«ئێلینا بەدەم خواردنەوە لە ئاوێنەکە دەڕوانێ. کرۆتۆفا شتێک بە بیر کرۆتا دەهێنێتەوە» ئالاکانت لە بیرنەچێ... دوێنێ «سدلاجک» بەو هۆیەوە زۆر نیگەرانی کردم.
کرۆتا: باسی ئەو دەرگاوانەم بۆ مەکە... حەزم بەچارەی نییە.
کرۆتۆفا: جا پێت وایە ئەبێ من حەز بەچارەی بکەم؟
کرۆتا: جاران کە لەبەردەممدا دەوەستا هەڵئەلەرزی



کرۆتۆفا: جا ئەویش هەر ئەوەی لەدڵدا ماوە بەرامبەرت و لێت خۆش نابێ.
کرۆتا: بەڵام خۆ ئەوە من بووم ئەم ئیشی دەرگاوانییەم بۆ دۆزییەوە!
کرۆتۆفا: «لەگەڵ ئێلینایەتی» خواردنەکە مەبێزرێنە... ناشێ بەو جۆرە خواردن قوت بدەی.
کرۆتا: کە سەرباز بوو گومانم لێی نەبوو
کرۆتۆفا: ئەو جلانە تەواو لێت هاتوون.
«ئێلینا دەستی دەسڕێتەوە و خۆی ئامادە دەکات بۆ ڕۆیین».
کرۆتا: بەهیچ جۆرێ پێم خۆش نییە سەربازێک من فێر بکات!
ئێلینا: جا ماڵئاوا!
کرۆتۆفا: سەرکەوتووبی!
کرۆتا: «سەرێک بۆ ئێلینا دەلەقێنێ و، بەردەوام دەبێت لەسەر لاسایی کردنەوەی دەرگاوانەکە» ئیمپراتۆرە... بۆلای چەپ وەرگەڕێ! بۆ لای ڕاست وەرگەڕێ! پاشان بەتووڕەییەوە» ئەمڕۆ ڕێی نادەم دڵی خۆش بێ. ئالای ئێمە هەمیشە ڕووی لە چەپە! خاچە چەماوەکەش بۆ لای ڕاستە.
کرۆتۆفا: دەبێ ئاگات لەخۆ بێ. ئەو کابرایە چاوانی هەیە بەهەموو لایەکدا دەڕوانن.
کرۆتا: تۆ ڕاست دەکەی... لەوانەیە ئەم گەمەیەی من ترسناک بێ.
ئێلینا: «لەڕاڕەوەکەوە دەنگی دێ» دایکە کلیلەکان لێرەنین!
کرۆتۆفا: کلیلی چی؟
ئێلینا: «لەڕاڕەوەکەوە» دەرگاکەی کلۆم داوە.
کرۆتا: کلیلەکانی من بەسەر کەنتۆرەکەوە هەڵواسراون بەوان دەرگاکە بکەرەوە!
ئێلینا: لەوێش کلیلی لێ نییە!!
کرۆتا: دە جوان بگەڕێ «خۆیشی دەچێ بۆ ڕاڕەوەکە»
ئێلینا: «دەگەڕێتەوە ناو ژوورەکە» لێی نییە.
کرۆتۆفا: بۆچی دەرگاکە بەکلیل کلۆم دەدات؟ دەرگا کاتێ دادەخرێ کەس

لەماڵەوە نەبێ.

کرۆتا: «دەگەڕێتەوە ناو ژوورەکە» کلیلەکانی منیش لەوێ نین «لەگەڵ کرۆتۆفا» لەلای تۆ نین؟

کرۆتۆفا: من؟ کلیلەکان؟ نا کلیل لای من نییە ئەوی هەمانە لای تۆیە. من هەندێ جار کلیل لە تۆ وەردەگرم!

کرۆتا: پێم وایە من و تۆ کلیل لە یەکتر و...ە...ر...ن...ا...گ...ر...ی...ن.

ئێلینا: تکایە شەڕ مەکەن و هەوڵ بدەن کلیلەکان بدۆزنەوە!

کرۆتۆفا: ئالی گیان ئێمە شەڕ ناکەین.

کرۆتا: دوا جار کلیلەکان لای من بوون.

ئێلینا: دەبوایە سەعات حەوت و نیو لەوێ بوومایە.

کرۆتا: دوێنێ کە چووم بیرە بکڕم لەگەڵ خۆمدا بردم. کە گەڕامەوە لە شوێنی خۆی بەسەر کەنتۆرەکەوە هەڵمواسین.. ئیتر لەوکاتەوە کەسمان نەچووینەتە دەرەوە... جگە لەو نەبێ.

ئێلینا: بەڕاستی ئەمە ناخۆشە! لەو بڕوایەدام ئەمجارەشیان لە کاتی خۆیدا ناگەمە ئەوێ.

کرۆتۆفا: وتی بۆ کوێ دەچم؟

ئێلینا: نازانم و... ئەم گفتوگۆیەم لەگەڵدا دامەمەزرێنەوە.

کرۆتۆفا: چۆن نازانی؟

ئێلینا: بەردەوام. سەرزەنشتم دەکەن... بۆیە دەمویست ئەمڕۆ لەکاتی دیاری کراودا بگەمە ئەوێ.

کرۆتۆفا: ئەوە لێت نەپرسی کێ تەلەفۆنی بۆ کرد؟

ئێلینا: وتی باش گوێم لە ناوەکەی نەبووە.

کرۆتۆفا: چوو بۆ لای کەسێ نایناسێ! ئەی نەی وت چ کارێکی بەلایەوە هەیە؟

ئێلینا: کاروباری تایبەت بە کۆمپانیاکەیە.

کرۆتۆفا: کاروباری کۆمپانیا لە ڕۆژی یەکشەممەدا؟! ئالی تۆ گەمژەیت کە ڕێت داوە بەلووت ڕاتبکێشێ!

ئێلینا «بەکرۆتا دەڵێ:» تکایە گیرفانەکانت بگەڕێ.



کرۆتا: مەحاڵە. من ئەزانم چی ئەکەم. بێ گومان ئەو بردوونی!

ئێلینا: کە ئەو کلیلی خۆی پێیە، بۆچی هی ئێوە دەبات... دە بەسە... خەریکە شێت بم!

کرۆتا: ئەوەش سەرەڕۆییەکی ئەوە. دیارە سەربازیی نەکردووە!

کرۆتۆفا: سەربازیی چی؟ ئەو تەنانەت لەناو خێزانیشدا نەژیاوە. ئەڵێن هەتیو زۆر زوو ئولفەت دەکا... ئێمەش حەزمان دەکرد لەگەڵماندا ئولفەت بگرێ... بەڵام کە ئەو چێژی خێزانی نەچەشتبێ... ئیتر چۆن نرخی بۆ دادەنێ!

کرۆتا: «دەچێتە لای مێزی نووسینەکەوە» ئەی سەرگەردان! کۆشک لە لم دروست دەکات!

کرۆتۆفا: مادەم دایکی ناناسێ... نرخ بۆ ئافرەتیش دانانێ.

کرۆتا: کەس بەپیاوی لە دایک نابێ... خەڵک دەبنە پیاو.

کرۆتۆفا: دەبێ بشزانێ کە ژن کەلوپەلی پیاو نییە.

کرۆتا: ئەوی نەچووبێتە سەربازیی، ناشبێتە پیاو.

کرۆتۆفا: ژن ژیان دەبەخشێ... بەڵێ... ئا... ئەوە... ئافرەتە

ئێلینا: نا... من ئەمەم پێ تەحەمول ناکرێ!

کرۆتا: چونکە تەنها سەربازیە مرۆڤ فێر دەکات هەست بکات و لەگەڵ کۆمەڵەخەڵکدا مامەڵە بکات و بزانێ کە دیسپلین چێژ و خۆشییە نەک زوڵم و زۆر. بەڵام ئەم کابرایە نازانێ چێژ مانای چییە.

کرۆتۆفا: بێ گومانی نازانێ. بەڕاستی حەیفە ئالی وەک کەناری لە قەفەزدا زیندان بکات «بەبی» تەماشاکە چ قەد و باڵایەکی هەیە «خۆی دەجەڕێنێ تا نیشانی ئێلینای بدات کە دەبێ چۆن بوەستێ» دەی... مەمکەکانت قیت بکەرەوە و شەرم مەکە جووتێ مەمەی وات هەن. مەمکی ژنان شتێکی شەرمهێن نین.

ئێلینا: «مەمکەکانی قیت دەکاتەوە و بەدزەی چاو تەماشای خۆی دەکات لە ناو ئاوێنەکەدا لە پڕ قسە دەکات» ئەمڕۆ ناتوانم بچمە دەرەوە. مادەم مەسەلەکەش هەر وابێ ئەوا من هەرگیز نامە هیچ. هونەر تەنها بەهرە نییە. بەر لە هەرشتێ هونەر کارکردنە. ئەمە ئەو شتەیە

که ئەو هەرگیز لێی تێناگات. «بەتوورەییەوە» ئەڕۆم ئەنووم. جا بۆ نەنووم؟چیم پێ دەکرێ کە من نەتوانم بچمە دەرەوە «بیر لە تۆڵەسەندنەوە دەکاتەوە» لێرە لەم ژووره نانووم. دێم لەژوورەکەی ئێوە دەنووم. شەویش هەر لای ئێوە دەمێنمەوە. «لەڕاڕاوەکەوە گوێی لێیە دەرگاکە دەکرێتەوە...».

کرۆتۆفا: «بەدەنگێکی نزم و بەپەلە پێش ئەوەی ییێرجی گوێی لێبێ» دەبوایە لە دەمێکەوە ئەم بڕیارەت بدایە. بەردەوام ئاگادارم کردوویتەوە کە ئافرەت یەک چەکی هەیە بەهۆیەوە مسۆگەر بەسەر زاڵترین زاڵمدا زاڵ دەبێ.

3

«ییێرجی دێتە ژووری یەکەم و، سەری دەسووڕمێ کە ئێلینا لەوێ دەبینێ»

ییێرجی: ئەوە هێشتا لە ماڵەوەیت؟ «هەموو بێ دەنگن، سارد و ناڕەحەتن» سەعات وا نزیکەی هەشتە.

ئێلینا: «بەڕەقییەوە» جا چۆن دەگەیشتمە ئەوێ؟

کرۆتا: «بەساردییەوە دەست درێژ دەکات» کلیلەکانم بدەرێ. «ییێرجی تێناگات و کرۆتا بەتەئکیدەوە داواکەی دووبارە دەکاتەوە» کلیلەکانی خۆمان بدەرەوە.

ییێرجی: «دەست دەبات بۆ ناو گیرفانی، سەری دەسووڕمێ» هەردووکیان بەمنە داوای لێبوردن دەکەم...! «کلیلەکانی خۆیان دەدات بەکرۆتا».

کرۆتۆفا: «بەوردی دیقەت لەهەموو کاردانەوەکانی ییێرجی دەدات و، بەگاڵتەیەکەوە دەڵێ:» تەواو سەری سوڕماوە!

ئێلینا: «بەتووڕەیی و ئەسەفەوە» تازە کات بە سەر چوو! ناشمەوێ هەموو جارێ، درەنگ بگەمە ئەوێ!

کرۆتۆفا: «لەگەڵ ییێرجییەتی» بەڕاستە نەتدەزانی هەردووکیان لای تۆن؟

ییێرجی: ئاگام لێ نەبوو کە یەکێکیان لە گیرفانمدایە.

ئێلینا: دوای ئەم گاڵتەجاڕییە سەرم دێشێ. ئەڕۆم ئەنووم



کرۆتۆفا: «لەگەڵ ییێرجی» ئەوە کێ بوو بەو بەیانییە زووە تەلەفۆنی بۆ کردی؟

ییێرجی: من؟ نازانم!

کرۆتۆفا: ئەی چوویت بۆ لای کێ؟

ییێرجی: ئەو... هەر لەوێ نەبوو

کرۆتۆفا: ئەدی چۆن؟

ییێرجی: چوومە ئەوێ... کەسم نەبینی.

کرۆتا: یەکێک بەتۆی ڕابواردووە. خۆشت شایستەی ئەوەی.

کرۆتۆفا: «بەبایەخەوە» یان واپێ دەچێ ییێرجی بە ئێمە ڕابوێرێ.

«لەسەرخۆ دەکشێتەوە بەرەو ژوورەکەی دیکە دەڕوات و، کرۆتاش دوای دەکەوێ. ئێلینا دەست دەکات بەداکەندنی جلەکانی. لەو کاتەشدا کۆپلەیەک لە گۆرانییەکەی پێشوو دەڵێتەوە: ئەی شۆخ گەر دەزانی... جەستەی جوان بەبێ ئاوریشم جوانترە»

ییێرجی: «زۆرتر لەوە دەکات لەگەڵ خۆی بدوێ» زۆر سەیرە کەس لەوێ نەبوو!! «ئێلینا واخۆی نیشان دەدات کە بایەخ بەوە نادا کە ییێرجی مەبەستی کوێیە و چییە. پارچە پارچە جلەکانی دادەکەنێ و فڕێیان دەدات و وا دەکات ییێرجی بورووژێنێ»... با جلەکانم بڕۆن... ئەوان بۆ خەڵکن... لەزەتم یان جەستەم ڕووت بوونەتەوە... بمگرە خۆت عاشقەکەم

ییێرجی: لێم تۆراویت؟ «ئێلینا هەر گۆرانی دەڵێ: بمبە بۆ خۆت ئەی عاشقەکەم بێ پەردەپۆش یان درۆ یان جلوبەرگ... «کراسەکەی ژێرەوە بە ئیستیفزازەوە فڕێ دەدات. لەم کاتەدا کرۆتا لە ژووری دووەم سەر بەرزدەکاتەوە»

کرۆتا: زەنگی دەرگاکە لێ درا.

«کرۆتۆفا گوێی لێ نەبووە. زەنگەکە زۆر کز لێ دراوە. کرۆتا دەچێ تا دڵنیا ببێت. لەو دەرگایەی ژوورەکەیانەوە دەچێتە دەرەوە کە دەچێتەوە سەر ڕاڕەوەکە. لەم ساتەدا، یەکێک لە کاتژمێرەکان زەنگ لێ دەدات و سەعات ٨ ڕادەگەیەنێ... ژمارەی کاتژمێرەکان لە

هەردوو ژوورەکەدا نزیکەی چل دانەن. لەبەرئەوەی کرۆتا نەیتوانیوە ڕێکاوڕێک هەموویان پێکەوە جووت بکات بۆیە زەنگ لێدانەکانیان چەند دەقیقەیەک دەخایەنێ. یەکێکیان لێ دەدات، ئەوسا یەکێکی تر و یەکێکی تر، تا ئەوەیان کە لە دوای هەموویانەوەیە».

ئێلینا: دەبینی... ئەوە. سەعات هەشتە. دەبوایە من بەر لە نیوسەعات لەوێ بوومایە! «یێرجی دەیەوێ دڵی ڕازی بکات بەڵام ئێلینا خۆی نادا بەدەستەوە» وازم لێ بێنە. لەودیو ئەخەوم.

## 4

«ئێلینا بەژێرکراسێکەوە، قەدوبالای بەسەر جووتێ پێڵاوی پاژنەبەرزەوە ڕادەکێشێ، ڕووبەڕووی یێرجی پرکێشانە و بەجۆرێک خۆ نواندنی خرۆشێنەرەوە وەستاوە. یێرجی تاڕادەیەک شڵەژاوە و متمانەی بەخۆی نییە.

لەم کاتەدا بەبێ ئەوەی لەدەرگاکە بدرێ، دەکرێتەوە. کرۆتا لەپشتەوە لەناو ڕاڕەوەکەوە کردوویەتییەوە بێ ئەوەی ئێمە بیبینین. ڤێرا لەو دەرگایەوە دێتە ناو ژووری یەکەمەوە. ڤێرا کچێکی گەنجە، گەرچی گەنجێتی بەسیمایەوە دیار نییە. تەپوتۆز بەجلە باشەکانیەوە نیشتووە و چرچولۆچیان تێ کەوتووە. ئەگەر بگوترێ کە لەم ساتەدا مێیەتی ئێلینا زۆر زەقە، ئەوا لای ڤێراش هەروایە گەرچی بەچینێک تەپوتۆز داپۆشراوە، لەگەڵ هاتنیدا شتێک ئامادە دەبێ وەک بڵێی پرشنگە».

ڤێرا: بەیانیتان باش!

ئێلینا: یای!!!

ڤێرا: ببوورە.

ئێلینا: «ئێلینا سەری لێ دەشێوێ، یێرجیش هەروەها» کوا ڕۆبەکەم؟ ئەڵێی حەوام لە بەهەشتدا.

ڤێرا: داوای لێبوردن دەکەم، بەم بەیانییە زووە هاتووم.

یێرجی: «شڵەژاوە» بەیانیت باش... «ئاماژە بۆ ئێلینا دەکات» ئەمە



ژنەکەمە...

ڤێرا: «دەست درێژ دەکات بەلای ئێلینادا بۆ تۆقەکردن» ڤێرا کۆنچێنا.

یێرجی: هاوڕێم بوو لە زانکۆ.

ئێلینا: «بەشڵەژاوییەوە تۆقەیەک لەگەڵ ڤێرا دەکات» دەبێ بچم ڕۆبەکەم بدۆزمەوە.

یێرجی: «لەگەڵ ڤێرایەتی» چی دەکەیت لێرە؟

ئێلینا: دەبێ لە ژووری ئەودیو بێ. من بەنیاز بووم بڕۆم... واتە ئێستا... بۆ ئەوەی بنووم «ڕادەکات بۆ ژوورەکەی دیکە».

یێرجی: چی دەکەیت لێرە؟

ڤێرا: تکایە... پێت ناخۆش نەبێ!

یێرجی: «وەک بڵێی دڵگرانە» جا بۆ نیگەران بم؟ من خۆشحاڵم بەبینینت، بەتایبەتی دوای ئەوەندە ساڵ!

ڤێرا: قایل ئەبیت ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بووە، لێرە بمێنمەوە؟

یێرجی: قایل بم؟ جا چۆن قایل بم... نا...!

ڤێرا: با... چونکە بەدواوە من.

## نمایشە خەونی یەکەم

«هەردوو ژوورەکە نامێنی. یێرجی لە فەزایەکی کراوەدا وەستاوە. دەنگی زەنگی کاتژمێرەکان دەگۆڕدرێن بۆ دەنگی ئەو زەنگە بچووکانەی لە کلێساوە بۆ پرسە لێ دەدرێن. کە ئەمەش کەش و هەواکە بەڕاڕاییەک بارگاوی دەکات. یێرجی هێشتا لە ترسی دوا قسەی ڤێرادا دەژی. لەم ساتەدا لەپشتەوەی شنۆکەوە ئەفسەرێک دەردەکەوێ بەجلوبەرگی گستاپۆوە. ڕواڵەت و ڕەفتارەکانی ناشرین نانوێنن. دەکرێ زیرەکێتیەکی درەوشاوە لە جۆری داشۆراوی لێ تێبینی بکرێ. یێرجی هەست بەبوونی دەکات لەپشت خۆیەوە. ئاوڕدەداتەوە و پاشان هەر خۆرسکانە خۆی لادەدات».

ئەفسەرەکە: «کە نیشانەکانی ئەو ترسە لە یێرجیدا دەبینێ بەبڕواییەکەوە خەندە دەیگرێ» ترس بەشێوەیەکی قەشەنگ کاریگەرە. ئەوە چەند

ساڵ تێپەڕیوە. لەوەتەی تۆمان لە زیندانی بانکراتسدا گرتووە.

«وەئاگا دێتەوە کە یێرجی دەستەکانی خستونەتە گیرفانەکانیەوە. دەنگی بەرزتر دەکاتەوە» چۆن چۆنی ڕاوەستاوی! «یێرجی جارێکی تر ڕادەچڵەکێ، خۆی ڕێک دەخاتەوە و دەستی لەگیرفانی دەردەهێنێ شتێک لە دەستێکیدایە. ئەفسەرەکە بەناڕەزاییەوە دەڵێت:» چی لە دەستدایە؟

«یێرجی لەپی دەستی دەکاتەوە، ئەفسەرەکە پێ دەکەنێ:»

کلیل؟! پیاو واچاوەڕێ دەکات چەقۆ ببینێ، کەچی تۆ کلیلت پێیە!

«ڤیرا لە یێرجی نزیک دەبێتەوە و لەدووری سێ هەنگاوەوە دەوەستێ. ئەفسەرەکە دەیبینێ» ئەمە تۆشیت، پێشتر لە شوێنێک تۆم دیوە. «دێتەوە بیری» هەردووکتان پێکەوە... ئا بەڵێ، ئا ئاوا هەردووکتان ڕووبەڕووی یەکتر وەستابوون. «لەگەڵ یێرجییەتی» لێم پرسیت ئەم کچە دەناسی!

ڤێرا: «چاو لەناوچاوی یێرجی دا» وتی: نایناسم.

ئەفسەرەکە: «بەیێرجی دەڵێ:» هەنووکە خۆ لە بارەگای گستاپۆدا نین. ئێستا دەزانیت کێیە؟

یێرجی: بەڵێ: باشترین مرۆڤ لە ژیانمدا دیبێتم. خوشکی هەمووان.

ئەفسەرەکە: نازناوی جوان لەیەکتر دەنێن، پاشان حیکایەتی گەمژانە ڕێکدەخەن و لە ئەنجامیشدا چەند قوربانییەکی دیکەی لێ دەکەوێتەوە و هەموو شتێ کۆتایی دێت «دەچێتە دەرەوە».

ڤێرا: «هێشتا ڕووبەڕووی یێرجی وەستاوە» ڕاست دەکات، ئەوساش، وەک ئێستا ئاوا ڕاوەستابووی. نزیکەی دوو مەتر لەمن دوور بوویت. تەماشات کردم و سەرت ڕاوەشاند. جوانترین تۆقە بوو لەگەڵتا کردم و زۆر لەسەرخۆ وتت: نایناسم.

تۆنیک: «لە تەنیشت ڤێراوە دەردەکەوێ. بەدڵەی کارکردنی لەبەردایە. بەعەزمێکەوە دەڵێ:» بەڵام ئەو پاشی ئەوەی ئازادیش کرا هەر نەیویست بتناسێ. تەنانەت نەیویست کەس لە ئێمەش بناسێ.

ڤێرا: بەناهەق کەس تۆمەتبار مەکە.



تۆنیک: دەزانم. دەزانم! ڕۆشنبیر و خۆشەویست و ڕوح سووک بوو. بەو ڕادەیە کە زانی دلۆڤانانە وازت لێ بهێنێ و، تۆش سوپاسمەندی ئەو پێکەوە ژیانەی ڕابردوو بی.

ڤێرا: ئەدی چی پێ دەکرا لە کاتێکدا ئەو چیتر دڵی بەمنەوە نەمابوو؟ ئەتەوێ مرۆڤێک مەحکوم بکەی لەبەرئەوەی قوربانی نەدا لە پێناوی خۆشەویستیدا؟ منی جێ هێشت بۆ کیژێکی دیکە، ئینجا ئەمە چی تێدایە؟ هەموو شتێ ڕوون و ئاشکرا و بێگەردانە ڕووی دا.

تۆنیک: بەڵام ئەوە ئاماژە بە ئامادەییەکی بێ چەندوچوون دەکات بۆ خیانەت کردن.

ڤێرا: خیانەتی چی، کە خۆشەویستی نەمابێ؟ من هیچ مانا و بەهانەیەک نابینمەوە بۆ سەرلەنوێ تێهەڵچوونەوە لەم بابەتەدا. لە کاتێکدا گستاپۆ یەک وشەیان لێ دەست نەکەوت!

تۆنیک: چونکە ئەو زۆر پابەندە بەئەتەکێتەکانی شەرەفەوە. دوای ئەو ڕووداوە وازی لە هەموو شتێ هێنا.

ڤێرا: مەڵێ وازی هێنا. ئێمە خۆمان لێ لاڕێ کرد بۆ ئەوەی لەمەترسی دوور بکەوینەوە چونکە گومانیان لێ دەکرد و خستبوویانە ژێر چاودێری خۆیانەوە.

تۆنیک: جا کاممان گومانمان لێ نەدەکرا؟

ڤێرا: ئەو هێشتا هەرزەکار بوو. لە هەموومان بچووکتر بوو!!.

تۆنیک: کەسانی دیکەش هەبوون لەمیش بچووکتر بوون!.

ڤێرا: هەر هەنگاوێ لە هەنگاوەکانمان ڕووبەڕوو بوو لەگەڵ مەترسیدا. لە شەقام دەڕۆیشتین هەروەکو پێ بە ناو کێڵگەیەکی مینڕێژ کراودا بنێین.

تۆنیک: بەڵێ وایە. تەنانەت لە تۆش دەترسا، بۆیە جێی هێشتی. وای لێ هاتبوو لە هەموومان دەترسا «بەگاڵتەوە» کەوتە ڕاکردن بەدوای زەمانەتی مسۆگەردا.

یێرجی: «بەغەمێکەوە» ویستم بژیم... نەمرم تۆنیک.گوێت لێیە؟ «دەستی ڕاستی کە هێشتا کلیلەکانی تێدایە بەرزدەکاتەوە بۆ سەرەوە. بۆ ئەو

شوێنە نادیارەی زرنگەی زەنگی جەنازەیی لێوە دێ» مەرگ هەمیشە ئامادەیە!!

تۆنیک: «تەماشای ئەو دەستە بەرزکرابۆوە دەکات کە کلیلەکانی پێیە» بووەتە یەکێک لە خاوەن کلیلەکان. «یێرجی بەئاگا دێتەوە کە کلیلەکانی بەدەستەوەیە. خێرا دەیانخاتە گیرفانییەوە. تۆنیک هێرش ئامێزانە دەڵێ:» دەی بیانشارەوە! بەو ئومێدەم باش دەرگاکانت کلۆم دابێ.

یێرجی: «بەتەنیا ڕووبەڕووی تۆنیک دەوەستێ. ڤیرا لەم کاتەدا دیار نەماوە و لەدیمەنەکە چۆتە دەرەوە. یێرجی نووزە بڕاوانە داکۆکی لە خۆی دەکات» بێ گومان کلۆمم داون! بۆ ئەوەی ئەو پارچە و پروچکەی ماوە لە مرۆڤ لە دنیای خۆی دزە نەکات!

تۆنیک: جاران بەبڕواییبیەوە، کەمت دەویست

یێرجی: بەڵێ وابوو. بەڵام دواتر دەرکەوت کە مرۆڤ لە کەم زیاتری دەست ناکەوێ. «بەغەمێکەوە» چیتر مرۆڤ بەلای منەوە جێی شانازی نییە. بەڵکو شایستەی گریانە. بێ هودەیشە کە بەو بڕوایەوە دەژین گوایە ئێمە مێژوو دروست دەکەین. بێ هودەیە کە لە پێناوی نەوەکانی داهاتوودا دەژین. ئەوانیش لە پێناوی نەوەکانی دوای خۆیان دەژین. ئەوە مانای وایە کە هەموومان لە پێناوی شتێکدا دەژین کە بوونی نییە.

تۆنیک: چۆن؟ بوونی نییە؟ بەلای منەوە ئایندە سەد ئەوەندەی ئەم ئێستا شێوێنراو و مردووە بوونی هەیە.

یێرجی: ئاخۆ بەلای تۆوە ئایندە ئەوەندە واقعییە؟ ئومێدەوارم ڕۆژێ لە ڕۆژان بەدیار ئەو جیهانەوە نەوەستیت کە لە پێناویدا تێکۆشاویت و وەک دایکێک کە تەماشای منداڵە قەمبوورەکەی دەکات. تۆش تەماشای بکەیت. تۆ لە پێناوی ئەوەدا دەژیت کە دێت، بەڵام ناتوانی پێشبینی بکەیت ئەوەی دێت چۆنە. بەو پێیەش تۆ دەژیت و نازانی بۆچی دەژیت؟.

«لەگەڵ دوا وتەکانی یێرجیدا. تۆنیک دیار نامێنێ. ئێلینا لە نزیک



یێرجییەوە دەردەکەوێ. بەو جلوبەرگانەوە کە لە دوا دیمەندا بینیمان، ئەو تەنها مایۆیەک و سوخمەیەکی لەبەر دایە. بەڵام چەپکێکی گەورە گوڵی سپی بووکێنی بەباوەشەوەیە. یێرجی بێ پسانەوە و، بەهەڵچوونەوە لەسەر قسەکانی بەردەوامە. وردە وردەش دەنگی زەنگە جەنازەییەکە دەگۆڕدرێ بەزەنگی ئاهەنگ و خۆشی» من لە پێناوی نەبوویەکدا ناژیم. «ئێلینا دەبینێ. دەچێ بۆلای» من لە پێناوی هەبوودا دەژیم. لە پێناوی تۆدا «لەبەردەمیدا دەچێتە سەر چۆک» تۆ بۆ منی... ئێستا... هەمیشە... بەردەوام!

ئێلینا: «لەبەردەم یێرجی دا کە چۆتە سەرچۆک ڕاوەستاوە و قژە ئاڵۆزکاوەکەی چاک دەکاتەوە» پرچت شانە بکە... ئێستا جێبەجێ دەکرێ؟

یێرجی: چی؟

ئێلینا: مارە بڕینەکە!

یێرجی: ئێمە ماوەیەکی زۆرە لە یەکتر مارە بڕاوین.

ئێلینا: بەڵام من دەمەوێ زەواجمان هەموو ڕۆژێ دووبارە ببێتەوە. هەموو ڕۆژێ، هەموو ڕۆژێ، هەموو ڕۆژێ.

یێرجی: «بەحەماسێکەوە» تۆ ڕاست دەکەیت... هەموو ڕۆژێ!

ئێلینا: سەرلەبەیانیان پیرۆزبایی لێ کردن، نیوەڕوان مارەبڕین و ئاهەنگ گێڕان. ئیتر بەمجۆرە چەندبارە ببێتەوە! تەماشاکە... ئاسمان شینە!!

یێرجی: «هێشتا لەسەرچۆکە، تەماشای ئەو شوێنە دەکات لەسەرەوە کە ئێلینا بەحەماسەوە ئاماژەی بۆ کرد، پاشان وەک ڕەتکردنەوە سەر ڕادەوەشێنێ» نا بەستەڵۆکە! تەختێکی بەستووە! جیهانیش لەوێیە، لە شوێنێک لەو سەرەوە. خەڵکیش بەپێ خەریکی کوتانەوەین. ئەوە خۆر نییە، بەڵکو شارێکە دەسووتێ... لەژێر ئەو تەختەدا هیچ ڕێگەیەک نییە... لێرە ئاشتی و ئارامییە. لێرە ئێلینا خۆشگوزەران دەبین... هەردووکمان... وەک دوو ماسی «لەقوڵاییەوە دوو پیاو پێ بەپێی ڕیتمی لێدانی زەنگێک دێنە پێشەوە... کە ئێلینا دەیانبینێ، لە تەنیشت یێرجییەوە ئەمیش دەچێتە سەرچۆک و هەردووکیان

پشتیان لە بینەرانە و، چاوەڕێی دوو پیاوەکە دەکەن کە دوا جار دەگەنە بەردەم ئەم بووک و زاوایە. دوو پیاوەکە جلکی کرێکارانەی سادەیان لەبەردایە. بەڵام دەنگی زەنگەکە و جۆری ڕووناکی دیمەنەکە و کەشی شوێنەکە، نیشانەی ئاهەنگی مارە بڕینن».

پیاوی یەکەم: «وەک بڵێی بەنەغمەیەکی وەزیفیانە دەدوێ و هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە» ئێلینا نچاسۆفا؟

ئێلینا: «بەخۆشییەوە» بەڵێ!

پیاوی یەکەم: یێرجی نچاسی؟

یێرجی: بەڵێ.

پیاوی دووەم: بووکێ؟

ئێلینا: بەڵێ.

پیاوی یەکەم: «بەدەنگێکی سارد، بەڵام بەحورمەتەوە» بۆچی ئەی زاوا، ئەم کچەت لەناو هەمووواندا هەڵبژارد؟

یێرجی: چونکە هێشتا منداڵە.

پیاوی یەکەم: جا بۆچی منداڵت هەڵبژارد؟

یێرجی: گەورە بوو، کامڵ بووە. کامڵ بووش ناجۆرە. وەلێ منداڵ هێشتا پاکژە.

پیاوی دووەم: «بەتووڕەییەکەوە لەگەڵ یێرجییەتی» جا هەموو شتێکی لە پێناودا دەکەیت، مادەم پاکژە.

پیاوی یەکەم: «بەتووڕەییەکەوە ئاوڕ بۆ ئێلینا دەداتەوە. ئەو قسەکردنە ناسکەی یەکەمجار، هەر لە پڕێکدا دەگۆڕدرێ بۆ جۆرێک وەک لێکۆڵینەوەکانی دادگاکانی پشکنین و بە ڕیتمێکی وررووژێنەر هەڵدەسووڕێ» تۆش ئەی بووکێ، بۆ هەر کوێیەک دەچی، کە ئەو بۆی بچێ؟

پیاوی دووەم: «لەگەڵ یێرجییەتی» وەڵام بدەرەوە زاوا!

پیاوی یەکەم: «لەگەڵ ئێلینایەتی» وەڵام بدەرەوە بووکێ!

یێرجی: هەموو شتێک لە پێناوی ئەودا دەکەم.

پیاوی دووەم: «لەگەڵ یێرجییەتی» لە پێناوی ئەودا تەنانەت لەگەڵ



ماسیشدا دەژیت؟

یێرجی: ماسی بێ وەین! بەڵێ لەگەڵ ماسیاندا دەژیم!

پیاوی یەکەم: «لەگەڵ ئێلینایەتی» وەڵام بدەرەوە ئەچی بۆ هەر شوێنێ ئەو بۆی بچێ؟

ئێلینا: «داکۆکی لە خۆی دەکات» من سەروەریی سەربەخۆی خۆم هەیە!

پیاوی دووەم: «بەئێلینا دەڵێ» کەواتە بووکێ تۆ ئەوت خۆش ناوێ؟

ئەفسەرەکە: «لەپشتەوە تەماشای ئەم مەراسیمە دەکات، بەگاڵتەجاڕییەکەوە قسە لەمەسەلەکەدا دەکات» زاوا تۆ هاتوویت بۆ ژنهێنان یان خۆشاردنەوە؟

پیاوی دووەم: «لەگەڵ ئێلینایەتی» وەڵام بدەرەوە بووکێ!

پیاوی یەکەم: بۆ مارەبڕین هاتوویت یا خۆشاردنەوە زاوا؟

پیاوی دووەم: وەڵام بدەرەوە بووکێ.

ئێلینا: «بەتەنگەتاوییەکەوە» من لێتان دەترسێم!

پیاوی دووەم: کە دەترسێیت، ئەدی چی دەکەیت لێرە؟

ئێلینا: «ناڕەحەتە» من دەمەوێ شوو بکەم.

پیاوی یەکەم: «لەگەڵ ئێلینایەتی» کامیانت دەوێ... یێرجی یان شوو کردن؟

ئەفسەر: زاوا تۆ چیت دەوێ... ژنهێنان یان خۆشاردنەوە؟

پیاوی یەکەم: «لەگەڵ ئێلینایەتی» یێرجی یان شووکردن؟

تۆنیک: «لەگەڵ ڤێرادا لە پشتەوە تەماشای ئەم مەراسیمە دەکەن و، ئێستا هاتوونەتە پێشەوە بەخێرایی دەڵێ» لەکاممان خۆت دەشاریتەوە؟ لەو «ئاماژە بۆ ئەفسەرەکە دەکات» یان لە ئێمە؟

پیاوی دووەم: وەڵام بدەرەوە بووکێ!

پیاوی یەکەم: وەڵام بدەرەوە زاوا!

یێرجی: «هەڵدەستێتە سەرپێ و هاوار دەکات لێم مەپرسنەوە، ئێمە لە ئاهەنگی مارەبڕینداین!

پ. ی: ئەمە ئاهەنگ نییە... ئەمە دادگایە!

تۆنیک: یێرجی نامەوێ ئاهەنگەکەت لێ بشێوێنم بەڵام چارم نییە و دەبێ

پێت بڵـێم کـە بەدوای ڤـێـرادا دەگـەڕێن و، زۆر پێـویسـتـە خـۆی بشارێتەوە.

ئێلینا: «ڤـێـرا دەبینێ و هاوار دەکـات» یای! ئەم ئافـرەتە کـێـیە! ڕۆبێکم نییە لەبەری بکەم!

ئەفسەرەکە: «لە ئێلینا نزیک دەبێتەوە و، بەحەزێکەوە دەڵێ» پشیلەیەکی جوانی!

ڤێرا: ییێرجی بڕوام پێ بکە نەمدەویست ناڕەحەتت بکەم!

تۆنیک: کارێکی ترمان لەدەست نەدەهات بیکەین.

ییێرجی: دەتوانن متمانەم پێ بکەن! «لەگەڵ ڤێرایەتی» بەخێرهاتی ڤێرا.

ئەفسەر: «ئێستا چاودێری ییێرجی دەکات» درۆ مەکە!

ییێرجی: «بەگومانێکەوە» متمانەم پێ بکەن!

ئەفسـەرەکە: درۆ مەکـە... ترس کـۆت و زنجیـرە... چیکەکانیش تـەنـها دوو جـۆرن... جـۆرێکـیـان ئەوەتان لە زینداندان... جـۆرەکـەی تر «ئاماژە بۆ ییێرجی دەکات» بەپەت ڕایاندەکێشین!

5

«پاش ئەوەی نمایشە خـەونی یەکـەم تەواو دەبێ ڕووداوەکـان دەگـەڕێنەوە و، لەسـەر شـانۆ دوو ژوورەکـەی خـانەوادەی کـرۆتا دەردەکەونەوە، ئەو کـاتژمـێـرانەی دواکـەوتبـوون هەشـتـەمین زەنگی خۆیان لێ دەدەن...».

ییێرجی: پاڵتۆکەت دابکەنەوە «یارمەتی دەدات ڕەین کۆتەکەی دابکەنێ».

ڤێرا: ییێرجی مەترسە... تەنها نیوسەعات لێرە دەمێنم!

ییێرجی: ئەی دوای ئەوە بۆ کوێ دەچی؟

ڤێرا: تۆنیک تەلەفۆنمان بۆ دەکات؟

ییێرجی: ئەدی تۆنیک ئێستا لەکوێیە؟

ڤێرا: «دادەنیشێ» دەکرێ دانیشم؟

ییێرجی: بۆچی لەلای دوکانی شیرینەمەنیەکە چاوەڕێتان نەکردم؟

ڤێرا: هەستمان کرد یەکێک چاودێریمان دەکات، بۆیە بڕیارمان دا خۆمان



بشـارینەوە... «لە پڕ وەئاگا دێت کـە لەوانەیە بەم قسـەیە ییێرجی تۆقـاندبێت» بەڵام مـەترسـە، ئەوکـاتەی بۆ ئێرە دەهاتم کـەس بەدووم نەکەوت گەردنم لە پێناوتە... جا مەترسە ییێرجی.

ییێرجی: «هەندێ ناڕەحەتە» ئەوەندە نیگەران مەبە لە ترسانی من... پاشان بۆ دەبێ بترسم؟

ڤێرا: چاکە... ئەمە زۆر باشە «تەماشایەکی دەوروبەری خۆی دەکات» ئەمە ژووری تۆیە...؟

ییێرجی: بەڵێ.

ڤێرا: ئەم هەموو کاتژمێرە، بۆچی؟

ییێرجی: «بەگاڵتە پێ کردنەوە» وەک مێش گیزە گیزیانە... وا نییە؟

ڤـێـرا: «دادەنیـشـێـت و... هەست بەخـاوبوونەوە دەکـات» نا... لەم تیک تاکـەدا، جـۆرێک بێ دەنگی و هێـمنی هەیە، لەو بڕوایە دام منیش لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا بوومـەتە جـۆرێک لە کـاتژمـێـر... دەبێ بێ وەسـتـان هەر بڕۆم، بڕۆم، بڕۆم، غـاردەم... ئەوەتا ئێـسـتـا لە پڕێکدا گـوێم لێـیـە زەمـەن بەبێ من دەڕوا، خـۆی بۆ خـۆی و بەتەنیـا دەڕوا، وەک ڕووبارێکە ڕێ دەکـا. لەڕادەبەر هیـلاک و مـاندووم... تکایە، نەختێ ئاو نییە بمدەیتێ؟

6

«کرۆتۆفا ئۆقرەی لێ براوە و دەیەوێ بزانێ ئەمەی هات کێیە. قیت و قنج لەلای ئەو دەرگایەوە کە دەچێتەوە سەر ژووری یەکەم وەستاوە ڤـێرا و ییێـرجی زۆر بەکزی قسـان دەکـەن. بڕیار دەدات خۆی بکا بە ژووردا و وا خۆی نیشان بدات کە نەیزانیوە ییێرجی میوانی هەیە»

کـرۆتۆفـا: «لەناو دەرگـا کـراوەکـەدا، خـۆی سـەرسـوڕمـاو نیـشـان دەدات» ببوورن... نەمدەزانی

ڤێرا: «بەپەلە خۆی بەئەتەکێتێکی کۆمەڵایەتییانە دەرەخسێنێ و ئەم بەپیر کروتۆفاوە دەچێت» بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە منم بەم بەیانییە زووە لە ڕۆژی یەکشەممەدا، موزاحمتان بووم!

ییرجی: «ڤێرا بەخەسووی دەناسێنێ» کۆنچێنای ئەندازیار... لەپراگەوە هاتووە.

ڤێرا: «دەستی درێژ دەکات بۆ لای کرۆتۆفا» کۆنچێنا!

کرۆتۆفا: خۆشحاڵم!

ڤێرا: هاورێی ییرجی بووم لە زانکۆ.

کرۆتۆفا: ئەدی لێرە لە «فستین» چی دەکەیت؟

ڤێرا: بەکارێکی ڕەسمی هاتووم.

کرۆتۆفا: کەس هەیە بەکاری ڕەسمی بێت بۆ ئەم تەویلەیە.

ڤێرا: هاتووم بۆ کارگەی چەکسازییەکە. من لەلای «کولبن... دانییک» کاردەکەم.

ییرجی: «لەپڕ دێتەوە یادی» ئاوەکە.«بەغار دەچێ بۆ ساڵۆنەکە»

ڤێرا: بەدرێژایی شەو کارمان کرد، بۆیە ئاوا سەروسیمام ناجۆر دیارە.

کرۆتۆفا: بەدرێژایی شەو؟ چیت دەکرد؟

ڤێرا: لەبەشی نەخشەسازی، وێنەمان دەکێشا

کرۆتۆفا: «بەخۆنواندنەوە» بەڕاستی نەشیاوە!

ڤێرا: «هەوڵ دەدات دڵی کێش بکات» ئومێدەوارم بەوە نیگەران و تووڕە نەبووبن کە بەم شێوەیە موزاحمتان بووم. مرۆڤ کە هەستی بەتەنیایی کرد و لە شوێنێکی نەناسراو بوو...

کرۆتۆفا: «بایەخێکی چاوەڕێ نەکراو دەخاتە سەر قسەکانی ڤێرا» تێدەگەم وەزعت چۆنە من دەزانم کەسێک تەنیا بێ مانای چییە. ئەوە تۆ نەبوویت ئەم بەیانییە تەلەفۆنەکەت کرد...؟

ڤێرا: «بابەتی قسەکردنەکەی نێوانیان دەگۆڕێ» نەخێر... نەشمزانیوە کە ییرجی تەلەفۆنی هەیە. چەند ساڵێکە نەمدیوە. لەوە زیاترم نەزانیوە کە لە «فستین» ژنی مارە کردووە. هەر ئەمەیشم بەخودی خۆم گوت: من کەس لێرە ناناسم

کرۆتۆفا: کەسمان خەڵکی ئێرە نین خانمە ئەندازیارەکە. من خەڵکی ئێرە نیم... من و کچەکەم لە پراگ دەژیاین... ئێوو بەر لەماوەیەکی زۆر... کەواتە ئێوە هاورێی یەکترن.



ڤێرا: بەڵام لەیەک جۆر نین. «ییرجی دەگەڕێتەوە، پەرداخێ ئاوی بەدەستەوەیە پێشکەشی ڤێرای دەکات».

کرۆتۆفا: ڕاست دەکەیت. تۆ نازناوی ئەندازیارت وەرگرتووە، کەچی بەر لەوەی ییرجی دەربچێ کۆلێژەکە داخرا.

ڤێرا: «پەرداخە ئاوەکەی خواردۆتەوە» ئەم هەموو کاتژمێرە بۆچی؟

کرۆتۆفا: ئۆهـ... ئەمانە کەمن... ئەگەر ژوورەکەی دیکە دەبینی «بانگ دەکات» بەبێ وەرە تەماشایەکی ئێرە بکە...

ییرجی: پێویست ناکات لەڕاستیدا ئەم خانمە ئەندازیارە بۆ دیدەنی من هاتووە و میوانی منە.

کرۆتا: «کە لەو کاتەدا خۆی ڕێکخستووە و بەخۆشحاڵیە و بەدەنگ ژنەکەیەوە دێت و دێتە ژووری یەکەم و بەدەنگی بەرز سڵاو دەکات» دەستەکانت ماچ دەکەم!

کرۆتۆفا: «لەقوڵاییەوە هەستی بریندار بووە بۆیە بەییرجی دەڵێ:» دەزانم زۆر دڵشاد دەبووی ئەگەر ئێمە هەر لێرە نەبووینایە.

ڤێرا: «وەڵامی موجامەلەکەی کرۆتا دەداتەوە» سەرسامێتی خۆم بەکاتژمێرەکان دەردەبڕی.

کرۆتا: ئەمە سێتی منە، بەدڵتە؟

ڤێرا: بێ حەد بەبەهان

کرۆتا: خانمەکەم! هەموو ڕۆژێ قورمیشیان دەکەم... ئەو کارە بۆتە سستمی ژیانم، ئەگەر نا هەست ناکەم ڕۆژ بۆتەوە. پێشتر بەیانیان بۆمن ڕیزکردنی سەربازەکان بوو لەسەربازگە. کە خانەنشین کرام ئەم کاتژمێرانە بوونەتە سوپاکانی من.

کرۆتۆفا: «دەچێ پەنجەرەکە دەکاتەوە» دەشیەوێ لەو ژوورە میوانداری خەڵک بکات! «بەرووی ژووری دووەمدا هاوار دەکات» ئەو نوێنە ڕێک بخە ئێلینا... «بەڤێرا دەڵێ:» وەرە و تەماشایەک بکە... «ئێلینا لەژوورەکەی خۆی دەکێشێتەوە، ڕۆبێکی ناوماڵی لەبەر دایە، کرۆتا و کرۆتۆفا و ڤێرا دەچنە ناو ژووری دووەمەوە»

7

مەزاجی ئێلینا باش نییە، بەناچاری و کەمێ تووڕەییەوە دەچێ بەرەو نوێنە نارێکەکە و، بەدرێژایی ئەم دیمەنە شانۆییە بەدالّغەلێدان و تووڕەییەوە خەریکی ڕێکخستنی دەبێ. کرۆتا سێتی دووەمی کاتژمێرەکانی لەم ژوورەدا نیشانی ڤێرا دەدات. پەنجە دەخاتە سەردەمی بەو جۆرە کە داوا دەکات قسە نەکەن تا گوێیان لە تیکتاکی کاتژمێرەکان بێ».

یێرجی: «لەگەڵ ئێلینایەتی» ئەوە چیتە؟

کرۆتا: گوێتان لێیە؟

یێرجی: چیتە؟

کرۆتا: تیکتاک؟

یێرجی: دە بڵێ چیتە... زمان لەدەمتا نییە؟

کرۆتا: «ئیشارەت بۆ کاتژمێرەکانی دەکات» گوێتان لێیە؟

ئێلینا: هیچم نییە، ئەمڕۆت لێ تێکدام.

کرۆتا: دەڵێم... ئەو تیکتاکانە وەک گۆرانیێ لە دارستاندا

کرۆتۆفا: یێرجی نەفرەت لەو دەنگانە دەکات، دەڵێ وەک مێش گیزە گیزیانە.

کرۆتا: هەندێ جار، هەستی جوانناسی لەلای سەربازێک زۆرترە لەهی ئەندازیارێکی بیناساز.

ئێلینا: جا تۆ بۆ بایەخ بەمن دەدەیت؟ نەدەبوو دەرگاکەم لەسەر دابخەیت.

کرۆتا: «ئاماژە بۆ یەکێک لە کاتژمێرەکان دەکات» ئا ئەوە دەبینی لەپشت جامەکەوە؟

یێرجی: جا ئاخۆ بەئەنقەست وام کرد؟

ڤێرا: ڕاوچییە؟

کرۆتا: نا نەخێر، کیژێکە تفەنگی هەڵگرتووە... پۆشتە و پەرداخە وا نییە؟

یێرجی: ئێمە یەکترمان خۆش دەوێ.

کرۆتا: دەبینی چی کردووە بەکڵاوەکەیەوە؟



یێرجی: ئیتر چی لەیەکترمان جیا دەکاتەوە؟

ڤێرا: پەڕێک!

یێرجی: شتێکی نابەجێ!

کرۆتا: «بەحەماسەوە» بەڵێ ڕاست دەکەی، پەڕێک!

یێرجی: ئەڵێی بەیەکتر نامۆین

کرۆتا: تفەنگەکەی بەوجۆرە بەدەستەوە گرتووە هەروەک بڵێی سەربازە.

یێرجی: «بەردەوام جەخت دەکات» تکات لێ دەکەم. ناکرێ ئەمڕۆ وا خۆ دەرخەین کە نامۆین بەیەکتر... تۆ لەڕاستیدا تولفەکەی خۆمی...

کرۆتا: سەعات دوازدە. دەست دەکات بەتەقەکردن

ئێلینا: تولف نیم!

کرۆتا: تاق، تاق، تاق!

ئێلینا: تۆ لەبیرت دەچێتەوە کە منیش کەسایەتی خۆم هەیە

کرۆتا: ئای چ تەقەکردنێکە، کە دەست پێ دەکات

ئێلینا: منیش ژیانی تایبەتی خۆم هەیە

کرۆتا: «بەپەنجە ڕاوەشاندن وەک بڵێی هۆشداری دەدات بەکیژی کاتژمێرەکە» ئاگاداربە ئاگر نەکەوێتەوە

یێرجی: ئێلینا... ئەمڕۆ من پێویستم بەتۆیە لە پاڵم بی... تەماشاکە ورد بەرەوە، گرتن و لە سێدارەدان لە هەموو لایەکەوە ئابڵوقەی داوین، کەچی ئێمە لەسەر مەسەلەی زۆر هیچ و پووچ شەڕ دەکەین.

ئێلینا: وازم لێ بێنە!

کرۆتا: «جارێکی تر ڤێرا و کرۆتۆفا بەرەو ئەو دەرگایە دەبات کە دەچێتەوە سەر ژووری یەکەم» لەو ژوورە؛ کاتژمێرێکی نەمساوی لێیە زۆر جوانە و چۆلەکەی هەیە.

یێرجی: «دەچێت بۆلای ئێلینا... حەز دەکات دەست لەملی بکات و لە باوەشی بگرێ» ئێلینا...!

ئێلینا: «پاڵی پێوەدەنێ و دووری دەخاتەوە» ڕۆژەکەم لێ تێک دەدات، ئێستاش هاتووە وەک منداڵ دەپاڕێتەوە! «ڤێرا و کرۆتا و کرۆتۆفا، لەبەردەم دەرگای ژووری یەکەمەوە ئاگایان لەو بەزمەیە و خەندە

گرتوونی» من ئیتر دەچمە ژوورەکەی تر.

کرۆتۆفا: «دەچێتە ناو ژووری یەکەمەوە و، ڤێرا لەدەم دەرگاکە بەجێ دەهێڵێ و، شانێک بادەدات و بەچرپە بەکرۆتا دەڵێ» بادەرسێک فێر ببێ!!

## 8

«کرۆتۆفا بێ موبالانە شان هەڵدەتەکێنێ و ژوورەکە جێ دەهێڵێ و ڕوو لە ڕاڕەوەکە دەکات. با وای دابنێین چووبێتە چێشتخانەکە تا قاوەڵتی بەیانی ئامادە بکات. کرۆتا بەتەنیایە لەژوورەکەدا، خەریکی چەسپکردنی ئالآکانە بەچوارچێوەی پەنجەرەکەوە. ڤێرا لەبەلەکۆنەی ژووری یەکەمدا ڕاوەستاوە... هەمووان شڵەژاون».

یێرجی: «بەڤێرا دەڵێ:» وەرە ژوورەوە.

ئێلینا: «سەرێ دەهێنێ و سەرێ دەبات پاشان دەپرسێ:» تۆ شووت کردووە؟

ڤێرا: نەخێر!

ئێلینا: ئەوە بەخت یارتە. هەر ئافرەتێ بیەوێ شتێ لە ژیانیدا بەدی بهێنێ نابێ شوو بکات.

ڤێرا: تۆ دەتەوێ چ لە ژیانتا بەدی بهێنی؟

ئێلینا: سەما بکەم!

ڤێرا: شانۆکاریت؟

ئێلینا: نەخێر... ماوەیەکی کەمە مەشق لەسەر سەما دەکەم... لەمانگێکدا دوو جاران دەچمە قوتابخانەی بالێیە، بەڕێوەبەرەکەی خاتوو فاکتۆرۆفایە. پێشتر لە شاری برنۆ لە بالێیەی حکومەت کاری دەکرد... بەڕاستی زۆر زۆر باشە.

ڤێرا: جگە لەوە لەهیچ جێیەکی دیکە کاردەکەیت؟

ئێلینا: ئێستا، نەخێر... دایاننەمەزراندووم.

ڤێرا: کەواتە بەتەواوی دەستبەتاڵیت بۆ بالێیە.

ئێلینا: نەخێر، چونکە ئەرکی ماڵەکەم لەئەستۆیە... لەڕاستیدا کارێکی



زۆرم بەسەرەوەیە «بەپەنجەکانی دەیژمێرێ» یەکەم ئەرکی ماڵەکە، دووەم گێسک دەدەم، سێیەم بالێیە، چوارەم چاوەڕێم دامەزرێم. پێنجەم هەموو ئەرکی ماڵەکە بەسەر منەوە. سەماش بەلای یێرجییەوە تەنیا باز بازێنە. بەڵام هەڵبەت سەماش کارکردنە هەروەکو خاتوو فاکتۆرۆفا دووپاتی دەکاتەوە. بۆ نموونە تیجنسکی چەندێ مەشقی دەکرد... هەموو هونەرمەندەکانی دیکەش... بۆ نموونە کۆبیلیک! پێویستە مرۆڤ کارەکەی خۆی خۆشی بوێ. تۆ دەتوانی بێ کارکردن بژیت؟ من ناتوانم... ئەگەر قاچم شتێکی لێ بێ، خۆم دەکوژم... بەڵێ، زۆر بەڕاستمە خۆم دەکوژم... زۆر جار بیر لەم مەسەلەیەش دەکەمەوە.

ڤێرا: جا بە چ ڕێگەیەک خۆت دەکوژی؟

«لەم کاتەدا لەلای مێزی نووسینەکەوە وەستاوە تەماشای شتە بلآو بۆوەکانی سەری دەکات. وەرەقە و کتێبەکان. هەندێکیان هەڵدەگرێ، بەجۆرێک لە نێو دەستەکانی دەنێ هەروەکو پێشتر بیانناسێ... پێشتر پەیوەندییەکی گەرم و گوڕی لەگەڵیاندا هەبووبێ»

ئێلینا: «ئاساییانە» یەک شووشە لەو گولاجی لۆمیناله دەخۆم کە لەسەر مێزەکەی یێرجییە. ئاخۆ ئەوە نامکوژێ؟

ڤێرا: با بەسە دەتکوژێ؟

ئێلینا: لەو بڕوایە دام هەر مرۆڤێک ئامانج و پەیامێکی خۆی لە ژیاندا هەیە. ئەگەر نا بەبێ ئەو پەیامە دەبێ ژیانت چ مانایەکی هەبێ؟ ئاخۆ دەبێ وەک مێگەل بژین؟

یێرجی: تکایە پێویست ناکات بەوجۆرە ناو لە شت بنێیت.

ئێلینا: ناو لێ نان نییە... هەر مرۆڤە پەیامێکی خۆی هەیە.

یێرجی: بەڵێ کە منداڵ بوو، دایبی جۆری تربسیخۆری هەڵدەگرت لەویشدا نەبووایە میزی نەدەکرد.

ئێلینا: تۆ حەسوودیت... هەموو ئامانجەکەی تۆ ئەوەیە ببیتە نوێنەری کۆمپانیایەک.

ڤێرا: «بەئێلینا دەڵێ:»گوێی لێ مەگرە... ئەو هەر وا بووە حەز دەکات

عەیب لە شت بگرێ. کەچی خۆشیی خەریک بوو شێت بێ بۆ کۆلێژی ئەندازیاری بیناسازی. «بەییێرجی دەڵێ:» ئەم کتێبانە لەکوێوە دەهێنی؟

ییێرجی: لە پێناویاندا سەفەر دەکەم بۆ برنۆ هەوڵ دەدەم خۆم بەخۆم بخوێنم.

ئێلینا: ڕاست دەکات... بەتایبەتیش شەوانە، بۆ ئەوەی نەهێڵێ من بنووم.

ڤێرا: «ئەو پارچە قورساییەی خرابووە سەر هێڵکاری و وێنەکان لای دەبات و لێیان ورد دەبێتەوە» لەکوێ ئەمانە دەکێشی؟

ییێرجی: لە وێنەگا ئەندازەییەکەی کۆمپانیا

ڤێرا: بەڵام ئەمانەی لەژێر ئەم قورساییەدا داتناون. بۆ کۆمپانیاکە نەکێشراون.

ییێرجی: نەخێر... بۆ خۆمم کێشاون!

ئێلینا: هەر وەرەقەیەکی دەست بکەوێ، شتێکی لەسەر وێنە دەکێشێ.

ڤێرا: چیت دەوێ؟ لەسەر ئەم زەوییە خانوویەک وەکو خۆی بەکاملی نامێنێ، ئالێرەشدا شەقامی سەوز و باڵەخانەی بەرزی لە شووشە دروستکراو. کە مرۆڤ حەزدەکات تێیدا بژی. «بەوردی لە هێڵکارییەکیان ڕادەمێنێ و لەخۆی دەپرسێ» ئاخۆ ئەمە وێستگەیە؟ «بەئێلینا دەڵێ:» هەمیشە بایەخ بە شار دەدات... وانییە؟

ئێلینا: «هەڵبەت لە مانای ئەم وشەیە ناگات» جا بە جەهەننەم؟

ڤێرا: شار«سەری لەوە دەسوڕمێ کە ئێلینا تێ ناگات» شار بواری پسپۆڕێی ییێرجییە... نەخشەکێشانی شار.

کرۆتۆفا: «دێتە ژووری دووەمەوە ئێلینا بانگ دەکات» ئالی وەرەو یارمەتیم بدە!

ئێلینا: «ڕادەکات بۆ ژووری دووەم» ئەویش بایەخ نادات بە سەما کردنی من لە بالێیە!

ڤێرا: کەواتە تۆ بەتەنیا لەناو ئەو خانووە جوان و بەتاڵانەدا دەژیت؟ «پارچە قورساییەکە دەگەڕێنێتەوە سەر کومەڵە نەخشە و هێڵکارییەکان».



# 9

«کرۆتۆفا و ئێلینا لە ژووری دووەم، مێزی نانخواردنەکە ئامادە دەکەن... لەژووری یەکەمیشدا ڤێرا و ییێرجی پێکەوەن»

ییێرجی: تۆنیک لەکوێ مایەوە؟

ڤێرا: تەلەفۆن دەکات. دەبێ بمگەیەنێتە لای ئەوانی دیکە.

ییێرجی: ئەی چۆن گەیشتیتە ئێرە؟ هەموو شتێکم بۆ باس بکە پەلە بکە.

ڤێرا: دڵنیابە... لە هەر ساتێکدا بێ تۆنیک تەلەفۆنێکمان بۆ دەکات... دەڕۆم... کەس لێرە ناناسین... مانەوەشمان لەسەر شەقام جێی مەترسییە. زۆرم لەگەڵیدا هەوڵ دا، نەیویست لەسەر شەقامەکە جێم بهێڵێ.

ییێرجی: باشە بۆچی ئەوەندە داوای لێبووردن دەکەیت و دووبارەی دەکەیتەوە؟ هاتنی تۆ بۆ لای من، کارێکی ئاساییە.

ڤێرا: نا ئاسایی نییە. چونکە ماوەیەکی زۆرە یەکترمان نەدیوە.

ییێرجی: جا ئەوە مانای وایە، کە تۆ منت نەیەتەوە یاد؟

ڤێرا: تۆ شێتی؟ بەڵام من چوزانم تۆ هیشتا لەسەر پەیمانەکەی خۆت ماوی یان نەء؟ لەبەرئەوە بوو تۆنیک تەلەفۆنی بۆ کردیت. ویستمان یەکەمجار قسەت لەگەڵدا بکەین. دوای ئەوە ناچار بووین فرۆشگای شیرینەمەنییەکە جێ بهێڵین و، یەکەو ڕاست هاتم بۆ لای تۆ. چیتر نەمدەتوانی لەدەرەوە بمێنمەوە... ڕێکخراوی شاری «کۆلبنا» هەموویان گیران. خەریک بوو بەتەواوی پەکم بکەوێ... سێ ڕۆژە بەبەردەوامی ڕادەکەم.

ییێرجی: ڕێکخراوی کولبنا... هەموویانم دەناسی...

ڤێرا: بەڵێ... تۆ دەتناسین.

ڤێرا: دەبێ خۆم بشارمەوە... هاوڕێیانیش دەبێ کەسێک بنێرن تا لەگەڵیدا بچم بۆ سلۆفاکیا. وەزع لەوێش لەهەر ساتێکدا بێ دەتەقێتەوە.

## 10

کرۆتۆفا: «دەرگای ژووری یەکەم دەکاتەوە» خۆ تەنگەتاوم نەکردوون...
«بانگیان دەکات بۆ ژووری دووەم» هەر چۆنێ بێ ئەمە قاوەڵتییەکی وەک ئەوانەی کاتی جەنگە، لەش جوانییەکەت تێک نادات. «بەئێلینا دەڵێ:» دەی یارمەتیمان بدە ئالی: «لەگەڵ ڤێرایەتی:» فەرموو دانیشە! «یێرجی و ڤێرا هاتوونەتە ژووری دووەم»

کرۆتا: «لەمێزەکە دەچێتە پێشەوە و کورسییەک ڕادەکێشێ و فەرموو لە ڤێرا دەکات» فەرموو!

کرۆتۆفا: «داوا لە ئێلینا دەکات دابنیشێ» ئالی...!

ئێلینا: قاوەڵتیم کردووە!

کرۆتۆفا: بەڵام خۆ دەکرێ لەگەڵمان دابنیشی... «ڤێرا و یێرجی و کرۆتۆفا دانیشتوون و دەستیان کردووە بە نان خواردنیش. ئێلینا مەزاجی باش نییە... دەچێتە لای پەنچەرەکەوە و تەماشای دەرەوە دەکات». چی لێیە تا تەماشای بکەیت؟

ئێلینا: «تەماشای خوارەوەی ئاپارتمانەکەیان دەکات» هەندێ لە پیاوانی گستاپۆ و لاوانی هتلەرتار

کرۆتۆفا: «نارەحەتە» چ دەکەن لەوێ؟

کرۆتا: ئەمڕۆش نمایشیان هەیە، دەرگاوانەکەشمان ئەو لاوە هتلەرتارانە دەنێرێتە سەر بانی ئاپارتمانەکەمان و، دنیا دەشلەژێنن.

ئێلینا: ئەمڕۆ ناتوانم گەرماو ڕۆژێک بکەم... لەسەربان جێیەکی بچووکی تەخت هەیە ئەگەر لەوێ پاڵ بکەوی کەس ناتبینێ... سۆزانا هەموو لەشی لەبەر ڕۆژ ئەسمەر کردووە، من نەبێ... تەنانەت کاتی ئەوەشم نییە.

یێرجی: «دیقەت دەدات وا ڤێرا نیگەران و نارەحەتە... ڤێرا دەستی بەئێخەکەوەیەتی و قۆپچەی بن ملی دەکاتەوە» هەست بەهیچ ئەکەیت؟

ڤێرا: نا... نا هیچ نییە.



کرۆتۆفا: تۆ بە هۆی کاری شەوانەتەوە، ماندوویت... دەبێ نان بخۆیت.

ئێلینا: «نارەحەتانە دێت و دەچێ، پاشان لەسەر سوچێکی مێزی نووسینەکە دادەنیشێ» ئەگەر هیچ نەبووایە هێلکەمان هەبووایە! «بەڤێرا دەڵێ:» حەزت لە هێلکەیە؟ «ڤێرا ئاگای لە پرسیارەکە نەبوو، بۆیە بێ دەنگ وەڵامی نەدایەوە. لە پەنجەرە کراوەوەکەوە دەنگی هەرا و زەنای تەپڵ لێدان و زوڕناژەنینی ناساز دێت. کرۆتۆفا وا هەست دەکات دەبێ وەزعەکە چێ بکات».

کرۆتۆفا: «بەڤێرا دەڵێ:» ئێلینا دەپرسێ، ئاخۆ حەزت لە هێلکەیە؟

ڤێرا: «خۆ بەخۆ» بەڵی حەزم لێیە.

ئێلینا: منیش

یێرجی: «بەئێلینا دەڵێ» تکایە دەکرێ ئەو پەنجەرەیە دابخەیت؟

ئێلینا: «هەرچەندە زۆر نزیکە لە پەنجەرەکەوە بەڵام داواکەی یێرجی فەرامۆش دەکات. بەڤێرا دەڵێ:» لەهێلکە، زەردێنەکەی یان سپێنەکەیت لە لا خۆشترە؟ من زۆرتر حەزم لە زەردێنەکەیەتی. بەلای منەوە دەکرا هێلکە هەر زەردێنە بووایە «دەبینێ وا یێرجی نیمچە مۆڕەیەکی لێ دەکات. گوێی ناداتێ و بەپەلەپەل درێژە بەقسەکانی دەدات، هەر بۆ ئەوەی یێرجی فەرامۆش بکات» کە ڕۆژی یەکشەمموان دێت، دەبێ هێلکە لەماڵەوە هەبێ. چونکە مرۆڤ یەکشەمموان هەست بەخۆشی دەکات. بەڵام ئەم ماڵەی ئێمە بەهیچ کلۆجێ خۆشی و بەشارەتی تیا نییە.

یێرجی: تکات لێ دەکەم، ئەتوانی ئەو پەنجەرەیە دابخەیت؟

ئێلینا: «بەڤێرا دەڵێ:» قەت ڕێککەوتووە ڕۆژی یەکشەمموانێک بەخۆشی بگوزەرێنیت؟ بەو مانایە نا کە بچیت بۆ مەلەکردن یان بۆ سەماکردن، بەڵکو بەو مانایە کە بەڕاستی و دروستی هەست بە جۆش و خۆشی بکەیت؟

ڤێرا: بەڵێ لەو بڕوایەدام ڕێکەوتی وام هەبووبێ

ئێلینا: وەلێ من نەء.

کرۆتۆفا: نازانم تۆ شکایەتت لە چییە؟

کرۆتا: بەشێوەیەکی گشتی، وەزعی ناو ئەم ماڵە ئاساییە.

«ییێرجی هەڵدەستێ کە خۆی بچێ پەنجەرەکە دابخات».

ئێلینا: بەڵێ ئاساییە... ئاسایی بوون خۆی لە خۆیدا هیچ و پووچییە؟

کرۆتا: دەسا من تەواو ڕەحەتم

ڤێرا: «زۆر بەزەحمەت هەناسە دەدات» ییێرجی، با پەنجەرەکە کراوە بێ؟

ئێلینا: «بەوە زۆر دڵشادە، دەست دەکات بەفیکە لێدانێکی بەردەوام، ییێرجی دەبێ بگەڕێتەوە بۆلای پەنجەرەکە، دەنگی دەهۆڵەکان لەپەنجەرەکەوە دێنە ژوورەوە و دەبێ ییێرجی بەتەنیشت ئێلینادا تێپەڕێ بۆ ئەوەی بگاتە پەنجەرەکە، کەلێی نزیک دەبێتەوە گوێی لە ئاوازی سوینگ دەبێ کە ئێلینا لە بەیانییە خووی پێوە گرتووە»

ییێرجی: «بەڤێرا دەڵێ» چییە ناڕەحەتی؟

کرۆتا: «بەتووڕەییەوە لەگەڵ ییێرجییەتی» نەخێر، بەڵام حەزمان لەهەوایەکی پاکە.

ئێلینا: «گۆرانی دەڵێ» ئەوە منم خۆشەویستم، بەبێ درۆ و ڕیا و بەرگ «لەپڕ دەوەستێ» لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیمان بەکەمێک خۆشی هەیە. ئەوەش هەمووی بەهۆی کلیلەکانەوە بوو. ئەگەر وانەبووایە ماوەی بەر لە نیوەڕۆ هەمووی خەریکی سەما و مەشق دەبووم.

ییێرجی: دەشێ هەڵەی وا ڕووبدات... وا نییە؟

ڤێرا: «زۆر بەزەحمەت هەناسە دەدات» تۆ... ئەو کاتە هەڵەت کرد کە هەردوو کلیلەکەت برد؟

ییێرجی: ئینجا... خۆ بە ئەنقەست وام نەکردووە؟

کرۆتۆفا: «بە سۆزێکەوە» بەئەنقەست بوو

ییێرجی: چۆن بە ئەنقەست؟

کرۆتۆفا: «هەر بە سۆزێکەوە» باشتر وایە باسی ئەو مەسەلەیە نەکەین. میوانمان هەیە.

ییێرجی: «دەتەقێتەوە» تۆ هەمیشە هەر خەریکی ئەوەیت مەسەلەی هیچ و پووچ گەورە بکەیت و بیکەیتە دراما! «ساتێک بێ دەنگی»

کرۆتا: کە خانمێک دێتە مێوانیمان، لانی کەم دەبێ جیاواز لە ڕۆژانی



دیکە ڕەفتار بنوێنی.

کرۆتۆفا: «بەدەنگێکی لەسەرخۆی بەدەوە» وازی لێ بێنە. نەم دەویست لەبەردەم میوانەکەمان قسە بکەم، بەڵام مادەم خۆی دەستی پێ کرد، کەواتە لێی بپرسە کێ بوو ئەم بەیانییە تەلەفۆنی بۆ کرد؟

ییێرجی: مەسەلەکە بەلای منەوە هەمووی هەر یەکە

کرۆتۆفا: بەئێلینات گوتووە کە، تۆ بەهیچ کلۆجێ نازانی

ییێرجی: نازانم

کرۆتۆفا: بیهێنە بەر دیدی خۆت... ڕۆژی یەک شەممە... سەرلەبەیانی و ڕێک بەر لەوەی ئێلینا بچێتە دەرەوە بۆ مەشق کردن، کەسێک لەپڕ تەلەفۆنێ دەکات... تۆ بەپەلە دەردەپەڕیتە دەرەوە بۆ ئەوەی بگەیتە جێیەک... کەچی ناشزانی کێیە ئەوەی تەلەفۆنەکەی کرد... تۆ بڕوات بەمە هەیە؟

ڤێرا: ئم... م... سەیرە!

کرۆتۆفا: منیش بەلامەوە سەیرە... یان ئەوەتا خۆی ئەو کەسە نەناسراوەی دروست کردووە و، هەردوو کلیلەکە دەبات و دەرگای ماڵەکە دادەخات بۆ ئەوەی نەتوانین بچینە دەرەوە.

ڤێرا: ییێرجی هەروا بووە، خەیاڵی دەڕوا

کرۆتۆفا: پێت وایە ئەمەش هەر خەیاڵ فڕین بێ؟ «بە ییێرجی دەڵێ:» ئەدی ئەو نەناسراوە کێ بوو؟

ڤێرا: وتی ئەوکەسە نەهاتە شوێنی دیاریکراو؟.

کرۆتۆفا: نەخێر... تەنانەت تۆزێ خۆی هیلاک نەکرد بۆ ئەوەی مەسەلەکە باش هەڵبەستێ. دیارە هەر لەبناغەوە کەس لەوێ نەبووە... تۆ بڵێی ئێمە ئەوەندە ساویلکە بین... ئەم نەیدەویست ئێمە درک بەوە بکەین کە تەلەفۆنکردنەکە هەڵبەستراو بوو! داوای لەیەکێک کردووە تەلەفۆنێکی بۆ بکات، خۆی تووڕە دەکات، کلیلەکان دەبات و دەرگای ماڵەکە لە ئێمە دادەخات بۆ ئەوەی نەچینە دەرەوە.

ییێرجی: باشە... بەڵام بۆچی هەموو ئەمە دەکەم؟ «کرۆتۆفا بەساختەوە زەردەخەنەیەک دەکات» بەڵێ... بۆچی؟

کرۆتۆفا: «بە سۆزێکەوە» غیرە ناکەی؟ «پاش کەمێک» بیهێنمەوە یادت چی ڕووی دا ئەوکاتەی هەردووکتان لەسەر ڕۆخی ڕووبارەکە بوون؟

کرۆتا: «بەحەماسێکەوە» کەواتە خانمەکەم گوێ لە حیکایەتەکە بگرە... ئێلینا سێتێک جلوبەرگی مەلەکردنی هەیە لەو جۆرەی پێی دەڵێن نوێ...

کرۆتۆفا: دوو پارچەیە...

کرۆتا: بەڵێ... ئێلینا و یێرجی مەلەیان دەکرد، ئێلینا هەندێ جووڵەی کرد نەختێ توند بوو، ئەمەی لەپشتەوەی هینەکەیتی پچڕا «دەست دەبات بۆ تیرەقەی پشتی»

کرۆتۆفا: تەرەقەکەی بێ کەڵک بوو.

کرۆتا: ئیتر سوخمەکە لێبۆوە خەریک بوو ئاوەکە بیبات

ئێلینا: جا ئەوە خەتای من بوو؟

کرۆتا: نزیک بەمانیش زەلامێک مەلەی دەکرد...

کرۆتۆفا: هاوڕێی خوێندنی ئێلینا بوو لە دواناوەندی

کرۆتا: کابرا سنگ و مەمکی بەبێ سوخمە بینی... ئەمە هەموو ڕووداوەکەیە... مەسەلەکە لەسەرەتاوە مایەی پێکەنینە وا نییە؟ بەڵام یێرجی یەک هەفتەی تەواو قسەی لەگەڵ ژنەکەیدا نەکرد.

ئێلینا: جا ئەوە هیچ شتێکی تێدایە؟ خۆ لەژێر ئاویشدا بینین زۆر لاواز دەبێ... لەوانەیە ئەگەر جلوبەرگی مەلەم لەبەردابێ زۆرتر ببینرێ، بەڵام ئاو ڕوخساری لەش و لار دەشێوێنێ.

کرۆتۆفا: «بە یێرجی دەڵێ» ئەوەی لە ناختایە دەیبینم. تۆ حەز ناکەیت ئێلینا لە شانۆ کار بکات، چونکە ئیتر ئەوەندە غیرەی لێ دەکەیت نان و ئاوت بۆ ناخورێ. کەچی دەشترسێی ڕێگەی لێ بگری کە نەچێتە بالێیە چونکە دەزانی لە دژت ڕادەپەڕێ. بۆیە زیرەکانە ڕەفتار دەکەیت و دەزانی ئەگەر لە پرۆڤەکان دواتخست ئەوا ئەوانیش ئیشی نادەنێ... بەوەش ئیتر کەس نایناسێ و قەتیش ناگاتە سەر شانۆ. ئا لەبەرئەوە دەرگاکەت بە کلیل داخست... «بەڤێرا دەڵێ:» فەرموو بخۆ... خواردنی زۆرتری تێبکە!



ڤێرا: چیتر ناتوانم... ئەگەر ئەرک نییە تۆزێ ئاوم بدەنێ.

یێرجی: چیتە؟

کرۆتۆفا: ئازارێکت هەیە؟

ڤێرا: نا، نا، هیچ نییە، تەنها تینوومە...

یێرجی: «بەنیگەرانییەوە تەماشای ڤێرا دەکات، تێبینی دەکات حاڵی زۆر خراپە» ڤێرا... حاڵت خراپە! «ڤێرا هەوڵ دەدات لەسەر کورسییەکە هەڵسێ، بەڵام لەهۆش خۆی دەچێ... لارەلار دەکات و یێرجی بن باڵی دەگرێ. کرۆتۆفاش خێرا بەدەم حاڵەتەکەوە دێ».

کرۆتۆفا: «هەردوو پیاوەکە دەنێرێ بۆ ژووری یەکەم» بڕۆن بۆ ئەوێ.

ڤێرا: «ئاماژە دەدات بە یێرجی بڕواتە دەرەوە» لە تەلەفۆنەکە دوور نەکەویتەوە...

کرۆتۆفا: «ڤێرا دەباتە سەر قەنەفەکە» وەرە نەختێ ڕاکشێ.

کرۆتا: دەی... با ئێمە بچینە دەرەوە، نەبا موزعیج بین.

## 11

## دادگایی کردن

«یێرجی و کرۆتا دەچنە ژووری یەکەم»

کرۆتۆفا: شەقەسەرت هەیە!

ڤێرا: بێ زەحمەت هێورکەرەوەی ناردینم بدەرێ! «لەسەر کورسییەکی ڕەحەت دادەنیشێ»

کرۆتۆفا: «ئێلینا دەنێرێ بۆ چێشتخانەکە» ئالی، ئاو و شەکر بێنە.

کرۆتا: هەڵبەت بابەتێک هەیە من و تۆ قسەیەکی لەبارەوە بکەین.

کرۆتۆفا: ئەعسابت لەگەڵە من دەزانم.

کرۆتا: مەسەلەکە هەر ئەوەندە نییە دەرگاکەت لەسەر داخستین، بەڵکو لەوە گەورەترێکە، مەسەلەکە، مەسەلەی کلیلەکانە.

کرۆتۆفا: منیش سکۆڵەی دڵم تەواو نییە. خۆ خۆشت بینیت لێرە چۆن دەژیم. «ئێلینا ئاووشەکرەکە دەهێنێ. ڤێرا دەیخواتەوە. کرۆتۆفا ناردینەکە دەتکێنێتە سەر شەکرەکە».

کرۆتا: پێش ئەوەی تۆ بێیت لەگەڵمان بژیت... سێ سێت کلیلمان هەبوو. یەکێکیان من بەکارم دەهێنا و، یەکێکیشیان ژنەکەم و ئەوی تریش لای ئێلینا بوو. داوام لە تۆش کرد دانەیەک بۆ خۆت دروست بکەیت... بەوەش دەبووە چوار سێت.

کرۆتۆفا: مەسەلەی من گرنگ نییە... بەڵکو حاڵی ئێلینا باری قورس کردووین.

کرۆتا: چوویت کلیلەکان بۆ خۆت درووست بکەیت؟

ڤێرا: بۆچی؟ یێرجی خۆشی دەوێ

کرۆتۆفا: خۆشی دەوێ؟

کرۆتا: وەڵامم بدەرەوە... ناردت کلیلەکانت بۆ دروست بکەن؟

کرۆتۆفا: جا غیرە نیشانەی خۆشەویستییە؟

کرۆتا: ناردووتە یان نا؟

کرۆتۆفا: لەو بڕوایەدایت؟

کرۆتا: وەڵامم بدەرەوە

کرۆتۆفا: نەخێر و نەخێر!

کرۆتا: دیارە نەتناردووە.

کرۆتۆفا: ئەوە خۆشەویستی نییە... ئەوە ئەنانییەتێکی ئاشکرایە.

کرۆتا: دیارە مەسەلەکە هەر ئەوەندە نییە.

ئێلینا: هەڵبەت ئازادم ژیانی تایبەتی خۆم چۆن بەسەر دەبەم.

کرۆتۆفا: تەنانەت بەهرەکانیشت.

کرۆتا: لەو سێ سێتە، یەکێکیان ون بوو. نازانی کێ ونی کرد؟

کرۆتۆفا: ئێلینا دەتوانێ سەرکەوتنی گەورەی هەبێ.

کرۆتا: زۆر سەیرە... وەڵامم بەرەوە.

یێرجی: لێکۆڵینەوەم لەگەڵ مەکە... من تاوانبار نیم.

کرۆتۆفا: دەنا ئەو؟

کرۆتا: ئەی ئەگەر تاوانبار بوویت؟

کرۆتۆفا: دەیەوێ هەر خۆی پێ تێر بکا.

کرۆتا: تۆ کلیلەکانت ون کرد.



کرۆتۆفا: «داوای لێبووردن دەکات کە هەڵچووە» داوای لێبووردن دەکەم خانمەکەم...

کرۆتا: لە سێ سێتەکە تەنیا دووانیان مایەوە.

کرۆتۆفا: دەی ئالی بچۆ قاپە بەتاڵەکان کۆبکەرەوە... «ئالی بەخاوەخاو دەچێ بۆ ژووری یەکەم».

کرۆتا: دوو سێت کلیل بۆ چوار کەس، یەکێکیان بۆ من و ژنەکەم، ئەویتر بۆ تۆ و ئالی.

کرۆتۆفا: «لەگەڵ ڤێرا قسە دەکات کە ئێستا نەختێ خۆی قنج کردۆتەوە» هەست دەکەیت باشتری؟

«ڤێرا بەسەر ڕاوەشانێ بەڵێ دەکات، دەستێکیش بەخۆیدا دەهێنێ»

کرۆتا: ئەوەتا ئەمڕۆ هەردوو سێتەکەت زەوت کرد.

یێرجی: بەڵام گەڕاندمەوە بۆتان.

کرۆتا: هەردووکیان؟

یێرجی: تەنها ئەوەی خۆتان.

کرۆتا: بۆ ئەوەی تریان موڵکی تۆیە؟

کرۆتۆفا: ئەمەی ئێستا شووی دووەمە... مێردی یەکەمم ئەکتەر بوو.

کرۆتا: بۆ تۆ داوات کردبوو دروست بکرێن؟

کرۆتۆفا: ئێلیناش وەک ئەو بەهرەمەندە.

کرۆتا: یا پێت وایە خۆت دروستت کردوون؟

ڤێرا: «ئاوێنەیەکی بچووک لە جانتاکەی دەردەهێنێ، دەیەوێ تۆزێ خۆی ڕێکخاتەوە، دیمەنی خۆی دەبینێ» وای لەو دیمەنە!؟

کرۆتا: کلیلەکانی دیکەش هی منن دەبێ بمدەیتەوە.

ئێلینا: بەڵام ئەو کلیلانە هەر بەڕاست کلیلی ئێمەن!

کرۆتا: هی ئێوەن؟ زۆر باشە، کەواتە قسەیەک هەیە دەبێ یەکجار بیکەم و بۆ تاهەتابێ: بەهەر ئەڵقەیەکەوە دوو کلیلی پێوەیە، یەکێکیان هی دەرگای ئاپارتمانەکەیە، ئەوی تر هی ئەم شوقەیە. خاوەنی کلیلی ئاپارتمانەکە دەرگاوانەکەیە، هی شوقەکەش منم. کەواتە ئەو کلیلانەی پێتانن من و دەرگاوانەکە دامانناون لەلاتان، ڕاستتر بڵێم

هەردووکیان لەلایەن منەوە، چونکە ئەوە منم سێ مانگ جارێ کرێی دەرگاوانەکە دەدەم و ئێوەش هیچ نادەن. هەروەها پارەی سێ سێت کلیل دەدەم هی ئەوەشیان کە تۆ ونت کرد. بۆیە بڕیار بدە و ڕایگەیەنە.

ڤێرا: «هەڵدەستێتە سەرپێ» ئێستا هەست دەکەم باشم.

کرۆتۆفا: «ڤێرا دەباتە ژووری یەکەم» لەوێدا ئاوێنەیەکی لێیە.

کرۆتا: ئەو کلیلانەم دەدەیتەوە!

ییرجی: ئەمە گەمەی دادگایی کردنە؟ من لە گەمەی وادا بەشداری ناکەم.

ئێلینا: بەڵام خۆ دەبێ عەدالەت هەبێ! باوکم لەسەر هەقە. تۆ هەڵەت کردووە و دەبێ سزا بدرێیت.

ییرجی: ئێلینا بۆتە دادوەری خۆبەخش. مرۆڤ وادەزانێ ساویلکەن، کەچی لە ڕاستیدا دادوەرن. دادگایەکی خۆبەخشانە بێ وەستان و بەردەوام گیراوە. مرۆڤ لە دایک دەبێ و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ و، ئینجا دەمرێ.

«لە دەرگا دەدرێ، کرۆتا دەچێ بۆ کردنەوەی».

کرۆتۆفا: «بەئێلینا دەڵێ» وەرە با سەر ئەو مێزە پاک بکەینەوە. «لەگەڵ ئێلینا دەچنەوە ژووری دووەم، خەریکی کۆکردنەوەی قاپەکانن. لە ڕاڕەوەکەی دەرەوە دەنگ دێ...»

ییرجی: «بەشپرزەییەوە گوێی گرتووە» دەرگاوانەکە!

کرۆتۆفا: «ئێلینا قاپ و قاچاغەکانی بەسەر سینییەکەوە هەڵگرتووە» ئاگاداربە! ئاگاداربە!

«لەگەڵ ئێلینا بە ئاڕاستەی ڕاڕەوەکەدا دەچنە دەرەوە»

## 12

سدلاجک: «لەگەڵ کرۆتادا دێتە ژووری دووەم. کابرایەکی بەتەمەنە جلوبەرگێکی سەیری لەبەردایە، جووتێ پێڵاوی ناو ماڵ و کراسێکی خەتدار و پانتۆڵێکی بەدلەیی سەربازییانە، پشتوێنێکی چەرم، دەمانچەیەکی بە قەدیەوە کردووە. ئەم کابرایە تێکەڵەیەکە لە دۆگما



و گیانی موحافیزکار و گرێیەکی گەورەی هەست کردن بەکەمی» تەماشایەکی پەنجەرەکەتانم کرد کە گوایە ڕازاندووتانەتەوە، ئاخۆ ئاڵا و پەرچەمی گەورەترتان نەبوو هەڵیواسن؟

کرۆتا: بە داخەوە ئاڵای گەورەترمان نەبوو.

سدلاجک: ئەمە هەڵەیە سەرهەنگی بەڕێز، نابێ ئاپارتمانەکەی ئێمە دیمەنی شەقامەکە ناشرین بکات.

ییرجی: «لەژووری یەکەمە» هیچ نییە... تۆ ئێستا چۆنی؟

ڤێرا: بەرەو باشتر دەچم.

کرۆتا: «بەئەدەبەوە» سەرلەنوێ نمایشتان هەیە؟

سدلاجک: «جوولەیەک دەکات لەگەڵ قاتە ناتەواوەکەیدا دەگونجێ» بێ گومان. «لەپڕ و بەبێ پێشەکی» ئەزانی گسک چییە؟

کرۆتا: ببوورە... چۆن؟

سدلاجک: ئەگەر جەنابتان بتانەوێ بیزانن، گسک... کەرەستەیەکە ئەو جێیە پاک دەکاتەوە کە پێڵاو پیسی دەکات...

ییرجی: خۆشحاڵم بە هاتنت، خۆشحاڵم بەوەش کە من بتوانم یارمەتیت بدەم.

سدلاجک: دوێنێ سەر قاڵدرمەکان پاککراونەتەوە، ئەمڕۆ دیسان پیس کراونەتەوە.

کرۆتا: ئێمە وامان نەکردووە.

سدلاجک: شوێن پێیەکان تا بەر دەرگای ئێوەیە.

ییرجی: من بەردەوام بیر لە هەمووتان دەکەمەوە.

سدلاجک: ژنەکەی من گێلە کە ئامادەیە بەردەوام و تاهەتایە ئەم ناوە پاک بکاتەوە. بەڵام چیتر ناهێڵم کاری وا بکات.

ڤێرا: ماوەیەک لە ژیانت لەگەڵ ئێمەدا ژیاویت.

سدلاجک: گەلی ئەڵمانیا ئەمڕۆ ئەرکی زۆری لە ئەستۆیە، بۆیە بەهیچ کلۆجێ بۆی ناکرێ لە پشت خەڵکی ترەوە بڕوا و پارچەیەک پەڕۆی هەڵگرتبێ.

ییرجی: جارێکیان بەرێکەوت لە شاری برنۆ تۆنیکم بینی، بەجۆرێک

لەگەڵمدا دوا هەروەک بڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان یەکترمان نەناسیوە.

کرۆتۆفا: «بۆ فزوڵ، دێتە ژووری دووەم، بەرۆچکەی موبەقی پێوەیە، خاولی قاپ سڕینەوەی بەدەستەوەیە» خێرە... جەنابی سدلاجک؟

سدلاجک: سەر قاڵدرمەکان پیس کراونەتەوە... خانمەکەم.

ڤێرا: «بەگەرمییەوە جەخت دەکات، بەڵام قسەی ناقۆڵا ناکات» دەبێ تێبگەیت بۆچی بەو جۆرە قسەی لەگەڵدا کردوویت.

کرۆتۆفا: خەتای ئێمە نییە.

سدلاجک: ئەی کەواتە کێیە؟

ڤێرا: جۆرێک خەڵک هەن دەچنە ناو گۆڕەپانەکە و شەڕ دەکەن، جۆرێکیش لە دەرەوەی گۆڕەپانەکەوە سەیری شەڕەکان دەکەن.

کرۆتۆفا: لەوانەیە زاواکەمان بێ، ئەم بەیانییە چووبووە دەرەوە.

سدلاجک: لاوەکە؟

ڤێرا: ئەو لەناو گۆڕەپانەکەدایە، تۆش تەماشاکەری.

سدلاجک: ئەی کوا ئێستا لە کوێیە؟

کرۆتا: خانمێک میوانییەتی.

کرۆتۆفا: ڕاستەوخۆ لەلای ئێوەوە هاتووە.

سدلاجک: لە کارگەکانی چەکەوە؟ ئەو خانمەی میوانتان لەوێ کار دەکات؟

کرۆتۆفا: ئەندازیارە خەڵکی «کۆلبن- دانیک»ە، خزممانە!

ڤێرا: ژیانی ئایندە بەدەستی تەماشاکەران دروست ناکرێ.

یێرجی: تۆ تا ئەو ڕادەیە متمانەت پێیە؟

سدلاجک: لە بەڕێوەبەرایەتی نەخشەکێشان؟

کرۆتۆفا: بەڵێ، بەدرێژایی شەو.

یێرجی: بەڵام زۆربەی خەباتگێڕان دەکوژرێن!

سدلاجک: کەواتە سەر قاڵدرمەکان وەک خۆی پاک بکەنەوە.

یێرجی: «بەجەختێکی ڕقاوییەوە» ئیتر کێن ئەوانەی دەمێنن؟

کرۆتا: قاڵدرمەکان کێشەی زاواکەمانە.

یێرجی: ئیتر کێ ئەو ژیانی ئایندەیە دروست دەکات؟

سدلاجک: تۆ سەرۆکی ئەم خێزانەیت، کەواتە تۆ بەرپرسیاری.



یێرجی: کێ دروستی دەکات؟

سدلاجک: سەرهەنگ کرۆتا؟!

یێرجی: هەروەها ئەو مشکانەی بۆ تاهەتایە دەژین و لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا خۆیان دەگونجێنن.

سدلاجک: من لێپرسراوم لەم ئاپارتمانە...

یێرجی: ئەو مشکە بچووکانە...

سدلاجک: تۆش لێپرسراوی لە خێزانەکەت.

یێرجی: ئەوان هەمیشە باڵادەست دەبن، لە کۆتاییشدا هەر ئەوان کاروبار بەڕێوە دەبەن.

سدلاجک: بەهەر حاڵ، ئەگەر حەز دەکەیت دەرسێکی ئەو گەنجە دەدەم لە بیری نەچێتەوە... «بەرەو ژووری یەکەم وەردەگەڕێ».

ڤێرا: «لەپڕ تێدەگات» یێرجی... دیقەت دەدەم بێزاری لێیان.

کرۆتا: «بەدوای سدلاجکدا بانگ دەکات» بۆ ئەمەیان بەڵێ. «سدلاجک ئەو دەرگایە دەکاتەوە کە دەچێتە سەر ژووری یەکەم»

کرۆتۆفا: موستەهەقی ئەوەیە. «دەگەڕێتەوە بۆ موبەق تا قاپەکان وشک بکاتەوە. کرۆتا بەتەنیا لە ژووری دووەمدا دەمێنێتەوە».

## 13

سدلاجک: «دێتە ژووری یەکەمەوە» ڕێزم هەیە بۆتان.

یێرجی: ڕۆژباش...

سدلاجک: «بەلوتفەوە دەدوێ» خۆر دەرکەوتووە و دیارە خوا ڕۆژێکی خۆشمان پێدەبەخشێ «بەئەدەبەوە ئاوڕ لە ڤێرا دەداتەوە» وەکوو گوترا خەڵکی کۆلبن -دانیکی؟

ڤێرا: ئەمەت چۆن زانی؟

سدلاجک: خاتو کرۆتۆفا پێی گوتم «هەوڵ دەدات قسەکردنەکەی لە گفتوگۆ بکات» پێدەچێ حەزت لەوەبێ زوو زوو سەر لە «ڤستینا» بدەی؟

ڤێرا: ئەرک... ئەرکە.

سدلاجک: ئەرک، ئەرکە، ڕاستە. «لەپڕ ئاوڕ لە یێرجی دەداتەوە» کوڕە

دەمەوێ قسەیەکت لەگەڵدا بکەم... تۆ ئەزانی گسک چییە؟
پێرجی: گسک؟
سدلاجک: گسکی پاککردنەوەی زەوی؟ نازانی. باشە، کەواتە دەبێ فێربیی. ئەمڕۆ جەژنە و سەرقاڵدرمەکان پیسە، لەو بڕوایەدای کێ دەبێ پاکی بکاتەوە؟ بەجەنابی سەرهەنگم گووت: دەبێ فەوجەکەی تۆ پاکی بکاتەوە. «بەڤێرا دەڵێ» تۆزێ وەرزش کردن ئازاری نادات، وا نییە خانمە لاوەکەم؟ وتیان گوایە ئیشت هەبووە لە کارگەی چەک؟
ڤێرا: بەڵێ.
پێرجی: «دەیەوێ ڤێرا ئاگادار بکاتەوە» ڕێزدار سدلاجک لە ڕاستیدا کارمەندی ئاسایشی کارگەکەیە.
سدلاجک: لە کەیەکەوە لەم شارەی؟
ڤێرا: دوێنێ گەیشتم.
سدلاجک: بەڵێ... بەڵێ... بەشەمەندەفەری تیژڕەوی پاش نیوەڕوانان؟
ڤێرا: «دوو دڵە» بەڵێ.
سدلاجک: «بیر دەکاتەوە» ئەوەی بەناو شاری ئۆلۆمۆتسدا تێدەپەڕێ؟
ڤێرا: بەڵێ.
سدلاجک: بێ گومان زۆر هیلاکی. خاتوو کرۆتۆفا گووتی بەدرێژایی دوێنێ شەو لە بەشی نەخشەسازی ئیشت کردووە؟
ڤێرا: نەدەبوا نەمکردایە... خۆت دەزانی جەنگ جەنگە!
سدلاجک: جەنگ جەنگە، زۆر ڕاستە! مادەم دەویسترێ چەکی تەرزی نوێ دروست بکرێ، ئەوا مەسەلەکە کار و هەوڵی بەردەوامی نەخشەسازان دەخوازێ و، دەبێ شەو و ڕۆژ بخەنە سەر یەک.
ڤێرا: «بەجۆرێک بەدەم سدلاجکەوە دەخەنێ کە ئیتر کۆتایی بەگفتوگۆیەکەیان بێنێ... ئاوڕ دەداتەوە بەلای پێرجیدا» کەواتە من و تۆ ڕێککەوتین، ئێستا دەبێ بڕۆم «دەست درێژ دەکات لەگەڵیدا تەوقە بکات»
سدلاجک: «دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە دەرگاکە» بەڵام حەزم دەکرد لەبارەی شتێکی ترەوە پرسیارێکت لێ بکەم.



ڤێرا: مەخابن کاتی ئەوە هاتووە من... «بەرەو دەرگاکە دەچێ»
سدلاجک: «ناو دەرگاکە دەگرێ و دەستی بەڕووی ڤێرادا بەرز دەکاتەوە» یەک لەحزە! «ڤێرا دەزانێ ناتوانێ بچێتە دەرەوە، بۆیە دەوەستێ» بۆ نموونە دەمەوێ لێت بپرسم، کام ئەندازیاری ئێمە دوێنێ شەو لە بەشی نەخشەسازی بوو؟
ڤێرا: تۆ لە من باشتر دەزانی، مەگەر تۆ کارمەندی ئاسایشی کارگە نیت؟
سدلاجک: بەڵام من دەمەوێ لە تۆم گوێ لێ بێ!
ڤێرا: واز لەم تەڵەنانەوەیە بێنە، تۆ زۆر باش دەزانی، ئێمە قسە لەبارەی کارگەی سەربازییەوە دەکەین، لە کاتێکدا نابێ بەهیچ شێوەیەک لەم بارەیەوە قسە بکرێ.
سدلاجک: مادەم تۆ توانیوتە بەخانمی ئەم ماڵە ڕابگەیەنی کە بەدرێژایی دوێنێ شەو لە بەشی نەخشەسازی وێنەت کێشاوە، کەواتە دەشتوانی بەکارمەندی ئاسایشی ئەو کارگەیە ڕابگەێنی کە کێ لەگەڵتدا کاری دەکرد... قسەکەم هەقە... وا نا؟ «ڤێرا بێ دەنگە» بێ گومان یەکێکت لەگەڵ بووە... وانا؟ «دەرگاوانەکە چێژ لەم هێرش بردنەسەرە وەردەگرێ» یا ئەوەتا خۆت بەتەنیا کارت دەکرد؟ یان چۆن؟ «ڤێرا هەر بێ دەنگە» دەی پێم بڵێ!... ها پێم ناڵێی؟... هەرگیز... بەڕێوەبەرایەتی نەخشەسازی کەوتۆتە کوێوە؟ نازانی؟ چی؟ «ڤێرا بێ دەنگە» کەواتە، من شتێک بە تۆ دەڵێم: شەمەندەفەری تیژڕەو لە پراگەوە نیوەڕوان نایەت، ڕات چییە لەم بارەیەوە؟ دوێنێ شەویش هیچ کەسێ لە بەڕێوەبەرایەتی نەخشەسازی نەبووە... لەوە زۆر دڵنیام چونکە ژوورەکەیان بە پشتی ژوورەکەی منەوەیە.
ڤێرا: «خۆی دەسازێنێ بۆ دژەهێرشێک» لە تۆ باشتر دەزانم کە دوێنێ شەو کەس لە بەشی نەخشەسازی نەبووە و، لای هەموانیش ئاشکرایە کە نیوەڕوان هیچ شەمەندەفەرێ لە پراگەوە نایەت.
سدلاجک: فڕوفێڵم لەگەڵ مەکە، تۆ خۆت گوتت بە شەمەندەفەری نیوەڕۆ هاتووم.
ڤێرا: بەڵێ، من وام وت.

سدلاجک: بەڵام شەمەندەفەری نیوەڕوان نییە.

ڤێرا: دەزانم نییە... «سدلاجک تەحەمولی نامێنێ» من نازانم چ موجەبە ڕاستییەکان بەتۆ بڵێم... دەتوانم پێت بڵێم بە حوشتر هاتووم... تەنانەت ئەو کاتەش تۆ دەخلت بەو مەسەلەیەوە نییە.

سدلاجک: «ئەو قسانە کاریان تێ کردووە و تووڕەیە» پێدەچێ بەڕێزتان پلەوپایەیەکی گەورەتان هەبێ.

ڤێرا: «هاتۆتە ئەو بڕوایە کە سەری لە دەرگاوانەکە شێواندووە، دەست دەبات پاڵتۆکەی هەڵبگرێ» ئاوا... ئومێدەوارم واز لەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بێنی.

سدلاجک: ئەمر دەکەیت... من هەر چییەک بم هەر پیاوێکی بچووکم.

ڤێرا: «پاڵتۆکەی بەدەستەوەیە» خوا حافیز ییێرجی وا من دەڕۆم!

سدلاجک: «زۆر بەهێمنی ڕێ دەدات بە ڤێرا بەرەو دەرگاکە بڕوات، لە پشتییەوە دەمانچەکەی هەڵدەکێشێ و بەئەدەبەوە دەڵێ:» من مافی ئەوەم نییە لێت بکۆڵمەوە!

ییێرجی: ڕێزدار سدلاجک... ئەو خانمە ناسیاوی ئێمەیە و... تۆش باش دەزانی.!

سدلاجک: «ڕووی دەمانچەکەی لە ڤێرا دەکات» هەڵبەت دەرگاوانەکە ئێستر نییە... «بەڤێرا دەڵێ» وەرگەڕێ خاتوون... دەی! «ڤێرا زۆر لەسەرخۆ ئاوڕ دەداتەوە» دواتر خەڵکی زۆر بەڕێز و گەورە لێت دەکۆڵنەوە و دەزانن بەچ شەمەندەفەرێ هاتوویت! «دەیەوێ ڤێرا بداتە پێش خۆی. لەم کاتەدا ییێرجی پارچە قورساییەکەی سەر مێزەکە هەڵدەگرێ و لە سدلاجک دەچێتە پێشەوە کە ئێستا پشتی کەوتۆتە ئەم، لەوە دەکات بیەوێ بیسرەوێنێتە سەری».

## نمایشەخەونی دووەم

«هەردوو ژوورەکە لەسەر شانۆ دیار نامێنن، ییێرجی لەناو ئەو فەزایەدا وەستاوە و قورساییەکەی بەدەستەوەیە. ئەو تەپڵانەی لە دیمەنەکانی پێشتردا لێ دەدران ئێستاش بەردەوامن بەڵام زۆر توندتر،



دەنگیان وەک تریشقە دێت و دەچێ»

ئێلینا: «بەرەو ییێرجی ڕادەکات و بەترسەوە دەڕوانێتە سەرەوە وەک بڵێی تەماشای هەوری بەتریشقە بکات» ییێرجی گوێت لێیە...؟ «کە دەبینێ ییێرجی واقی وڕماوە» دەی بێرەوە هۆش خۆت! «بەسۆز و منداڵانەوە» لە ڕاستیدا من منداڵەکەی خۆتم دەبێ بمپارێزی... دەی بڵێ من تولفەکەتم. «خۆی پێوە دەنووسێنێ».

ییێرجی: بەڵێ... تۆ تولفەکەی خۆمی.

ئێلینا: «منداڵئاسا» ویستم خۆم بدەمە بەر خۆر...کەچی وا ڕەشەبای هێنا!

تۆنیک: «لەپاڵیاندا دەردەکەوێ» ڕەشەبا نییە، بۆردوومانە، دەشتوانی خۆت بدەیتە بەر خۆر.

ئێلینا: بەڕاست ڕەشەبا نییە؟

ییێرجی: «بەتەواوەتی پاڵی داوە بەتۆنیکەوە» ئەگەر بیکێشم بەسەریدا چوار کەس تیادەچن! «ئێلینا سەرنج دەدات کە کەسیان بایەخ بەم نادەن، بۆیە بەهەنگاوی قورس، وەک منداڵێ خوێڕێتی بکات، لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە»

تۆنیک: هەندێ جار یەکێک یەکسانە بەچوار و زیاتریش. ڤێرا خاوەن پەیام و ئامانجە.

ییێرجی: بەڵێ ڕاستە، بەڵام ژیانی بە تاڵێکەوە بەندە. ژیانی ئەوانی دیکە زۆر مسۆگەرترە لە هی ئەو، کامیان لەوی تریان زۆرتر دەنرخێنێ: ئەوەیان کە دڵنیا دەکات، یان ئەوەیان کە دڵ نیا ناکات؟

تۆنیک: گرنگتر دڵنیاکەر بەلاوە دەنێ.

ییێرجی: گرنگتر... ئەو گرنگترە لەلای تۆ مانای چییە؟ لەوانەیە لە خشتەبەرێ زیاتر نەبێ کە وات لێ دەکات دەوروبەری خۆت نەبینی، بەڵکو بەرەو سێبەرێکی دوور ڕەوانەت دەکات تا دووی بکەوی. ئەو کاتە هەروەکو کوێران کە ڕێ دەکەن تۆش پێ بەسەر هەموو زیندەوەرێکی دەوروبەرتدا دەنێی! جا ئاخۆ دەبێ منیش بەسەرچاوەگرتن لەو خشتەبەرەوە، حوکمی مردنی چوار کەسی سادە بدەم؟ کێ مافی دەرکردنی بڕیاری وای بە من داوە؟ من دادوەر نیم و

ڕازیش نیم دادوەر بم. «لەگەڵ ئەم قسانەی دوایی یێرجیدا، هەمان ئەو دوو پیاوەی لە نمایشەخەونی یەکەمدا دیمانن لەسەر شانۆ دەردەکەون»

پیاوی یەکەم: ئاساییبیە کە تۆ دادوەر نیت، تۆ پادشایت!

پیاوی دووەم: «تەماشای ئەو قورساییبیە دەکات کە لەناو دەستی یێرجیدایە» ئەتەوێ بەم بەردە چی بکەیت؟

یێرجی: ئەمە بەرد نییە

پیاوی یەکەم: سەوڵەجانە... «گاڵتەی پێدەکات» بڕواتان هەبێ ڕاست دەڵێم... پادشایە!

پیاوی دووەم: «بەگاڵتە پێکردنەوە لە بەردەم یێرجیدا دەچەمێتەوە» ڕوخسەت هەیە لە ترسی تۆ بلەرزم؟ خۆت دەبینی لە چی جۆرە شاهانشایەکی؟

پیاوی یەکەم: «هاوار دەکات وەکو یەکێک بانگ هەڵبدا لەناو هەراوزەنای دەهۆڵکوتان و زوڕناژەنیندا کە لەم کاتەدا دەنگیان زۆر بەرز بۆتەوە و لە کۆنسێرتەی کەرنەڤاڵێکی بۆهیمییانەی زۆر قەرەباڵغ دەکات» :

شای هەڵواسەی گۆرەوی ژنان، شای سوخمەی مەمکان
شای کلیلەکان، شای ڕیسواییبەکانی ناوماڵان
شای ژنان و، موبەقەکان، شای خەسوان
شای گۆرەویان، شای «فستینا»
شای «تەوژم»ە ڕاکردووەکان
شای لاستیکی دەرپێیان
ئیمپراتۆر بەسەر «خانوبەرانەوە»

یێرجی: «بەم گاڵتە پێکردنە هەڵچووە و، بەرەنگاریان دەبێتەوە و لەناو ئەو هەراوزەنایەدا هاوار دەکات» بەسە! من هەڵنەهاتووم. دەبوایە سەرەتا ماڵێکم هەبێ. زەمینەیەک لەژێر پێمدا بێ، زەمینەیەک لەژێر پێمدا بێ!!

«لەم کاتەدا لە قووڵایی شانۆدا ژوورێک دەردەکەوێ لە ژووری سەربانان دەکات، بەسەقفەکەیەوە کە نەختێ لێژە دوو پەنجەرەی



هەڵتۆقیو دیارن، بەبەردەمیاندا گوریسێک ڕاکێشراوە و چەند چەرچەف و پەردەیەک هەڵخراون بۆ وشک بوونەوە، پەیژەیەکیش بۆ سەربانی ژوورەکە دانراوە. هەراوزەنای دەهۆڵ و زوڕناکان کز دەبن وەک بڵێی لەدوورەوە ببیسترێن».

پیاوی دووەم: «بەگاڵتە پێکردنەوە ئاماژە بۆ ئەو ژوورە دەکات، بەیێرجی پێدەکەنێ» ژوورێک لە سەربان؟

پیاوی یەکەم: لە ژوورێکدا لە سەربان
دوو پەنجەرەی هەڵتۆقیوی هەن
سەڵتەنەت دەنوێنێ، سوارچاک؟

یێرجی: «ئاوڕ دەداتەوە بۆ ژوورەکە، لە پشت چەرچەفێکیانەوە سەری ئێلینا دەبینێ، تووڕە دەبێ» ئەوە چی دەکەیت لەوێ؟

ئێلینا: خۆم داوەتە بەر خۆر... لێرە، لەم سەربانە. «بەسۆزەوە» یێرجی!

یێرجی: «بەئاڕاستەی ژوورەکەدا تەماشای سەرەوە دەکات و زۆر زۆر تووڕەیە و دەپرسێ» چیت دەوێ؟

ئێلینا: وەرە بۆ ئێرە.

«یێرجی دوو هەنگاو بەئاڕاستەی ژوورەکەدا دەچێتە پێشەوە، ئێلینا بۆ ئەو دەچرپێنێ...» من ڕووتوقووتم!

پیاوی یەکەم: سەڵتەنەت بنوێنە لەسەر ژووری سەربانەکە
ئەی پادشا
با ئێمەش پێت پێبکەنین ئەی شاهانشا!

یێرجی: «ئاوڕ دەداتەوە بۆ پیاوی یەکەم- لەم کاتەدا ژوورەکە دیار نامێنێ-بەسەریدا هاوار دەکات» ڕاست ناکەن... من ترسنۆک و نامەرد نەبووم، من تەنیا وەک سەربازی یەدەگ بۆ ماوەیەک کشاومەتە دواوە، چاوەڕێی چرکەساتی داهاتووم دەکەم. «بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەی پارچە قورساییبەکەی ناو دەستی بەرز دەکاتەوە».

پیاوی دووەم: «بەوبەری پیاوی یەکەمەوە بانگی یێرجی دەکات» نەخێر چاوەڕێی هیچت نەدەکرد، ئەی پادشا!

یێرجی: «ئاورِ دەداتەوە بۆ پیاوی دووەم» بەڵێ چاوەڕێم دەکرد!
پیاوی یەکەم: «لەوبەرەوە» ناتوانی ڕابردوو بگۆڕی ئەی شاهانشا!
ڤێرا: «لەپڕ لەتەنیشت یێرجییەوە دەردەکەوێ، بەئاڕاستەی پیاوی یەکەمدا هاوار دەکات» چۆن ڕابردوو ناگۆڕێ؟! «بەحەماسەتەوە و گرژانە ئاورِ لە یێرجی دەداتەوە» بڕوایان پێ نەکەیت... جا ڕابردوو چییە؟ ڕێگایەکە کەس نازانێ چۆنە و بەرەو کوێ دەچێ... ئەوە ئایندەیە کە مانادار و فۆرمەلەی دەکات! ڕابردوو یەکلا نەکراوە و ناکۆتایە... ڕابردوو... هەموو ڕابردوویەک دەتوانرێ دەرهێنرێتەوە.
یێرجی: «ورووژاوە» بەڵێ! ئەگەر نەیکوژم ئەوا ترسنۆک و نامەردم، ئەگەر بیکوژم ئەوا دەڕۆم وەک سەربازێکی یەدەگ چاوەڕێ دەکەم و بەردەکەشم لە مشتما دەبێ. متمانەم پێ دەکەیت ڤێرا؟
ڤێرا: بەڵێ متمانەم پێتە! هەمیشەش متمانەم پێت بووە.
یێرجی: «قورساییەکەی ناو دەستی بەرز دەکاتەوە» هەموو ڕابردووم ئالێرەدا کۆبۆتەوە! ئەمە هەموو حیکایەتی منە! لە مشتی خۆم دایە!
ڤێرا: «ئێستا تێبینی ئەو پارچە قورساییە دەکات لەناو دەستی یێرجیدایە، دەترسێ» ئۆی خودایە! خۆ ئەوەی بەدەستەوەیە کێلی قەبرە یێرجی!
یێرجی: بەڵکو هەموو ژیانمە!
تۆنیک: «لە یێرجی دێتە پێشەوە» پێشتر تەنها بیرت لە چارەنووسی خۆت دەکردەوە، بەڵام ئەوەی لە مشتایە هەموو جیهانە، ئەم گەمەیەی دەشکرێ بۆ بڕیاردانی چارەنووسی ئەو جیهانەیە، ئێستا ئەو چرکەساتە لە دەستی تۆدایە. «ژووری سەر سەربانەکە دەردەکەوێتەوە».
ئەفسەرەکە: «بەپەیژەکەدا سەردەکەوێ و قسە دەکات» ئەو نا!! پشەکەم!
ئێلینا: «لەپشت چەرچەفەکانەوە» وازم لێ بێنە! من ئافرەتێکی بەمێردم!
ئەفسەرەکە: لە مێردەکەت مەترسە. ئەو کۆت و زنجیر کراوە! «زۆرتر سەردەکەوێ».
یێرجی: «ئەو دیمەنە دەبینێ، مشتی بەقورساییەکەوە توندتر دەکات



بەدانەجیڕەوە دەڵێ» ئەیکوژم.
ئێلینا: «لەترسا هاوار دەکات» دوورکەوە! من ڕووتم!
ئەفسەرەکە: «گەیشتۆتە سەربانەکە» ئێ باشتر، پشەکەم!
یێرجی: ئەیکوژم! «دەنگی دەهۆڵ و زوڕناکان بەرزدەبنەوە. دیمەنی ئێستای سەر شانۆ بەپەلە و شپرزەیە، ئەو دایەلۆگانەی لەمەودوا دەکرێن زۆر خێران و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەریش بەردەوام خێراتر دەبن...»
پیاوی یەکەم: بیکوژە، ئەی پادشا!
ئێلینا: «ڕا دەکات، خۆی لەپشت چەرچەفەکانەوە دەشارێتەوە، ئەفسەرەکە هێدی هێدی هەر بەدواوەیەتی» دوورکەوە لێم!
پیاوی دووەم: بە سەوڵەجانەکەت بیکوژە مادەم تۆ پادشایت!
ڤێرا: «تەنگەتاوە» ئەو کێلی قەبرە لابەرە!
پیاوی یەکەم: شای گۆڕەوییان... شای سەعاتی سەر مێزان.
یێرجی: بەڵام من شارەزای کوشتن نیم.
پیاوی یەکەم: شای لاستیکی دەرپێیان، ئیمپڕاتۆری خانوبەرە.
ئێلینا: «بێ ئومێدانە» دوورکەوە! من ڕووتم!
پیاوی دووەم: بیکوژە...ئەی شاهانشا!
ڤێرا: تکایە!... تکایە! ئەو بەردی کێلە لادە!
تۆنیک: ڕەحمیان پێ نەکەیت!
ئێلینا: یێر... جی...! یێرجی، فریام کەوە!
یێرجی: «مشتی بە قورساییەکەی ناوییەوە بەرز دەکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی ژووری سەربانەکە و ئەفسەرەکە دەسووڕێتەوە ڕێک بە ئاڕاستەی ئەو جێگەیەدا کە لە دیمەنی پێشوودا دەرگاوانەکەی لێ ڕاوەستابوو» ئای لەو گێژەڵووکەیەی دەتبات و دەتهێنێ، تۆش جیهان وا لە مشتا!
ڤێرا: نا... نابێ... ناکرێ غافڵ ببی!
پیاوی دووەم: «لە یێرجی نیگەرانە کە پشتی کردە ژوورەکە، کە هێشتا لەوێوە ئێلینا هەر هاوار دەکات» بیکوژە نامەردی ترسنۆک!
یێرجی: «قورساییەکە دەوەشێنێ» بڕۆ... ڤێرا... بڕۆ... ڕێگات لەبەردەم

کراوەیە...
داوای لێبووردن لە تۆش دەکەم...
مادەم دنیا لە مشتما بوو...
دەبوایە بیکوژم...
کەواتە... ئێلینا لێم ببوورە!

## 14

«هەردوو ژوورەکە لەسەر شانۆ دەردەکەونەوە. ییرجی دەستی وەشاندووە، دەرگاوانەکە بەردەبێتەوە. کرۆتۆفا دێتە ژووری دووەم و ئێلینا بەدوایدا دێت»

ڤێرا: «قورگی گیراوە» ییرجی!

«خێرا بەسەر دەرگاوانە کەوتووەکەدا شۆڕدەبێتەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە ئاخۆ ماوە. ڤێرا دەستپێشخەرانە و شێلگیرانە هەڵسوکەوت دەکات. وەلێ ییرجی بەپێچەوانەی ئەوەوە، هێمنانە... هەروەکوو بڵێی لە هۆش خۆی چووە، ڕاوەستاوە، بێ ئاگاییانە قورساییەکە بە چاکەتەکەی دەسڕێ و لەسەر مێزەکە دایدەنێ»

کرۆتۆفا: «دەستە تەڕبووەکانی لەدوای قاپ شۆردن بە بەرکۆشەکەی دەسڕێتەوە، ئەوسا بەرکۆشەکە دادەکەنێ» هەموو شتێ جێبەجێ کرا!

کرۆتا: خۆتان گوێتان لێ بوو... ییرجی... هەموو شتێ ییرجی و لە هەموو شتێکدا ییرجی!! ییرجی پێلاوەکانی پاک نەکردۆتەوە!

ئێلینا: جا با سدلاجک قاڵدرمەکان پاک بکاتەوە، ئەدی ئەو بۆ ئەو ئیشانە دەرگاوان نییە؟

کرۆتۆفا: پێشتر وا بوو.

کرۆتا: چی پێشتر و چی لە داهاتوودا هەروا دەبێ... بەڵام ئەڵێی چی وا ئەمڕۆ ئەو دەرگاوانە دەسەڵاتی هەیە!

ئێلینا: ئەم سدلاجکە، ئەڵمانییەکی بەدفەساڵە!

ییرجی: ماوە؟

کرۆتا: مەترسە، من چاودێری دەکەم، هەر ڕۆژێ وەزع گۆڕا، ناهێڵم



لەدەستم دەرچێ!

ڤێرا: تەواو بووە! «بەسەر ئاماژە بۆ ییرجی دەکات کە یارمەتی بدات تا لاشەکە بکەن بەژێر کەرەویتەکەدا و بیشارنەوە»

کرۆتا: «لەدرێژەی قسەکانیدا»... ئێستا ئەوە گرنگ نییە... گرنگ ئەوەیە کە من بەتەنها کرۆتا نیم، بەڵکو پێشەوای ئەم خێزانەم... سدلاجکیش تەنها دەرگاوان نییە، بەڵکو پێشەوای ئەم ئاپارتمانەشە. ئەم پلە و پایانەش دەبێ لە هەموو دەورانێکدا ڕێزلێگیراو بن.

ئێلینا: «پەستە و ئاخوئۆف دەکات» نازانم، بۆ نابێ هەرگیز خۆشی لە یەکشەممەیەکی جوان ببینین!

کرۆتۆفا: چیت بەدڵ نییە تولفەکەم؟

ئێلینا: جا ئەمە ژیانە؟ پێلاوەکەی پاک کردۆتەوە... پێلاوەکەی پاک نەکردۆتەوە! ژیان ئەوەیە...

کرۆتا: باشە... ژیان چییە؟

ڤێرا: «دوای ئەوەی بەیارمەتی ییرجی لاشەی دەرگاوانەکەی شاردۆتەوە، سەرنجی زەوییەکە دەدات و بەنووکی پێلاوەکەی تەڕاییەک لەسەر زەوییەکە دەسڕێتەوە» خوێن.

کرۆتا: تەنانەت نازانی دەبێ چی بڵێی.

ئێلینا: ژیان... هەڵبەت دەبێ شتێکی گەورەبێ.

کرۆتا: «بەژوورەکەدا دێت و دەچێ، هەرچی زیاتر قسەکانی توندتر دەبنەوە و، دەنگی بەبەراورد لەگەڵ چرپەچرپی ژووری یەکەمدا لە دەنگی بوق دەکات» ئاها! کەواتە من لە نەزەر تۆدا بچووکم! کە من شەرەفمەندانە و دەستپاکانە بژیم و بخوازم دادوەری باڵ بەسەر هەموو شتێکدا، بەسەر گەورە و بچووکدا بکێشێ، ئیتر من بچووک دەبم؟ «ئێلینا هەست دەکات سووکایەتی پێدەکرێ. لەم ساتەوە ڕەوشی دەشێوێ، خۆی وا نیشان دەدات کە گوێی لەو قسانە نەبووە کرۆتا کردوونی...»

ڤێرا: «ئەو پەڵە خوێنانەی بەسەر جلەکانی ییرجییەوەن سەرنجی ڕادەکێشن» خوێن بە چاکەتەکەتەوەیە!

کرۆتۆفا: بەبێ! ئاساییە، ئێلینا دەیەوێ تۆ جیا بی.

کرۆتا: بەڵێ! تۆش مێشکی هەڵدەشێلی. با بڕوا بەدوای باوکەکەیدا، ئەو جیا بوو.

ڤێرا: جلەکانت خوێناوین، دەبێ بییان گۆڕی.

«یێرجی دەچێ کەنتۆرەکە دەکاتەوە و چاکەتەکەی بەری دادەکەنێ و یەکێکی تر دەردەهێنێ تا لە بەری بکات»

کرۆتا: ئەوەندە گەورەبوو لەدەست ئێوە هەڵهات! ئەم کابرایەشتان... یێرجی، ئەمیش جیایە. بەڕادەیەک جیایە کە خۆی چووە دەرەوە و دەرگاکەی لەسەر ئێمە داخست و لەبیری کردین... ئێوەش چەند ئومێدتان پێیەتی!

کرۆتۆفا: لێی بێ ئومێد بوومە، هەروەک پێشووتر بێ ئومێد بووم.

کرۆتا: لەبەرئەوەی تۆ هەڵپەتە بەدوای تەنتەنەوعەنتەنەدا... قوتابییەکی فرە زیرەکە! ئەندازیارە! ئای چی ئەندازیارێکە!

یێرجی: «چاکەتەکەی لەبەر کردووە، ئاوڕ لە ڤێرا دەداتەوە و بەچرپە قسەی لەگەڵ دەکات -دەنگی تێر و زیندووە-» دەبێت هەر ئێستا و زۆر بەپەلە ئێرە جێبهێڵێت.

کرۆتا: ئەو هەر ئەوەندە بوو کە حەزی دەکرد ببێتە ئەندازیار، هەروەکوو چۆن ئێلینا حەزی دەکرد ببێتە سەماکەر.

ڤێرا: «بەنەرێ سەر ڕادەوەشێنێ» ناتوانم لێرە دووربکەومەوە.

یێرجی: هەر دەبێ بڕۆی!

کرۆتا: کاتێ کەسێ دەیەوێ ببێتە شتێک و پاشان نابێتە ئەو شتە، ئەوا دەچێتە ڕیزی «تێکشکاوان»ەوە!

ڤێرا: مەسەلەکە ئێستا هەڕەشە لە ژیانی هەمووتان دەکات. تۆ تووشی گرفت هاتوویت!

یێرجی: ئەمە کێشەی منە و خۆم دەبێ چارەسەری بکەم، بەڵام تۆ دەبێ بڕۆیت.

کرۆتا: وەک ئەوەی لە دوا ڕیزدا ڕوودەدات... لاوان دێنە پێشەوە... ڕیزەکانیان ڕاست و ڕێکە وەک تاڵە دەزوو... لەپڕ یەکێک دەبینم



وەک بڵێی لەناویاندا بەدوای شوێنێکدا بگەڕێ بۆ خۆی.

یێرجی: گوێت لێمە!

کرۆتا: «لەدرێژەی قسەکانیدا» هەموویان بەشداری مەشقیان کردبوو تەنها ئەم فەیلەسوفە تەنیایە نەبێ، ئەم لەناو ڕیزەکاندا هەر شەپەشەپی بوو... تەواو بوو... «تێکشکا» «کرۆتۆفا پێدەکەنێ»

ڤێرا: «قوڵ بیردەکاتەوە و، بەسەر ئاماژە بۆ ژێر کەرەویتەکە دەکات» دەبێ لەوێ دەرهێنرێ!

کرۆتا: پێکەنینتان دێ؟

یێرجی: ئەی چۆن لە ئاپارتمانەکە دەیبەیتە دەرەوە؟

کرۆتا: هەموو بینەران لە یاریگای «ستراهۆف» وازیان لەوە هێنا کە چاودێری ئەوانە بکەن کە مەشقیان دەکرد و، چاویان بڕیبووە فەیلەسوفەکە کە هەر شەپەشەپی دەهات و...تێکدەشکا!! ئەو فەیلەسوفە یێرجی بوو!

یێرجی: «بە بڕواییەکی تەواوەوە بڕیار دەدات» هەر ئێستا دەبێ لەسەر شوێنێک ڕێکبکەوین کە لەوێ چاوەڕێم بکەن. کە تۆنیکیش تەلەفۆنی کرد پێی دەڵێم تۆ لە کوێی.

کرۆتا: دنیا پێویستی بەو «تاکڕەوانە» نییە.

یێرجی: «دوای ئەوەی دەبینێ ڤێرا پێشنیازەکانی ڕەتدەکاتەوە» هەر دەبێ بڕۆیت...ئەگەر بگیرێیت مانای وایە ئەم کابرایەمان بێ هودە کوشتووە.

کرۆتا: ژیان بەرپرسیارێتییە! هەموو ئەفسونی ژیانیش لەوەدایە!

ڤێرا: «بە سەرلەقاندنێ ئەوەش ڕەتدەکاتەوە» نەخێر!

یێرجی: ئەگەر نەڕۆیت، ئەوا هەموو ژیانم بێ هودە دەبێ.

کرۆتا: «لەپڕ ئاوڕ لە دەرگای ژووری یەکەم دەداتەوە» دەڕۆم بزانم سدلاجک چۆن چۆناهی یێرجی دەکوتێ.

## 15

ئێلینا: «تەماشای کرۆتا دەکات» چیتر بەلای منەوە ئێسک سووک نییە.

کرۆتۆفا: «دڵگرانە» کەواتە ئەوە منم مێشکت هەڵئەشێلم!! خۆ گوێت لێ بوو؟

کرۆتا: «لەناو ژووری یەکەمدایە، چاو دەگێڕێ» کوا سدلاجک؟

یێرجی: چووە دەرەوە!

کرۆتۆفا: ئیرەیی بە باوکت دەبا!

کرۆتا: «هەست دەکات ڕەوشی ناو ژوورەکە ئاسایی نییە» ئەوە چیتانە؟

کرۆتۆفا: چونکە سەرباری هەر مەینەتێک بۆ ئێمەی ناوەتەوە، بەڵام باوکت کەسایەتییەک بوو حیسابی بۆ دەکرا.

کرۆتا: ئەها...! کەواتە بە هۆی قاڵدرمەکانەوە سەرزەنشتی کردوویت، وانییە؟

کرۆتۆفا: هونەرمەندێکی گەورە بوو.

کرۆتا: هەمیشە پێم دەگوتن، ئازیزان دەبێ بزانن ئەو دەرگاوانە کێییە.

کرۆتۆفا: ئالی... بەڵێنم پێ بدە کە ڕێ بەکەس نەدەی پەیامەکەت لێ زەوت بکات... دەبێ خۆڕاگر بی!

کرۆتا: «لەگەڵ ڤێرایەتی» چی لێ دەقەوما ئەگەر شوێن پێیەکانی خۆی پاک بکردایەتەوە؟

کرۆتۆفا: تا یێرجیش وا نەزانێ تۆ پارچە وەرەقەیەکی هەر کاتێ ویستی و ئارەزووی کرد نەخشەت لەسەر بکێشێ.

کرۆتا: من ڕێگا نادەم بەهۆی تۆوە ئەم خێزانەم تووشی هیچ دەردی سەرییەک ببێ. بۆیە دەبێ ئەو قاڵدرمانە تۆ پاکیان بکەیتەوە.

کرۆتۆفا: دەبێ بجەنگیت... دەبێ بەردەوام خۆڕاگر بیت، بۆ ئەوەی وەکوو خۆت بمێنیت... ئالی بەڵێنم پێ بدە!

ئێلینا: بەڵێ... بێ گومان!

کرۆتا: «لەگەڵ ڤێرایەتی» خانمەکەم لەڕاستیدا تۆ نازانی کە یێرجی وەک ئێمە تەماشای شتە ئاساییەکان ناکات. ئەو بیر دەکاتەوە، لانی



کەم بیر لە چارەنووسی هەموو ئەورووپا دەکاتەوە «پێی ناخۆشە کە ئەم میوانە نەناسە بایەخ بەقسەکانی نادات» پشتم تێ مەکە! هەوڵ بدە ئەگەر بۆ جارێکیش بووە تێبگەیت کە هەر مرۆڤێک پەیامێکی خۆی هەیە لە ژیاندا. بۆ هەندێک ئەورووپا تەرخان کراوە و، بۆ هەندێکی تریش گسک. ئەگەر کەسێکیش لە نێوان ئەو دووانەدا شەپەشەپی بوو ئەوا لەوانەیە کارەساتێک بنێتەوە. کەسێ بیر لە ئەورووپا بکاتەوە و گسک فەرامۆش بکات، هانی دەرگاوانەکە دەدات دەستگیری بکات و خۆی و خێزانەکەی بنێرێت بۆ گرتووخانە. «سەرنج دەدات یێرجی و ڤێرا هەر بەجارێ گوێ بەقسەکانی ئەم نادەن، ئەمە بەهەڵوێستێکی دوژمنکارانە لێکدەداتەوە بەرامبەر بەخۆی، بۆیە تووڕە دەبێ و بەرەنگاری دەکات» ئێوە لەگەڵم کۆک نین؟ ئێوە پێتان وایە من چیکییەکی بەدم کە لەم کاتەدا قسە لە شتی بچووک و لاوەکی دەکەم؟ خوا وا باشی کردووە کە هەموو مێژووی خۆمان دەزانم! بەبڕوای ئێوە چۆن توانیومانە لە کۆیلایەتییەک ڕزگارمان ببێ کە سێ سەدەی ڕەبەقی خایاندووە؟ ئایا هەوڵمان دا دنیا قلّپ بکەینەوە؟ چیکەکان هەرگیز لە پشت سەنگەرەکانەوە نەوەستاون، چیکەکان پەنایان بردە بەر چیای «سۆکۆلا». ئەو پرۆڤانە شارەزاییەکیان بەگەلەکەمان بەخشیوە بەرامبەر ئەزموونی دەیان ڕابوون و زیاتریش بووە «بەهۆی هەڵوێستی یێرجی و ڤێراوە ئەوەندەی تر تووڕە دەبێ». تۆ بۆ ئەوەندە ڕەشبینی خانمەکەم؟ من خانمەکەم... من خانمەکەم... گەشبینم! گەشبین بوومە و هەر گەشبینیش دەبم. بێ گومان ئەڵمانەکان دەڕووخێن چونکە ناکرێ ئەم وەزعە هەروا بمێنێ... ئێوە دەڵێن چی؟ ئاخۆ پاش کۆتا هاتنی جەنگ کێ دەبێتە خاوەن بڕیار؟ من کابرایەکی واقیعیم، شتەکان وەک خۆیان دەبینم، بۆیە دەڵێم چی ئینگلیز بێن یان ڕووسەکان ئەوا چیتر لەم وڵاتەدا شوێنی فەیلەسوفان نابێتەوە، بەڵکو شوێن دەدرێ بە خەڵکانی وەک من چونکە پێداویستی سستمێکی تازە وا دەخوازێ. بەو جۆرەش جارێکی دیکە کەسانی وەک ئەو

تێکدەشکێنەوە، چونکە نازانن سەرکەوتن بەبێ دەنگی مانای چییە. هیچ شتێکی بەدڵ نییە... لە هەموو شتێکدا کەموکوڕی دەبینێ. خەڵکی لەم جۆرە کۆمەڵگا بەد دەکەن. بەڵێ کۆمەڵانی خەڵک و خێزان و دەوڵەت و یاسا بەد دەکەن چونکە نایانەوێ خۆ بگونجێنن. بەڵام تۆ کە دەتەوێ لەگەڵ ئێمەدا بژیت دەبێ خۆ بگونجێنی، بەو جۆرەش من سوورم لەسەر ئەوەی کلیلەکانم بدەیتەوە. «ییرجی بەنەخێر سەر ڕادەوەشێنێ» نامدەیتێ؟ «زەنگی تەلەفۆنەکە لێ دەدات».

ییرجی: «بەشپرزەیی ڕادەکات بەرەو تەلەفۆنەکە» نچاس قسە دەکات! «بەنیگەرانییەوە دەسکی تەلەفۆنەکە لەگوێی دوور دەخاتەوە و ڕوو لە ژووری دووەم دەکات و ئێلینا بانگ دەکات» ئێلینا... لە تەلەفۆن تۆیان دەوێ!

کرۆتا: «هەڕەشە دەکات» گوێت لێ بێ... ئەگەر نەمدەیتەوە...

ییرجی: «ئێلینا بەڕاکردن دێت، ئەمیش دەسکی تەلەفۆنەکەی بۆ درێژ دەکات و، بەلالووتێکەوە دەڵێ» هێشتا پێویستم پێیەتی.

## 16

ئێلینا: «تەلەفۆنەکە لە ییرجی وەردەگرێ، بێزارانە و بەنەغمەیەکی غەمبارانەوە دەدوێ» نچاسۆفا... ها... ها... چۆنی سۆزانا.

دەنگێکی ئافرەتانە: «لەپشت شانۆکەوە ئەم دەنگە ڕاڕایە دێت کە بەئازارەوە دەڵێت» بابا!

ییرجی: «بەچرپە بە ڤێرا دەڵێ» دەنگی ژنی دەرگاوانەکەیە!

کرۆتا: «چۆتە ژووری دووەم» نەیدامەوە!

کرۆتۆفا: چی؟!

کرۆتا: کلیلەکان.

ئێلینا: باشە... ئەی دواتر؟

کرۆتۆفا: کلیلی خۆتن تاهەتایە! هەوڵ بدە بزانیت کە مەسەلەکە پەیوەندی بە ژیانی ئێلیناوە هەیە، نەک بەکلیلەکانەوە.



ئێلینا: بەڵێ... نەمتوانی!

کرۆتا: تۆ نازانی لەوانەیە شتە بچووکەکان پەرەبسێنن و ببنە شتی گەورە؟!

دەنگێکی ئافرەتانە: بابا!

کرۆتا: ئەگەر لەو کاتەدا هێرشێکی ئاسمانی ببوایە. ئێمە چیمان بەسەر دەهات؟!

ئێلینا: وای خودایە... چەندێ قسەوقسەڵۆکت لەلایە!

کرۆتا: لێرە دەمایینەوە...وەکوو مشکان لەناو تەڵەدا، دەرگامان لەسەر دادەخرا!

ییرجی: «لەگەڵ ڤێرایەتی» دەبوایە زۆر زوو لێرە بڕۆیشتیتایە.

ڤێرا: نیگەران مەبە، دەبێ ئەم وەزعە کۆتایی بێت!

ئێلینا: دەبێ ببینینی...

کرۆتا: بەڵێ، وەک مشکی ناو تەڵە!

دەنگێکی ئافرەتانە: بابا!

کرۆتۆفا: بەو خودایە... هەقی تۆیە!

کرۆتا: کلیلەکان مانایەک لە کلیل زیاتر دەبەخشن!

ییرجی: چی بکەین؟

ئێلینا: «هەر بە تەلەفۆنەکە قسەدەکات» بەلای منەوە جیاوازیی نییە.

کرۆتا: لێرە مەسەلەکە پەیوەندی بەهەموو شتێکەوە هەیە... ئەگەر ئەمجارە ببیەخشم، ئەوە مانای وایە بەردەوام تەنازولی بۆ بکەم.

ئێلینا: «هێشتا تەلەفۆنەکەی پێیە» بەلای منەوە شتەکان هەمووی وەک یەکن.

کرۆتا: چارمان چییە ئەگەر وتی ناتاندەمەوە؟ «لە زەنگی دەرگاکەیان دەدرێ، کرۆتا دەچێ بیکاتەوە، بەدەم ڕێگاوە قسە دەکات» دەی خاتوون پێم بڵێ چارمان چییە؟!

ئێلینا: نا... نەفسم حەزی لە هیچ شتێ نییە! «گوێی لە کردنەوەی دەرگاکەیە... غەڵبەغەڵب دێ» باشە خواحافیز «تەلەفۆنەکە دادەخاتەوە» ئەوە سۆزانا بوو! «سەرنج دەدات ڤێرا و ییرجی ئاگایان

لەم نەبوو، بۆیە بەدەنگێکی بەرزتر دەڵێ» لێم تووڕەیە! «ییێرجی و ڤێرا گوێیان هەڵخستووە بۆ دەنگەدەنگەکەی دەرەوە. دەنگی ئێلیناش تا دێ بەرزتر و بەرزتر دەبێتەوە» تووڕەیە چونکە نەچووبووم بۆ مەشق! «کەس گوێی لەم نەگرتووە، بۆیە هاوار دەکات» دەڵێم ئەوە سۆزانا بوو! «ئاوڕ دەداتەوە و دەچێ بۆ ژووری دووەم».

17

## شیوەن و فیزاع

«کرۆتا ژنی دەرگاوانەکە دەهێنێتە ژووری دووەم. ژنی دەرگاوانەکە ئافرەتێکی سادەیە، ژیان هیلاکی کردووە، کەسایەتییەکی ڕووکەشانەی هەیە، بەدرێژایی ئەم دیمەنە لەلای دەرگاکەوە دەوەستێ. کرۆتا و ژنەکەی بەپێچەوانەی مامەڵەیان لەگەڵ مێردەکەیدا لەگەڵ ئەمدا زۆر لووت بەرزن. ڤێرا و ییێرجی لە ژوورەکەی ئەو دیو پاڵیان بەدیواری ناوەندەوە ناوە بۆ ئەوەی گوێیان لە هەموو قسەکان بێ.»

ژنی دەرگاوانەکە: «لە درێژەی ئەو قسانەدا کە لەگەڵ کرۆتادا لە ڕاڕەوەکەوە دەستیان پێکردووە، دەنگی گریاناوییە» ئەی خوای خۆم لە ئاسمان، دەمێکە لە خوارەوە چاوەڕێ دەکەم... ناردوویانە بەشوێنیدا...ئێشیان پێیەتی، مەگەر ئەم نمایش و ئیستیعرازەی نییە!

کرۆتا: هات تەماشای ئالاکانی کرد و ڕۆیی!

ژنی دەرگاوانەکە: چی لێ بکەم بۆ یەک ساتیش ئۆقرە ناگرێ!! خۆی وتی بەیانی کەسێکی نەناسراوی دیوە هاتۆتە ناو ئاپارتمانەکە، ئیتر کێچ کەوتە کەوڵی تا بزانێ چۆتە ماڵی کێ... پێم گوت تۆ دەخلت چییە، ئەوە شتێکە تایبەتە بەخەڵکەکە، بەڵام وەڵامی دامەوە کە ئەوە جەوهەری ئیشەکەیەتی. بەسەر هەموو ماڵەکاندا گەڕام نەمدیتەوە. نازانن داخوا لە کوێ بێ؟

کرۆتۆفا: نەخێر...خانم ئێمە نازانین «بە لووتی بەرزەوە لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە»

ئێلینا: لەوانەیە ئێستا نمایش بکا.



ژنی دەرگاوانەکە: بەڵام ئەو نەعلی لەپێدایە! پێڵاوەکانیم ئامادە کردووە و ئەوەتا لە موبەق! وەی خودای خۆم لەو ئاسمانە، چی بکەم؟ ئەو پێی گوتووم هەر کاتێ شتێکی لێ بقەومێ، من یەکسەر پەیوەندی بکەم بە گستاپۆوە!... ئێ خۆ ئەوانیش ئەوەتان لە سەر شەقامەکان ڕیز بوونە، گوێتان لێیە... هەڵبەت دەبێ ئێستا ئەویش لەگەڵیاندا بێ، ئەگەر نا ئەوە لە من دەقەومێ. جەنابی سەرهەنگ... بە ڕای تۆ خەبەر بدەم یان نا؟ بچم بۆ بارەگای سەرکردایەتییەکەیان و ئاگاداریان بکەمەوە؟ ئێ هەر دەبێ لێرە بێ لەناو ئەم ئاپارتمانەدا!

کرۆتا: دەبێ خەبەر بدەیت، بۆ ئەوەی لە گێچەڵ بیپارێزی، خۆشت دەزانی... ئەوەی ڕێگای جەنگین هەڵبژێرێ...

ژنی دەرگاوانەکە: من زمانی ئەڵمانی نازانم...! بەڵێ... ئەڕۆم... وای خوای خۆم لە ئاسمان بۆ دەبێ هەمیشە شتێ ڕووبدات! «دەڕوا- کرۆتا بەرێی ناکات... گوێی لە دەنگی داخستنەوەی دەرگاکەیە.»

18

«لە ژووری دووەمدا کرۆتا لەگەڵ ئێلینادایە. هیچیان نییە پێکەوە باسی بکەن. هەردووکیان لەیەکتر تووڕەن. کرۆتا بەژوورەکەدا دێت و دەچێ، بەقوڵی و جدییانە بیر دەکاتەوە، وەلێ ئێلینا هەر خەریکی کات کوشتنە، بەڵام بێتاقەتییەکەی هەرچی زیاترە ڕوو لە زۆربوونە، لە ژووری یەکەمیشدا گفتوگۆ گەرم بووە»

ییێرجی: هەر ئێستا و بەپەلە دەبێ لێرە بڕۆیت.

ڤێرا: هێمن بە... هێمن بە... هێمن بە!!

ییێرجی: لە کوێ چاوەڕێی تۆنیک دەکەیت؟

ڤێرا: «بەقوڵی شەنوکەوی بیرۆکەیەکی تر دەکات» مەسەلەکە دەرفەتێکی دیکەیشی دەوێ تا دەیانهێنێتە ئێرە.

ییێرجی: لە کن کۆگای شیرینەمەنییەکە چاوەڕێ دەکەیت، وانییە؟!

ڤێرا: خێرا، دەتوانین بیگوێزینەوە بۆ جێیەکی تر؟ ئا یان نا؟

ییێرجی: نەخێر ناتوانین. گستاپۆ لەبەر دەرگان و لاوانی هیتلەریزمیش بە

هەموو ئاپارتمانەکەدا بڵاو بوونەتەوە.

ڤێرا: کەواتە دەبێ هەموومان لێرە دوور بکەوینەوە...دەبێ هەموومان لەم ماڵە دەرچین.

ییرجی: قسەی نابەجێ.

ڤێرا: وا نەکەن هەمووتان تیادەچن... دەبێ بڕۆن.

ییرجی: جا چۆن دەتوانی قاناعەتیان پێ بێنی کە بڕۆن؟

ڤێرا: ڕاستییەکەیان پێ دەڵێین...

ییرجی: ئەو کاتە دەتۆقێن، بەپەلە دەچن خەبەرت لێدەدەن بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگاربکەن! بۆیە نابێ هیچ بزانن!

ڤێرا: کەواتە بەهۆیەکی ترەوە دەیانبەینە دەرەوە.

ییرجی: چییە ئەو هۆیەی تر؟!

ڤێرا: دەبێ هۆیەک بدۆزینەوە.

ییرجی: هەر هەست بەشتێ بکەن دەتۆقێن.

ڤێرا: بەم جۆرەش ژیانیان کۆتایی دێت. دەبێ بیانبەینە دەرەوە.

ییرجی: ئەی کە هەموومانت بردە دەرەوە، چیمان لێدەکەیت؟ لەکوێ دەمانشاریتەوە؟ هەڵبەت تۆ ناتوانیت چوار کەس ئاودیوی سنوور بکەیت... ئەوە هەر مەحاڵە!!... سەعاتێک ناخایەنێ دەگیرێین «پاڵتۆکە دەدات بە ڤێرا» وەریبگرە و بڕۆ!

ڤێرا: ناتوانم ئاوا بەجێتان بهێڵم!

ییرجی: «کورت و کرمانجی مەسەلەکە دەبڕێنێتەوە» ڕزگاربوون لە لاشەکە مەحاڵە. دوورخستنەوەی لێرە کاری نەکردەیە. شاردنەوەی لە جێیەکدا هەرناکرێ. کەواتە تا دەرفەت ماوە دەبێ بەتەنها بڕۆیت، ئەگینا بەدووت دەکەون.

ڤێرا: «پاش چرکەساتێک بێ دەنگی، بەچرپەوە دەڵێ» ئەی تۆ؟

ییرجی: دڵت لای من نەبێ.

ڤێرا: لێ دەگەڕێی بتگرن؟

ییرجی: ئەی دەبێ هەڵبێم؟

ڤێرا: بەڵێ، زۆر ئاساییە کە ڕا بکەیت.



ییرجی: ئەمان خێزانی منن.

ڤێرا: مادەم ناتوانی لێرە دەریان بکەیت...ئەی چۆن یارمەتییان دەدەیت؟

ییرجی: تۆ لەو بارەیەوە خۆت ماندوو مەکە.

ڤێرا: کە لێرە بمێنیت چۆن یارمەتییان دەدەیت؟

ییرجی: هەوڵ دەدەم شتێ بزانن.

ڤێرا: بەهێمنی بیرێکی لێ بکەرەوە... بەوردی و هێمنانە بیرکەرەوە: ئەگەر ڕا بکەیت ئەوا دەردەکەوێ کە تۆ کوشتووتە و، ئەوان هیچی لەبارەوە نازانن. بەڵام ئەگەر بمێنی، مانەوەکەت هیچ ناگەیەنێ و، بەپێی یاسا عورفییەکان، هەموو ئەندامانی ئەم خێزانە دەدرێنە بەر گوللە... واتە لە هەرحاڵدا بێ، بمێنی یان بڕۆیت، ئەوان دەکوژرێن.

ییرجی: ئەم قسانەت بێ سوودن.

ڤێرا: بەهێمنی لێی وردبەرەوە، مانەوەت خۆکوشتنە و هیچی تر!

ییرجی: ئینجا چییە؟

ڤێرا: مافی ئەوەت نییە!

ییرجی: کێ دەتوانێ ئەو مافەم لێ بسێنێ؟

ڤێرا: ئێمە دەتوانین... تۆ وا جارێکی تر پەیوەندیت لەگەڵ کردینەوە.

ییرجی: نا، ئەم قسەیەت بێ سوودە.

ڤێرا: کە بمێنیتەوە، لێتدەپێچنەوە و ئازارت دەدەن.

ییرجی: خۆم دەستپێشخەر دەبم!

ڤێرا: دەزانم... حەبی لۆمینالّ دەخۆیت! بەڵام دەبێ تۆ بژیت. تۆ ناتوانی ئەوان ڕزگار بکەیت. «لەپڕ دێتەوە یادی» ئێلینا! بەڵێ ئێلینا! پێویستە بەهەر هۆیەکەوە بووە بیهێنیت... ئەو دێت... کە سێ کەس بین ئیشەکە ئاسانە! پێویستە ئەوی دەکرێ ڕزگاری بکەین، ئێمە هەر سێکمان دەڕۆین. ئێلینا لەگەڵ خۆمان دەبەین. تۆنیک دەماندۆزێتەوە یان بۆخۆمان دەڕۆین، هەموو شت بەدڵی خۆمان دەبێ، سێ کەس... ئەمەیان دەکرێ. ئێلینا لەگەڵ خۆمان دەبەین.

ییرجی: ئەوە سەختە!

ئێلینا: «لەبەرئەوەی لە ڕەوشی ژووری دووەم نارەحەت بووە دێتە ژووری

یەکـەم. لەگـەڵ هاتنیـدا دوا وشـەی یێـرجی هەڵدەقـۆزێ و بەدەم پێکەنینەوە لاسایی دەکاتەوە» ئەوە سەختە!، ئەوە سەختە! من ئەمڕۆ بەشێـوەیەکی گـشـتی ناقـۆڵام! «بەدەنگی خـۆی قـسـە دەکـات» ئەو خـــەڵکەی ئەوێش «ئامـــاژە بۆ ژووری دووەم دەکـــات» ئەوانـیـش ناقۆڵان. هەمووتان ناقۆڵان... بەتەواوەتی ناقۆڵان!

«زەنگی تەلەفۆن لێدەدات»

یێـرجی: «دەمودەست هەڵـیدەگرێ» نچـاس... بەڵێ! «دەسکی تەلەفۆنەکە دەدات بە ڤێرا»

ڤێرا: «وەریدەگرێ» بەڵێ... باشە... بەڵام ئێمە سێ کەسین! نەخێر... دەبێ دەبری بکەن. هەردەبێ... هەردەبێ! بەڵێ، ڕووی دا... بەڵێ... بەڵێ... ماشێنەکە... باشە با بەدوو وەجبە بێ. بەڵێ «تەلەفۆنەکە دادەخات و بەیێرجی دەڵێ:» لەماوەی دە دەقیقەی داهاتوودا ماشێنێک لە پشت سووچەکەی بەرامبەر باخچەکە دەوەستێ، ماشێنەکە هی بارهەڵگرتنە و لەسەری نووسراوە «سەمونخانەی فستین» بە شۆفێرەکە بڵێین ڤێرا ناردووینی. ئیتر ئەوەندە بەسە. من دەبێ دەسبەجێ بڕۆم!

ئێلینا: «ئاماژە بۆ تەلەفۆنەکە دەکات» ئەوە بەسەر کێدا دەتقیژاند؟

ڤێرا: «شڵەژاوە» دەمقیژاند؟

ئێلینا: بەڵێ، زۆر بەتوندی دەتقیژاند!

ڤێرا: تۆ وا مەزەندە دەکەیت!

ئێلینا: مەزەندە نییە. بەتەواوەتی دەتقیژاند «لەگەڵ یێرجی قسە دەکات» تۆ چی پەیوەندیت بەسەمونخانەوە هەیە؟

ڤێرا: ئۆتۆمبێلەکەیانمان بۆ دەگۆڕن.

ئێلینا: شتێک ڕووی داوە؟

ڤێرا: نەخێر... جا چی هەیە ڕووبدات؟

ئێلینا: نازانم... ڕەفتارتان جێی سەرنجە!

ڤێرا: «لە پڕ بیرۆکەیەکی بەمێشکدا دێت» ڕەفتارمان سەیر نییە، نا، نا... هەرگیز... مەسەلەکە ئەوەندەیە کە من خزم و ناسیاوم لە لادێ هەن بەڵێنم پێ دابوون کە سەردانیان بکەم و، نەختێ کەرە و... ڕۆن



بهێنمەوە...

ئێلینا: کەرە و، ڕۆن؟!

ڤێرا: بەڵێ!

ئێلینا: هێلکەش؟!

ڤێرا: بەڵێ... هێلکەش! لەگەڵمان دێیت... وا نا؟

ئێلینا: «بەنازەوە» بەڵام من بەبێ سپێنە دەمەوێ...هێلکەیەک هەمووی زەردێنە بێ.

کرۆتا: «لەگەڵ کرۆتۆفا قسە دەکات کە تازە گەڕاوەتەوە و لەپشتەوە هاتۆتە ژووری دووەم» دوا بڕیارم وەرگرتووە، چاوەڕێ دەکەم تا میوانەکە دەڕوا.

ڤێرا: «ڕێن کۆتەکەی لەبەر دەکات، یێرجی یارمەتی دەدات...لەناو دەرگاکەدا دەوەستێ» پێویستە بەدووجار بچینە دەرەوە... من پێشتان دەکەوم.

یێرجی: کەواتە زووکە!

ڤێرا: ئێوەش زوو وەرن چونکە ماشێنەکە زۆر چاوەڕێ ناکات «وەردەگەڕێ و دەڕوا»

کرۆتا: دوای ئەوە دوا ئینزاری دەدەمێ. ئەگەر کلیلەکانی بۆ نەگەڕاندمەوە، ئەوا منیش هەموو کەلوپەلی خۆمان و ئەوانەی ئێلیناش لە ژوورەکەی ئەوان دەگوێزمەوە.

«تۆزێ دادەنیشێ بۆ ئەوەی پشوویەک بدات و هێز و هەرەکەت بداتە بەر خۆی بۆ شەڕێکی یەکلاکەرەوە».

## 19

ئێلینا: «تەماشای ئەو دەرگایە دەکات کە ڤێرای لێ چووە دەرەوە و، سەر ڕادەوەشێنێ» ئەوە چی ئافرەتێکە! هەروا لەپڕ ڕۆیی، خۆ لانی کەم دەیتوانی خواحافیزی لە خێزانەکەم بکات.

یێرجی: دەی ئێلینا، تکات لێ دەکەم بەپەلە جلەکانت بگۆڕە! باشە! بەڵام پەلەکە!

ئێلینا: جا بۆ بەپەلە؟
یێرجی: تکات لێ دەکەم.
ئێلینا: ئێ خۆ کاتێکی باشم لەبەر دەستایە.
یێرجی: نا نیتە.
ئێلینا: من کە وادەی چوونە بالێیەم لێ بەسەرچوو، بۆ چوونە هەر شوێنێکی دیکە پەلەم نییە.
یێرجی: ئێلینا!
ئێلینا: چیت دەوێ؟
یێرجی: سەرنج بدە، چی مەینەتییەک باڵی بەسەر هەموو شتەکاندا کێشاوە!
ئێلینا: زۆرباشە کە بەم دەرەنجامە گەیشتوویت.
یێرجی: ماشێنمان هەیە.
ئێلینا: پاشان؟
یێرجی: دەبێ ئەم فرسەتە بقۆزینەوە.
ئێلینا: جا من داوام لێ کردوویت نەرۆیت؟
یێرجی: لەگەڵ ئەوەشدا... منت خۆشدەوێ.
ئێلینا: جا تەنها لەبەر ئەو هۆیە دەبێت لەگەڵتدا بێم لە پێناو کەرە و رۆندا؟
یێرجی: ئێلینا، هەموو شتێکم بەجێ هێشت و، هاتم لە «فستینا» بوومە یاریدەدەری گەرسۆن لەپێناو ئەوەدا کە پێکەوە بین، کەچی ئەوەتا تۆ ئامادەنیت، بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ بێیت بۆ ئەو جێیە کە من دەمەوێ.
ئێلینا: جا چۆن ناتوانم؟ بەڵێ دەتوانم!
یێرجی: کەواتە دەستوبردکە... تکات لێ دەکەم.
ئێلینا: ئێ بەڵام ناچار نیم.
یێرجی: زۆرجار دەیڵێیتەوە کە ئومێد دەخوازی هەموو رۆژێ ئاهەنگی بووکێنییەکەت دووبارە ببێتەوە.
ئێلینا: هەموو رۆژێ ئاهەنگی بووکێنی، ئای چەند جوانە! ئەوەی لەدوای



ئاهەنگی بووکێنی دێ ئەوەندە جوان نییە. مەبەستم ئەوەیە جوانە بەڵام بەو ئاستە نا، «هەندێ سەما دەکات، زۆرتر لە جوڵەی مەشقی بالێیە دەکات»
یێرجی: سەرلەنوێ وەک جاری جاران ئەوە دەکەینەوە. هەر بۆیەشە دەمەوێ لێرە بڕۆمە دەرەوە، با بۆ تەنها ساتێکیش بێ گرنگ ئەوەیە بە تەنیا بین... ئەمڕۆ زەماوەندێکی نوێمان دەبێ... باشە؟ ئەم گەشتەمان گەشتی هاوسەرێتیمان دەبێ... گەشتی هاوسەرێتی.
ئێلینا: «بەخەندەوە» گەشتی هاوسەرێتی لە ماشێنی سەمووندا! پێتوایە من سەموون بم؟
یێرجی: «ئاماژە بۆ ئەودیو پەنجەرەکە دەکات» تەماشاکە! ڕۆژێکی چەند خۆشە...
«ئێلینا سەما دەکات»
لە دەرەوە دەفڕیت
«ئێلینا سەما دەکات»
ئەمڕۆ یەکشەممەیە
«ئێلینا سەما دەکات»
تکات لێ دەکەم ئەگەر منت خۆش دەوێ لەتەکما وەرە!
ئێلینا: «ڕاشکاوانە» گووتم نایەم بۆ هیچ شوێنێ. من کە ئەمڕۆ لە چوونە بالێیە بێ بەش بووم، کەواتە لانی کەم دەبێ لە ماڵەوە مەشق بکەم. تۆ بڕوات بەوە نییە کە سەما کارە! تۆ هەرگیز لەوە تێناگەیت کە هەر مرۆڤێک پەیامێکی هەیە!
یێرجی: «دەقیژێنێ» ئای بەداخەوە!
ئێلینا: بۆچی بەداخەوە!
یێرجی: «دەقیژێنێ» دەبێ لەمەبەدوا پیاو دەمپیس بێ!
ئێلینا: بەدەست من نییە!
یێرجی: کە بە دەست تۆ نییە، کەواتە دەبێ لەگەڵما بێیت. «دەستی ئێلینا دەگرێ»
ئێلینا: نایەم!

یێرجی: دێیت... ئیتر بەسیەتی پاشکۆیی! «ئێلینا بەرەنگاری دەکات- یێرجی توندوتیژانە ڕایدەوەشێنێ».

ئێلینا: چییە شێت بوویت؟ شێت بوویت؟ بەسە... هاوار دەکەم!

یێرجی: «لەپڕ لەبەردەم ئێلینادا بەچۆکدا دێت» ئێلینا تکات لێ دەکەم لەگەڵما وەرە!

کرۆتۆفا: «پێشتر کە لە ژووری دووەمەوە لە پشت دەرگاکەوە هەوڵی دەدا شتێ لەو دەمەقاڵێیە حاڵی ببێ کە لێرە ڕوودەدات ئێستا هاتۆتە ژووری یەکەمەوە و دەبینێ یێرجی لەبەردەم ئێلینادا چۆتە سەر چۆک» چییە یێرجی شتێکت لێ کەوتووە؟ کوا میوانەکەت؟

ئێلینا: چوو ماشێنێک بێنێ... مەبەستم لەوەیە کەرە بێنێ... نا... نا... هێلکە بێنێ.

کرۆتۆفا: چییە نازانی قسە بکەیت؟

ئێلینا: ناسیاوی لە لادێ هەیە و، بەنیازن بچن بۆ ئەوێ بۆ هێلکە هێنان و... شتی وا...

کرۆتۆفا: کێ دەڕوا؟

ئێلینا: هەڵبەت، ئەو خانمە و یێرجی.

کرۆتۆفا: «بەدڵی نییە» هەر هەردووکیان؟

یێرجی: «دەیەوێ سوود لە دوا دەرفەت وەربگرێ» من دەمەوێ ئێلیناش لەگەڵماندا بێت.

ئێلینا: منیش نامەوێ!

یێرجی: منیش دان بەوەدا دەنێم کە نامەوێ بەتەنیا لەگەڵ ئەو خانمەدا بڕۆم!

ئێلینا: دەمەوێ مەشق بکەم... دەبێ مەشق بکەم!

کرۆتۆفا: «بەخێرایی هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێ» دەتەوێ ئێلینا ئێرەیی بەو خانمە بەرێ؟ بەڵام جێی خۆشحاڵییە کە ئێلینا وەک تۆ نییە. ناشزانم بۆچی ڕازی نەبوو لە جێیەکی دیکەوە گێرەی پێ بکرێ... بەتایبەتی کە ئەمڕۆ خێزانەکەی کۆلۆنێل دێنە دیدەنیمان و دەمەوێ کچەکەم لەگەڵمابێ لەماڵەوە.



ئێلینا: مادەم تۆ چوونە بالێیەکەت لێ تێکدام، منیش گەشتەکەت لێ تێکدەدەم... ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە ڕێز لە کارەکەم بگری...کە ئەمەش بە گفتی نەرم نەیەتە دی، ناچارم توندوتیژ بم لە گەڵتدا. چەند حەز دەکەیت لەپێناو مەسەلەیەکی تریشدا جیا لەمە! بپارێرەوە، هەر سوودی نییە!

یێرجی: «کتوپڕ خۆبەدەستەوە دەدا» کەواتە با وابێ... «دەچێتە پشت مێزی نووسینەوەکەی» لە ماڵەوە دەمێنینەوە!

ئێلینا: هەڵبەت تۆ دەبێ بڕۆی.

یێرجی: «شووشەی حەبی لۆمینالەکە هەڵدەگرێ» نا... نا پشە بچووکەکەم، بەبێ تۆ ناڕۆم!

## نمایشەخەونی سێیەم

«هەردوو ژوورەکە دیارنامێنن. سەر شانۆ تاریکە. بێ دەنگییەکی تەواو. یێرجی بەتەنیایە»

یێرجی: بەڵێ... با وابێ، تاریکی باڵ بکێشێ... «تەماشای شووشەکەی ناو دەستی دەکات» ئێی... ئەی شووشەکەی حەبی جوانت تێدایە... حاڵ و ئەحواڵ لەوێ چۆنە؟ ئەو باشە؟ لەوێ دەم دادەچەقێن... تەپڵ لێ نادرێن... هەموو شتێ لەوێ دەدرەوشێنەوە و نامێنن... نامێنن تا بگۆڕدرێن بۆ گیا... بێ گومان لەم گۆڕانەدا بۆ هەر شتێ جگە لەوەی ببنە مرۆڤ، ڕزگاری هەیە!

«لەگەڵ قسەکانی یێرجیدا مۆسیقایەکی نزم و هەندێ لە ڕیتمی گۆرانی «ڕووت بەرەوە» تێهەڵکێش دەبێ. ئێستا خودی گۆرانییەکە دەست پێ دەکات. بەڵام ئەسڵی گۆرانییەکە نا، بەڵکو خوێندنەوەیەکی بەئاوازانەیەتی، ئەبێ زۆر بەرەوانی بخوێندرێتەوە کە هیچ وشەیەکی ون نەبێ. تاریکی. دەکرێ شیعرخوێنەکان لە جێیەکی بەرامبەر شانۆکە دیار بن»

دەنگێکی پیاوانە: ئەی شۆخ، ئەی شۆخ

لەو پێستە زۆرەت وەرە دەرێ و خۆت ڕزگارکە

وا جوانتری
وەک هەڵمات... وردوخاش بە،
بەپارچەی بچووک بچووک بڵاو ببەرەوە
دەخولێنەوە، یان هەڵدەبەزنەوە، یان دەفڕن...
دەنگێکی ژنانە: وەک چۆن عاشقم دەخوازێ
ئەم پێستە زۆرەم بۆ غەیری ئەوە
منیش ئەی خۆشەویستم... دەزانم چیت دەوێ
وەک خەونەکان... دڵسۆز و عاشقانە بمبە
بمبە بۆ خۆت... ڕووت... با ئێسکە پەیکەرێک بم
«سەدای ئەم دەنگانە دەڕەوێنەوە، ئینجا لەنێوان دیمەنەکاندا مۆسیقاکە بەکزییەوە بەردەوام دەبێ. لەم ساتەدا تۆنیک لە نزیک پیێرجییەوە دەردەکەوێ.»
تۆنیک: ماشێنێکم بۆ ئامادە کردوویت... تەنها پێنج دەقیقەت مۆڵەت هەیە.
پیێرجی: ئێستا هەموو زەمەنم بەدەستەوەیە... ئەگەر ئەوان مردن، ئایا دەتوانم بژیم؟
تۆنیک: دەزانم. دەڵێن پیاوانێ لەم حاڵەتەی تۆدا مردن هەڵدەبژێرن. ئەمەش بەتەواوەتی لەگەڵ بنەماکانی شەرەفدا دەگونجێ... بەڵام ئەو مردنە مردنێکی نەزۆکە.
پیێرجی: زۆر کەم ڕووی داوە مردن بە سوود بووبێ. بەسە بۆ من شەرافەتمەندانە بمرم.
تۆنیک: کارتی شەرەف بە ڕوومدا هەڵمەدە... شەرەف تەنها ئاوێنەیەکە پیا دەڕوانین... تۆ دەتەوێ هەمیشە لەدیدی خەڵکدا پیاو چاک بمێنی. دەتەوێ تەنانەت لە مردنەکەشتدا سەرنج ڕاکێش بی! تۆ هەمیشە بیر لە خۆت دەکەیتەوە... وەلێ لەوەدا باش بیرناکەیتەوە کە ئاخۆ هاوڕێکانت پێویستیان پێتە... یان پێویستیان بەژیانتە. ماشێنەکە چاوەڕێت دەکات... پێنج دەقیقەت ماوە!
پیێرجی: چیت لە من دەوێ؟ من بەبێ ئێلینا ناڕۆم... «لەپڕ چەپکێک



تیشکی سپی خڕ لەسەرروو سەریەوە دەردەکەوێ. نەختێک سەر شانۆش ڕووناک دەکاتەوە، پیێرجی بەسەرسوڕمانەوە تێی دەڕوانێ»
مانگ...! «بێ ترس و، وەک یەکێک دەستی لێ وەشێنرابێ»
نەخێر... ئەوە مانگ نییە، حەبی لۆمینالە! «مانگی دیکە دەردەکەون و دەخولێنەوە و سەر شانۆ ڕووناکتر دەکەنەوە... لەو کاتەدا کە پیێرجی بە نیمچە گوشادییەکەوە لێیان دەڕوانێ، تۆنیک دیار نامێنێ»
یەکێکی تر... حەبی لۆمینالەکانم... ئەوەتان مانگە ژەهراوییەکانم بەرەو ڕووم دێن.
«گۆرانییەکە لە کۆپلەیەکی تریدا درێژەی هەیە... سەر شانۆ بە تەواوی ڕووناکە، بەجۆرێک کە دەتوانین خانمە گۆرانیبێژەکە و پیاوە گۆرانیبێژەکە ببینین. پیاوەکە ئەفسەرەکەی گستاپۆیە، ئافرەتەکەش ئێلینایە. ئەفسەرەکە گۆرانییەکە دەڵێتەوە و ئێلیناش سەما دەکات...»
ئەفسەرەکە: ئەی شۆخ... ئەی شۆخ
ئەگەر دروست عاشقی لە ئێسکەکانیشت وەرە دەرێ
ئێسکەپەیکەریش زیندانە وەک ئازارەکان
باشتر وایە فڕێی دەی بۆ دەورانی زەمەن
یان... بۆ ناو زبڵدانی شوێن...
«لەگەڵ دوا بڕگەی گۆرانییەکەدا، پیێرجی چیتر تەماشای مانگەهەڵسووڕاوەکان ناکات، تۆقاوانە دەڕوانێتە ئێلینا کە بەدەم سەماوە دوور دەکەوێتەوە، ئەفسەرەکەش لەڕێی ئەمدا وەستاوە...»
ئێلینا: «سەما دەکات و گۆرانی دەڵێ»
وەک ئەوەی خۆشەویستەکەم دەیەوێ
پەیکەرەئێسکم جێ دەهێڵم بۆ غەیری ئەو
ئەوەی دەیبینم هی من نییە، جێی دەهێڵم بۆ خەڵکی دیکە
ئەوە منی وەفادارم... هەوڵ دەدەم بێمە ژوانت
وشکەوەبوو، سووک، هەموو شتێکم لێ داماڵراوە...
لە خولگەی فەنابووندام.

ئەفسەرەکە: چی دەکەی لێرە؟!

یێرجی: «ئاماژە بۆ سەرەوە دەکات، بۆ مانگە هەڵسووڕاوەکان» وەک دەبینی خۆمت لێ دەدزمەوە

ئەفسەرەکە: بەداخەوە... تۆ خۆتم لێ دەدزیتەوە، ئێلیناش خۆی لە تۆ دەدزێتەوە. تۆ دەتویست بیکەیتە موڵکی خۆت و لێیخوڕیت، تۆ چێژی موڵکداریی دەزانی، بەڵام موڵکی بچووک... منیش ئەو چێژە دەزانم، بەڵام هی گەورە. ئێمە دەمانویست ئەڵمانیا بۆ ئێمە بێ، پاشان هەموو جیهان... «بە سۆزێکی بێزراوەوە» ئا لێرەوە کێشەیەک هەیە: هەمیشە عاشقان خۆیانمان لێ دەدزنەوە، بۆیە جگە لەیەک شێواز ڕێگەیەکی دیکەمان نییە تا بتوانین هەموویان بەتەواوەتی بکەینە موڵکی خۆمان «لەم ساتەدا ئاماژە بۆ قووڵایی ناو شانۆکە دەکات، لەوێ دینگەیەک دەردەکەوێ ئافرەتێکی پێوە بەستراوە... یێرجی هەناسەسوارانە و بەقوڕگی گیراوەوە هاوار دەکات: ئێلینا!... ئەفسەرەکە درێژە دەدات بەقسەکانی» ڕووتی بکەنەوە... هەموو جلکەکانی لەبەر داکەنن... پێستەکەی بگوورن... ئێسکوپروسکی داکەنن... ڕووتی بکەنەوە تا فەنابوون! «ئەفسەرەکە لەسەر شانۆ دیار نامێنێ».

یێرجی: «ڕا دەکات بەرەو ئەو دینگەیە کە ئافرەتەکەی پێوە شەتەک دراوە و لەبەر پێی ئەو ژنەدا دەچێتە سەر چۆک» تکات لێ دەکەم... هەر هیچ نەبێ...ئا ئێستا هەمووت بۆ من بێ!

ئافرەتە شەتەکدراوەکە: هەمیشە هەمووم هی تۆ بووە!

یێرجی: تۆ منت خۆشدەوێ.

ئافرەتەکە: لاڵ بووم!

یێرجی: بەڵێ، قسە بکە... دوا ساتەوەخت یەکلاکەرەوەیە.

ئافرەتەکە: ئا بەم شێوەیە، حەزم دەکرد بە گوریس بە تۆوە شەتەک بدرایام.

یێرجی: مادەم یەکترمان دیتەوە، ئیتر بۆ ڕا بکەین.

ئافرەتەکە: خۆشەویستم!

یێرجی: دەمرین، دەبینە شەو، یان گیا... ئیتر لەدەستم ڕاناکەیت وەک چۆن



ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕاتکرد.

ئافرەتەکە: «شێلگیرانە ئەوە ڕەت دەکاتەوە» بۆ باسی مردن دەکەیت؟

یێرجی: دووبارە بەبێ چاو و، بەبێ گوێ لەسەر گۆی زەوی...

سەرگەردان دەبینەوە...

کەڕ دەبین... نامێنین.

ئافرەتەکە: «دەقیژێنێ» وس بە! خۆشەویستی بۆ گۆڕ هەوڵ نادات! تۆ درۆ دەکەیت، لەوێ لەناو گۆڕدا هیچ شتێ نییە تەنانەت خۆشەویستیش نییە! ئاخ... ئەگەر بۆم دەلوا ببمە ڕووبار بەدەمارەکانتا دەڕۆییم و، دڵم دەکوتایت، بۆ ئەوەی لەهەر گەردێ پاکی بکەمەوە و چیتر ڕاڕا نەبێ.

یێرجی: «شێلگیرانە ئافرەتە شەتەکدراوەکە دەکاتەوە ئینجا دەیناسێتەوە» ئەمە تۆیت...؟!

ڤێرا: بەڵێ منم «سەری بەرز دەکاتەوە، لە سیمای یێرجیدا بێ ئومێدی بەدی دەکات، دەترسێ» بیکە بە خاتری خودا، لێم مەترسە! «یێرجی سەری شۆڕ دەکاتەوە» دەبێ لەگەڵمدا بێیت... ئەگینا دەمریت «یێرجی بەسەرلەقاندن نارەزایی نیشان دەدات» دەزانم لەدەروونتا ئاگرێ هەیە...هەتا ماویت دەتبرژێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بێیت لەگەڵما... دەبێ بێیت «یێرجی سەر ڕادەوەشێنێ» کەواتە منیش دەمرم... دەسا بمبەستەوە «یێرجی سەر بەرزدەکاتەوە و ڕایدەوەشێنێ» تۆ گوریسەکەت کردمەوە، دەبێ سەرلەنوێ شەتەکی بدەیتەوە... «ڤێرا خۆی لەگەڵ دینگەکەدا جووت دەکات»

یێرجی: ڕێگاکەم بۆ ساز کردوویت، بڕۆ!

ڤێرا: «سەر دەلەقێنێ» نا چاوەڕێ دەکەم!!

یێرجی: بڕۆ و مەترسە. کەس شتێ لە من نابیستێ... «ئاوڕ دەداتەوە بۆ مانگەکان کە بەسەر سەریەوە کەوتوونەتە سووڕانەوە» لەگەڵ مانگەکانمدا دەمێنمەوە... «وردە وردە ئەم و مانگەکان دیار نامێنن»

ڤێرا: «خۆی لکاندووە بە دینگەکەوە و ڕۆچۆتە ناخی خۆیەوە»

جگە لە با هیچیترم ناوێ، لەو زیاتر شتێکم بۆ نەماوە...

ئەی با بمبە...
قۆڵ بکە بە قۆڵمدا... دەستم بگرە و بمبە...
ڕەشێتی دارستانم دەوێ... ئەو ڕەنگە بیێتە برۆ
وەک سێبەرێکی بەئولفەت بەدەوری چاوەکانتا... خۆشەویستم
من ئاوم دەوێ:
شەپۆلی ئاو گۆڕانە...
وەک ئەوەی لەناو ئاودایە، ڕاڕابە
ئەی ساتەوەخت لە دەوروبەری بە،
وەکو چۆن هەنگاوەکانی ڕێ دەکەن، هەرچەند دەڕوا دەسووتێ
من ئاسمان دەخوازم...
ئومێدەوارم وەک ئەو شینێتییە بم لەو دایە. وەک فەنابوون لە شەفەقدا...
ئای بەو چاوانەت و...
ئەم بارانە بەخوڕە لە هەورە خەستەکانەوە دەڕژێ
بەفرمێسک تەڕم کەن، باراناویم کەن
تا غەرقبوون... هەورەکان

«سەرلەنوێ هەردوو ژوورەکە لەسەر شانۆ دەردەکەونەوە. یێرجی بەپێوە خۆی داوە بەسەر مێزی نووسینەکەدا و شووشەی حەبی لۆمینالەکەی بەدەستەوەیە»

ئێلینا: گێلێتییە لە تۆوە ئەگەر نەچیت. پاشان تۆ دەزانیت من چەند حەزم لە هێلکەیە.

کرۆتۆفا: سەبارەت بەوەی ئەمڕۆ بەگوێرەی کلیلەکان کردت پێت وا نەبێ بە ئاسانی لێت خۆش دەبین!

ئێلینا: «بەلێبووردنێکی ئامۆژگارییانەوە» لێت تووڕە دەبم ئەگەر نەڕۆیت. دەبێ ئەوەش بزانی کەتۆ بوویت کلیلەکانت برد نەک من، دەشبوایە لە دەمێکەوە کۆپییان بکەیت. دەزانم ئێستا دەڵێیت کە ئەم کارە ڕۆژانەییانە دەبێ من بیانکەم، بەڵام ئەگەرچی وەختی جەنگە خۆ خۆت دەتوانی هەندێ کار جێبەجێ بکەیت. هەڵبەت



دەزانم خەڵکێکی زۆر بەشێوەیەکی ترسناک دەگیرێن و چەندین کاری لەوەش ناڕەواتر دەکرێن، بەڵام چارت نییە. یەکێک هەڵە بکات دەبێ پەشیمانی دەربڕێ... منیش وابووم، کە منداڵ بووم پەشیمانیم لەهەندێ لەو هەڵانە نیشان دەدا کە کردبووم، بۆ نموونە دەچووم ماوەیەک لە سووچێکی ژوورەکەدا هەڵدەکورمام. ئای ئەگەر ئەو دیمەنەت دەبینی... مەگەر من ناچار نەبووم هەڵکورمێم؟! ئێستا تۆش پابەندی بەوەوە کە هێلکەمان بۆ بهێنیت... ئەوە بکە هەموو شتێ ئاسایی دەبێتەوە.

«یێرجی بەلای مێزەکەوە وەستاوە. هێمنانە هەندێ لە پەڕتووک و پەڕاوەکانی ڕێک دەخاتەوە، وەک بلێی ماڵئاوایی لە شمەکەکانی دەکات. پاشان پارچە قورساییەکە هەڵدەگرێ و دەیخاتە سەر شتومەکەکانی. ئاگای لە قسەکانی ئێلینا نەبووە، بەڵام ئێستا دیقەت لە ئێلینا دەدات»

کرۆتۆفا: «ماوەیەک بۆ فزوڵ لە ژووری یەکەم دەمێنێتەوە بەڵام لەپڕ دەچێت بۆ ژووری دووەم تا زۆر بە بایەخەوە بە کرۆتا ڕابگەیەنێ کە میوانەکە ڕۆییوە» میوانەکە ڕۆییوە!

ئێلینا: «لە دیقەتدانەکەی یێرجی بە ئاگا دەبێ» ها... چیتە؟!

کرۆتا: «بەسەرسوڕمانەوە» ڕۆییوە؟!

کرۆتۆفا: «شان ڕادەوەشێنێ» ڕۆییوە!

ئێلینا: «لەپڕ و بە سۆزێکی زۆرەوە» تۆ گێژوویژی، وەک پیاوچاکێ لەسەر چۆمێ ڕاوەستاوی. تۆ پیاوچاکی منی خۆشەویستەکەم. «ڕستەیەکی تەواوکەری دێت بەمێشکدا» کەواتە هێلکەم بۆ بێنە... هێلکەیەکم بۆ بێنە گێژوویژ!

«یێرجی چاو لەسەر ئێلینا هەڵدەگرێ و ڕوو لە ڕاڕەوەکە دەکات و شووشەی لۆمینالەکەش بەدەستییەوەیە»

کرۆتا: ئیتر کاتی هات. «هەڵدەستێتە سەر پێ و دەگەڕێ بۆ شتێ، شووشەی شەرابی سلیفوبتە دەدۆزێتەوە و قەپاغەکەی هەڵدەپچڕێ»

ئێلینا: بۆ کوێ دەچیت؟

یێرجی: سەرم دێشێ.
ئێلینا: دەتەوێ حەبێ هەڵدەیت؟
یێرجی: بەڵێ.
ئێلینا: تۆ کەریت! «بەرەو ئەو ڕا دەکات» مەگەر نازانیت کە نابێ خۆت ئالوودەی ئەو حەبانە بکەیت. باشتر وایە بچیت هەوایەکی پاکژ هەڵمژی. منیش بەهۆی تۆوە سەرم ژان دەکات... چاوەڕێم بکە! «یێرجی لەناو دەرگای ڕاڕەوەکەدا وەستاوە» منیش دێم لەگەڵتدا... نا... نایەم، دەبێ مەشق بکەم... دەی قەیناکات تا لای ئوتومبێلەکە لەگەڵتدا دێم، سەبرکە تا ئێلینا خۆی دەڕازێنێتەوە.
کرۆتا: «پێکێک بۆ خۆی دروست دەکات» دەی زاوا با بتبینین چیت هەیە کەشفی بکە «پێکەکەی بەیەک قم هەڵدەقوڕێنێ».
ئێلینا: چی جلکێ لەبەر بکەم؟
یێرجی: تکات لێ دەکەم خێراکە.
ئێلینا: «لەبەردەم دەرگا کراوەکەی کەنتۆرەکەدا وەستاوە» پێم مەڵێ پەلەکە، ئەگینا بالێیەکەم دێتەوە یاد... کامیانت دەوێ؟
یێرجی: شینە ئاسمانییەکە!
ئێلینا: نا... تکات لێ دەکەم بەو کراسەوە قەڵەو دەردەکەوم.
یێرجی: کەواتە سوورەکە؟
ئێلینا: سوور لە ڕۆژی یەکشەممەدا؟!
یێرجی: بلووز و تەنوورە لەبەرکە...
ئێلینا: «بەلوتفەوە گاڵتەی لەگەڵ دەکات» بوو... بوو... بوو!
کرۆتا: «سلافکا» تۆش دێیت لەگەڵمدا... باشە؟
ئێلینا: کە ئافرەت جل هەڵدەبژێرێ بۆ لەبەرکردن وەک نیمچە ئاهەنگێک وایە.
کرۆتۆفا: «بەخۆشییەوە» تۆ چۆنی بەباش دەزانی «بەبی»!
ئێلینا: من جلی جوانم نییە. «زەنگی تەلەفۆنەکە لێ دەدات»... جلی جوانم هەیە، بەڵام حەزم لە هیچیان نییە لەبەریان بکەم.
یێرجی: «تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ» نچاس قسە دەکات... بەڵێ... «بەخێرایی



تەماشایەکی ناو ژوورەکە دەکات».
ئێلینا: دەبێ مرۆڤ ئەو جلەی خۆش بوێ کە لەبەری دەکات...
یێرجی: بەڵێ تۆنیک. هەر ئێستا. «تەلەفۆنەکە دادەخات و ئاوڕ دەداتەوە بۆ ئێلینا» دەی با بڕۆین... ئا ئێستا و... ئیتر قسەش مەکە. «دەستی دەگرێ و بەرەو دەرگاکە پەلکێشی دەکات. ئێلینا ڕۆبێکی ناو ماڵی لەبەر دایە دوگمەکانی کراونەتەوە، دەترسێ و هەوڵ دەدات بەرگری بکات. لەم کاتەدا کرۆتا دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە و داوا لە کرۆتۆفا دەکات پێشی بکەوێ»
ئێلینا: «یێرجی ڕای دەکێشێ» ئەوە چیتە، شێت بووی؟! نابینی ڕووتم؟!
یێرجی: هیچ قسە مەکە!
کرۆتۆفا: «لەناو دەرگاکەدا وەستاوە و ئەو دیمەنە دەبینێ، پاشان هاوار دەکات» بەبی! ئەوە لێی دەدات! «کرۆتا بەپەلە خۆی دەکات بەژوورەکەدا و هەوڵ دەدات ئێلینا لە دەستی یێرجی ڕزگار بکات»
یێرجی: «پەلی ئێلینای گرتووە. پارچە قورسایییەکەی سەر مێزەکە هەڵدەگرێ و لەڕووی کرۆتادا بەهەڕەشەوە بەرزی دەکاتەوە» ئێلینا ژنی خۆمە و لەگەڵمدا دێت! «پاڵێ بەئێلیناوە دەنێ و قورسایییەکەش بەهەڕەشەوە ڕادەوەشێنێ. کرۆتا دەترسێ و دەکشێتەوە، بەڵام کرۆتۆفا وەستاوە و پاڵی داوەتەوە بەو دەرگایەوە کە دەچێتەوە سەر ڕاڕەوەکە. یێرجی هەنگاو بە هەنگاو لێی دەچێتە پێشەوە و قورسایییەکەیشی پێیە، کاتژمێرەکان یەک لە دوای یەک دەکەونە زەنگ لێدان... کاتژمێر نۆیە...»... «یێرجی لەگەڵ کرۆتۆفایەتی: لاچۆ لەبەر دەممدا!
کرۆتۆفا: «هیستریای گرتووە» دەی ڕای وەشێنە... دایکی ژنەکەت بکوژە!
یێرجی: ڕێگەم بەردە!
کرۆتۆفا: خۆت بە چی دەزانی؟ هەر کاتێ بتەوێ دەتوانی دەرگای لەسەر دابخەیت! پێت وایە دەتوانی پەلکێشی بکەیت بۆ هەر جێیە خۆت دەتەوێ؟ نا، ڕێت نادەم بۆ هیچ جێیەکی ببەیت. ئەو هی تۆ نییە، هی تۆ نییە، هی تۆ نییە! «کاتژمێر نۆ لێ دەدات»

## نمایشەخەونی چوارەم

«هەردوو ژوورەکە دیار نامێنن. دەنگی لێدانی کاتژمێرەکان دەگۆڕدرێن بۆ ژاوەژاوی بەرزی زەنگی کەڵێسایی. دوو پیاوەکە بەدرێژایی شانۆکەدا بەرەو قووڵایی دەڕۆن. یێرجی بە نیگەرانییەوە تەماشایان دەکات و بانگیان دەکات»

یێرجی: بۆ کوێ دەچن؟!

پیاوی یەکەم: بۆ چیا.

یێرجی: «خەریکە گوێی خۆی دابخات» ئەم ژاوەژاوە چییە؟!

پیاوی دووەم: ئەوە ئینزارە پادشا! مەگەر نابینی چیمان بۆ ئامادە دەکەن؟
«لە لای ڕاستی شانۆکەوە سێدارەیەک دەردەکەوێ»

کرۆتۆفا: «لە دوورەوە» وەرن منداڵینە! «کرۆتۆفا و کرۆتا و ئێلینا لە سێدارەکە دەچنە پێشەوە. کرۆتا و ژنەکەی مێز و کورسییان هەڵگرتووە و ئێلیناش کاتژمێرێکی بەچاڵمەی پێیە» مرۆڤی دروست لە هەر کوێ بێ خۆی وا دەگونجێنێ هەروەکو لە ماڵی خۆیدا بێت...
«مێزەکە دادەنێن و پاشان کورسییەکانی لە پێشدا دادەنێن.»
ئێلینا... ئالی کاتژمێرەکە... «ئێلینا کاتژمێرەکە بەقەدی سێدارەکەوە هەڵدەواسێ. هەر سێکیان لەسەر سێ کورسی لەوانەی هێناویانە دادەنیشن و یەکێک بەبەتاڵی دەمێنێتەوە»

پیاوی یەکەم: «لە دوورەوە» ژمارەمان کەم دەکات... پادشا پێویستمان بە تۆیە!

یێرجی: «بێ ئومێدانە» مادەم ئێلینا لێرەیە، کەواتە ئێرە شوێنی منە.
«تەماشای ئێلینا دەکات» ئەو هێشتا لێرەیە. ئەو هی منە.

کرۆتا: «پاش ئەوەی هەر سێکیان دادەنیشن» یێرجی... یێرجی، دیسانەوە یێرجی! ئەم کابرایە هەرگیز لە کاتی خۆیدا نایەت دانیشێ...

کرۆتۆفا: «بەسۆزی دایکایەتییەوە» ئێلینا، بائێمە قاوەڵتی بکەین.
هەموو دونیا هێلکەیەکە
گشتی زەردێنەیە...



حەزی لەناو گەدەی تۆیە!

ئێلینا: هەست دەکەم برسیمە!

کرۆتۆفا: بەڵام بێز لە خواردنەکە مەکەرەوە!

ئێلینا: «یێرجی دەبینێ» یای...! لەوێوە! «هەڵدەستێتە سەر پێ» یێرجی!

یێرجی: ئێلینا! «دەیەوێ بچێتە لای. لەم کاتەدا دەنگی زەنگەکان نامێنن و، ئەفسەرەکە لەلای ئەو دیوارەوە کە سێدارەکەی لێیە دێتە پێشەوە و تەماشای ئێلینا دەکات کە بەپێوەیە»

ئەفسەرەکە: ئەی پشیلەکە! «ئێلینا ئەفسەرەکە دەبینێ، دیقەتی دەداتێ و، لە ترسا سڕ دەبێ. کرۆتا و کرۆتۆفا ئاگایان لە هیچ نییە و بێ دەنگانە خەریکی نانخواردنی خۆیانن. ئەفسەرەکە بەغەمزە و لێوردبوونەوەوە قسە دەکات» تۆ بۆ منی... دەتوانم ئەوی بەمەوێ پێتی بکەم. بەڵام من، ئەی پشیلەکە ڕەهایی دەخوازم: «پێستەکەت بۆ غەیرە دروست کراوە... ئەوی هی غەیرەیە، بۆ غەیرەی جێ دەهێڵێن... پەیکەرەئێسکەکەشت هی غەیرەیە... ئەوی هی غەیرەیە، بۆ غەیرەی جێ دەهێڵێن...». «لەپڕ کورسییە بەتاڵەکە دەبینێ، بەتووڕەییەوە ئاماژەی بۆ دەکات» ئەو کورسییە بۆ بەتاڵە؟ «ئاوڕ دەداتەوە بۆ کرۆتۆفا» ئافرەت! «کرۆتۆفا ئێستا ئەفسەرەکە دەبینێ، هەڵدەستێ و لەبەر دەمیدا ڕەق دەبێ» کێ نەهاتووە؟ «کرۆتۆفا قسەی بۆ ناکرێ... ئەفسەرەکە ئاوڕ دەداتەوە بۆ کرۆتا کە تاکوو ئێستاش بێ دەنگانە خەریکی نانخواردنە» هێی سەرهەنگ؟ «کرۆتا هەڵدەستێ و لە حاڵەتی ئامادەباشیدا لەبەردەم ئەفسەرەکەدا دەوەستێ» کێ نەهاتووە؟

کرۆتا: ئەو گەورەم، یێرجی!

ئەفسەرەکە: «دەسووڕێتەوە و دەقیژێنێ» یێرجی! «یێرجی خاوەخاو دەچێتە بەردەم ئەفسەرەکە، ئەویش لێی ورد دەبێتەوە، وەک بڵێی بیەوێ بێتەوە یادی». ئەمە تۆ ئەو کەسە نیت کە بەکۆت و زنجیرەوە پەلکێش دەکرێی؟

یێرجی: «سەر ڕادەوەشێنێ» نەخێر!

ئەفسەرەکە: کەواتە تۆ مردوویت؟
یێرجی: «سەر ڕادەوەشێنێ» نەخێر!
ئەفسەرەکە: «ئاماژە بۆ کورسییە بەتاڵەکە دەکات» دانیشە... ئەوە جێی تۆیە!
یێرجی: «سەر ڕادەوەشێنێ» نەخێر!
ئەفسەرەکە: «بەنەرمییەوە» لە ڕاستیدا... ئەوە تەنها شتێکە موڵکی تۆیە.
یێرجی: من هیچ شتێکم نییە.
ئەفسەرەکە: مەملەکەتەکەت.
یێرجی: من موڵکم نییە، ئەی ئەوانەی هەموو دنیا موڵکتانە. من ئازادم! هیچم نییە غەیری ئارەزوو... «بەرقێکی ئێجگار زۆرەوە» ئارەزووی ئەوەی هەرچەند بتبینم بتکوژم. «لەهەمان ئەو ڕێیەوە دەچێتە دەرەوە کە پێشتر دوو پیاوەکە لێوەی ڕۆیین»
ئەفسەرەکە: بوەستە... بۆ کوێ دەڕۆی؟
یێرجی: «ئاوڕی بۆ دەداتەوە» بۆ چیا.
ئەفسەرەکە: لەدەستم هەڵنایەیت.
یێرجی: ڕاناکەم... بەڵکو دەچم بەشوێنتا دەگەڕێم.
«سێدارەکە و ئەفسەرەکە دیارنامێنن. یێرجی دەجوڵێ... ڤێرا چاوەڕێی دەکات. وەستاوە و تەماشای ئەم دەکات، بەڵام یێرجی نایبینێ»
ڤێرا: ئەوەتام لێرەم... چاوەڕێی تۆ دەکەم! «یێرجی دەیبینێ، چەند هەنگاوێ لێی دوور دەکەوێتەوە» بەردەوام بە سەرکەوە... دوای سێ سەعات دەگەیتە ماڵی پاسەوانی دارستانەکە. لەوێوە ڕێیەک دەبینیتەوە بەلای چەپدا. نزیکەی سەعاتێکی دیکەش بڕۆ دەگەیتە عەمبارەکانی قاوە. لەوێ بنکەیەکی پاسەوانی دەدۆزیتەوە.
یێرجی: ئەدی تۆ؟!
ڤێرا: دەبێ لەوەش دوورتر بڕۆم!
یێرجی: سوپاس ڤێرا... بڕۆ خواحافیزت بێ. «ئاوڕ دەداتەوە و ڕوو لە بەرزایی دەکات»



ڤێرا: «بۆ ماوەیەکی زۆر لەدووی دەڕوانێ. پاشان تا بەر ئەژنۆ بۆی دەچەمێتەوە» یێرجی... لێم ببورە... یێرجی!
یێرجی: «دەوەستێ و جارێکی دیکە و بۆ دواجار لەو جێیە دەڕوانێ کە ئێلینای لێ وەستابوو... واتە لە دیواری سێدارەکە» ئێلینا... ماسییە قەشەنگەکەم...
ئەی خۆشەویستییە بەد و تەنهاکەم... لێم ببورە
«تا بەر ئەژنۆ بۆی دەچەمێتەوە»

## 21

«جارێکی تر دوو ژوورەکە دەردەکەونەوە. لێدانی زەنگی کاتژمێرەکان وردەوردە خاو دەبنەوە تا لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا بەیەکجاری نامێنێ و بێ دەنگی باڵ دەکێشێ»
کرۆتا: «کە ئێستا هاتۆتەوە هۆش خۆی» کێ شتی وای دیوە؟ گوایە هەڕەشەمان لێ دەکەیت؟
یێرجی: گەردنم ئازادکەن!...
ئێلینا: بەتەواوەتی شێت بوویت.
یێرجی: تکاتان لێ دەکەم... هەمووتان لێم ببوورن. «ئاوڕ دەداتەوە و بەرەو دەرگاکە دەڕوا»
کرۆتۆفا: ناکرێ لێی ببورین... ئەمە کۆتاییە.
کرۆتا: بوەستە...! «یێرجی لەناو دەرگاکەدا دەوەستێ و ئاوڕ دەداتەوە» تۆ بێ حەد مەسەلەکە سادە دەکەیتەوە. چییە... لێم ببوورن... گەردنم ئازادکەن...! من گوێ بەهەستی جەنابتان نادەم، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە مافی خۆمە. بۆیە بۆ دواجار داوات لێ دەکەم هەرئێستا کلیلەکانم بدەرەوە!
«یێرجی بێ دەنگانە دەست دەبات کلیلەکان لە گیرفانی دەردەهێنێ و دەیاندات بەکرۆتا و، بەخێرایی دەچێتە دەرەوە»
ئێلینا: یەکشەممەیەکی سەخیف بوو.
کرۆتا: «بەفەخرێکی زۆرەوە کە سەرکەوتنێکی چاوەڕوانەنەکراوی بەدەست

هێناوه، کلیلەکانی بەدەستەوه گرتووه» بینیتان؟ ئەمەتان بینی؟
ئێلینا: ئەی پاش ئەمە؟
کروّتا: چۆن؟ گوایە نازانن ئەمە مانای چییە؟ نازانن ئەمە خۆبەدەستەوەدانە؟ کلیلەکان مانایان لە کلیل زیاترە... دەڵێم: ئێمە ئەمڕۆ جەنگێکی مەزنمان بردەوە!

## کورتەیەک لە ژیاننامەی کۆندێرا

میلان کۆندێرا ساڵی ١٩٢٩ لە «برنۆ» لەدایکبووە. ساڵی ١٩٤٧ پەیوەندی کردووە بە حزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلۆفاکیاوە. ساڵی ١٩٥٠ لەو حزبە دەرکراوە. ساڵی ١٩٥٦ جارێکی تر وەریانگرتۆتەوە. ساڵی ١٩٧٠ دیسان دەرکراوەتەوە. ساڵی ١٩٦٩ لەسەر کار لادرا کە ئەو کاتە مامۆستای قوتابخانەی میللی فیلمی پراگ بوو. لە دەورانی پیادەکردنی سیاسەتی «ئاساییکردنەوە»دا، لێپرسراوان بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەجۆرێکی زۆر دژوار دژایەتییان دەکردو، ژیانیان لێ تاڵ کردبوو... ساڵی ١٩٧٥ کە زانکۆی «رین» پێشنیاریان بۆ کرد لای ئەوان ببێتە مامۆستا، ئیتر لەو کاتەوە لەگەڵ «ڤێرا»ی هاوسەریدا چوونە فەرەنسا و لەوێ نیشتەجێ بوون.

یەکەمین ڕۆمانی کە ناوی «گاڵتە کردن» بوو، ساڵی ١٩٦٧ چاپکراوە و، خوێنەری زۆری هەبووە و، بە بەڵگەنامەیەکی سەرەکی دەربارەی «بەهاری پراگ» لەقەڵەم دراوە.

لە دەورانی ئاساییکردنەوەدا نووسینەکانی کۆندێرا قەدەغە کران، بۆیە ناچار بوو نووسینەکانی بێ ئەوەی بەزمانی خۆی چاپ ببن، بیباندانە وەرگێڕان.

بەرلەوەی چیکۆسلۆفاکیا جێبهێڵێت و بچێتە فەرەنسا، کۆندێرا دوو ڕۆمانی دیکەشی نووسیوە. یەکەمیان بە نێوی «ئاهەنگی ماڵئاوایی»، دووەمیشیان بەناوی «ژیان لە شوێنێکی دیکەیە» کە لە ساڵی ١٩٧٣دا خەڵاتی «میدس»ی بۆ باشترین ڕۆمانی بیانی پێ بەخشرا.

کۆندێرا دەربارەی بەجێهێشتنی وڵات گوتوویەتی: ئەو کەسانەی لە ساڵی ١٩٦٨دا ویستیان وڵات بەجێبهێڵن یەکسەر کۆچیان کرد. بەڵام من ئەو دەمە لە ڕیزی ئەو کەسانە بووم کە نەیاندەویست نیشتمان جێبهێڵن، چونکە لەو بڕوایەدا بووم کە نووسەر لە خاکی دایکیدا نەبێت ناتوانێت لە جێیەکی دیکە بژی.

# چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس

(١) هەڵکەوتی دیریکی لە کوردستاندا. دانانی: حوسێن حوزنی موکریانی.
(٢) سەروا. دانانی: د. عەزیز گەردی.
(٣) ژنی کورد بەستەم دەورە دراوە. دانانی: د. کوردستان موکریانی.
(٤) الحرب الكردية وإنشقاق ١٩٦٤.تأليف: ديڤيد ادامسن وجرجيس فتح الله.
(٥) رحلة الى رجال شجعان في كردستان. تأليف: دانا ادامز شمدت. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٦) جمهورية مهاباد ـ جمهورية ١٩٤٦ الكردية. تأليف: وليم ايغلتن الابن. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٧) كردستان أو الموت. تأليف: رينيه موريس. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٨) كرد وترك وعرب. تأليف: سي.جي. ادموندز. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٩) طريق في كردستان. تأليف: أي.ام. هاملتن. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(١٠) ئەدەبی رووسی و کێشەی پاستیرناک. دانانی: د. مارف خەزنەدار.
(١١) لە پێناوی راستی و کورد و خانیدا. دانانی: محەممەدی مەلا کەریم.
(١٢) کۆچی سوور. رۆمانی: حەمە کەریم عارف.
(١٣) مساهمة علماء كردستان في الثقافة الاسلامية. تأليف: محمد زكي حسين.
(١٤) لە کوردستانی عێراقەوە هەتا ئەوبەری چۆمی ئاراس. نووسینی: مورتەزا زەربەخت. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شەوکەت شێخ یەزدین.
(١٥) فەرهەنگی کوردستان. دانانی: گیوی موکریانی.
(١٦) خاک و کێشەی مان. رۆمان: عەزیزی مەلای رەش.
(١٧) امارة بهدينان الكردية. تأليف: صديق الدملوجي. تقديم: د. عبدالفتاح علي بوتاني.
(١٨) المجتمع البشري لماذا يشبه مستشفى المجانين...؟. تأليف: مسعود محمد.
(١٩) جوایەز. بەرهەمی نۆ شاعیری هەولێری.
(٢٠) نەخشەی رۆنانی رێژەی کار لە زمانی کوردیدا. ئەندازیار د. شێرکۆ بابان.
(٢١) زریزەی زێڕین. دانانی: محەممەد ساڵح ئیبراهیمی.
(٢٢) شێخ رەزای تاڵەبانی شاعیری گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. دانانی: ئەحمەد تاقانە.
(٢٣) خۆبیوون و شۆڕشی ئاگری. دانانی: رۆهات ئالاکۆم. وەرگێڕانی: شوکور مستەفا.
(٢٤) عەبدورەزاق بەدرخان. دانانی: جەلیلێ جەلیل. گۆڕینی بۆ کوردی باشوور: شوکور مستەفا.
(٢٥) القومية الكردية و د. عبدالله جودت في مطلع القرن العشرين. تأليف: مالميسانژ. ترجمة: شكور مصطفى.
(٢٦) کۆمەڵناسیی گەلی کورد. دانانی: مارتن ڤان بروویین سن. وەرگێڕانی: شوکور مستەفا.
(٢٧) هەڵبژاردنەکانی کوردستان. دانانی: بەدران ئەحمەد.
(٢٨) تنوع الكرد في العراق ـ مدخل الي السياسة. تاليف: سامي شورش.
(٢٩) هەڵەبجە ـ کارەساتی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨. دانانی: هەورامان عەلی توفیق.



(٣٠) گاڵتە بەچەک. رۆمان ـ نووسینی: جێمس ئۆڵدرج. وەرگێڕانی: د. عەزیز گەردی.
(٣١) لە مۆرکە تایبەتییەکانی رێزمانی کوردی. دانانی: د. شێرکۆ بابان.
(٣٢) بەرەو رێزمانی کوردی، بەرەو زمانی نووسین. دانانی: د. شێرکۆ بابان.
(٣٣) نادرنامەی ئەڵماس خانی کەڵهوڕ. ئامادەکردنی: شوکور مستەفا.
(٣٤) نظام الأناضول الشرقية. تاليف: اسماعيل بيشكچي. ترجمة: شكور مصطفى.
(٣٥) سینتاکسی رستەی کوردی. د. کوردستان موکریانی.
(٣٦) فەرهەنگی شارەزوور. کوردی– ئینگلیزی. دانانی: د. شەفیق قەزاز.
(٣٧) الصراعات الدولية. تأليف: محمد احسان رمضان.
(٣٨) مەلا مەحموودی بایەزیدی یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد. دانانی: د. فەرهاد پیربال.
(٣٩) گێتی زیندەوەر. دانانی: عەلائەدین سەجادی.
(٤٠) مێژووی پەخشانی کوردی. دانانی: عەلائەدین سەجادی.
(٤١) دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی. ئامادەکردنی: شوکور مستەفا.
(٤٢) كردستان ودوامة الحرب. تأليف: محمد احسان رمضان.
(٤٣) رۆمانی رێگا. دانانی: محەممەد مەولوود مەم.
(٤٤) مقالات حول القضية الكردية. تأليف: فوزي الأتروشي.
(٤٥) حياتي الكردية أو صرخة الشعب الكردي. مذكرات: نورالدين زازا.
(٤٦) بۆ کوردستان. دیوان: هەژار موکریانی.
(٤٧) جنوب كردستان في الدراسات الانثروبولوجية. ترجمة: جرجس فتح الله.
(٤٨) مهد البشرية او الحياة في شرق كردستان. تأليف: دبليو. أي . ويگرام وادگار. تي. أي. ويگرام. ترجمة: جرجيس فتح الله.
(٤٩) مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيدالله النهري. تأليف: جرجس فتح الله.
(٥٠) أيامي في ثورة كردستان. مذكرات: يونان هرمز.
(٥١) لقاء الكرد واللان في بلاد الباب وشروان. تأليف: جمال رشيد.
(٥٢) ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە ساڵێکدا– چالاکییەکانی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٠دا و پلانەکانی بۆ داهاتوو.
(٥٣) کۆڤاری رووناکی. ئامادەکردن و پێشەکی: د. کوردستان موکریانی.
(٥٤) مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی یەکەم. دانانی: د. مارف خەزنەدار.
(٥٥) شازادە چکۆلە. رۆمانی مێرمندالان. نووسینی: سەنت ئێگزوپێری. وەرگێڕانی: ئاسۆ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.
(٥٦) حەمکێ توڤی. دانانی: د. مەسعود کتانی.
(٥٧) حەیران. دانانی: غەفوور مەخمووری
(٥٨) گەشتێک بە کۆماری مەهابادا. بیرەوەری: رەئیس بەکر عەبدولکەریم حەوێزی.
(٥٩) نظام الأناضول الشرقية.الجزء الثاني. تاليف: اسماعيل بيشيكچي. ترجمة: شكور مصطفى.
(٦٠) فەرهاد و شیرین. شانۆنامە: نازم حیکمەت. و. لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە.

(٦١) تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد. دانانی: ئەحمەد تاقانە.
(٦٢) گەریان ل بابێ بەرزە. رۆمان: ئەنوەر محەممەد تاهیر.
(٦٣) بەرصیصێ عابید. فەقییێ تەیران. بلاوکردنەوەی: عەبدولڕەقیب یوسف.
(٦٤) احداث عاصرتها. ذكريات محسن دزه يي.
(٦٥) پەروین و دوو سمۆرەی بەدفەڕ. چیرۆک بۆ منداڵان. یوسف عەبدولقادر.
(٦٦) کۆمەڵە مشکێک. چیرۆک بۆ منداڵان. یوسف عەبدولقادر.
(٦٧) رجال و وقائع. جرجيس فتح الله.
(٦٨) الابستاه – كتاب ڤنديداد الزرادشتية. نقله من الفرنسية:الدكتور دواد الچلبي. تقديم جرجيس فتح الله.
(٦٩) بەشێک لە دیوانی مەجزووب: کۆکردنەوە و لێکدانەوەی حەکیم مەلا ساڵح.
(٧٠) گەلاوێژی کوردستان (کەلیلە و دیمنە بەکوردی). وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حاجی مەلا کەریمی زەنگەنە. پێشەکی: د. محەممەد نووری عارف.
(٧١) مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٧ ، دانانی: د. فەرهاد پیربال.
(٧٢) درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا. دانانی: حەمە کەریم هەورامی.
(٧٣) شێخ رەزای تاڵەبانی. ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕی و شیعری. دانانی: د. مکرم تاڵەبانی.
(٧٤) مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باطینییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشوقدا. دانانی: ئەحمەدی مەلا.
(٧٥) مەولەوی: ژیان و بەرهەمی. محەممەدی مەلا کەریم.
(٧٦) رحلة الى كردستان في بلاد مابين النهرين. ترجمة: د. يوسف حبي.
(٧٧) گۆرانییبێژە نەمرەکان. دانانی: باکوری.
(٧٨) رەشید نەجیب: ژیانی و بەرهەمی. ئومێد ئاشنا.
(٧٩) رۆژژمێری رۆمی. دانانی: ئەحمەد تاقانە.
(٨٠) الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى. ج٢ . عبدالرقيب يوسف.
(٨١) مأساة بارزان المظلومة. بقلم: معروف چياووك. تقديم: سامي شورش.
(٨٢) كردستان والكورد. الحركة القومية والزعامة السياسية. إدريس بارزاني... نموذجاً. سامي شورش.
(٨٣) بارزانی: لە مەهابادەوە بۆ ئاراس. وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین.
(٨٤) الكاتب الكردي قدري جان (١٩١١-١٩٧٢) قصص ومقالات، شعر وترجمة. جمع واعداد: دلاور زنگي. ترجمة: هورامي يزدي، دلاور زنگي.
(٨٥) ئەشکی باوان: بەرهەمی بلاونەکراوەی کامەران موکری.
(٨٦) پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی. بەرگی یەکەم. ئومێد ئاشنا.
(٨٧) پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی. بەرگی دووەم. ئومێد ئاشنا.
(٨٨) مەحوی. بەشێک لە بابەتەکانی فیستیڤاڵی مەحوی. هەولێر ٢٨-٣٠ ئاب ٢٠٠١ ژمارەیەک لێکۆڵەوە و نووسەران.
(٨٩) نێرییەکی قۆچ درێژ. چیرۆک بۆ منداڵان. نووسینی: حاجی مەمۆ.
(٩٠) کەڵەشێر و ڕێوییە پیرەکە. چیرۆک بۆ منداڵان. وەرگێڕانی: عەزیز هەریری.



(٩١) گرینگترین قەڵەم. چیرۆک بۆ منداڵان. وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب.
(٩٢) میر ئیڤان و گورگە بۆر. چیرۆک بۆ منداڵان. وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب.
(٩٣) چیرۆکی ئەستێرەکان. چیرۆک بۆ منداڵان. وەرگێڕانی: ناز فەلەکەدین کاکەیی.